(( لەساڵانی هەشتاکاندا لە کۆنگرەیەکدا کە بەبۆنەی مەولودنامەوە لە وڵاتی پاکستان بەڕێوەچوو ئامادەبووم کە ئەوکات سەرۆک کۆماری پاکستان(ضیاء الحق) بوو، لە وتارەکەیدا وتی: یەکەم شار لە دنیادا کە بۆ یەکەم جار لە یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)ئاهەنگی گێڕاوە، شاری هەولێرە کە شارێکی عێراقیە..))

# هەولێر جیهانی ئیسلامی فێرکرد

## یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)بکاتەوە

دکتۆر محەمەد شەریف*

تایبەت بۆ گوڵانی نوێ



ئەمرۆ هەموو جیهانی ئیسلامی بۆنەی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) ئاهەنگ دەگێڕێت، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەم یادکردنەوەیە لە کاتی خۆیدا نەکراوە، بەڵام وەك لە کتێبە مێژووییەکاندا باسکراوە، شاری هەولێر یەکەم شار بووە کە لەم یادە پیرۆزەدا ئاهەنگی گێڕاوە کە ئەویش لەسەردەمی سوڵتان موزەفەر بووە، هەندێ کەس دەڵێن سوڵتان موزەفەر زیاتر بەوە کاریگەر بووە کە کریستیانەکانی عەنکاوە لە بۆنەی سەری ساڵی زاینی و یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحیدا یادیان کردۆتەوەو ئاهەنگیان گێڕاوە، هەر بۆیە سوڵتان موزەفەریش وتویەتی ئەی بۆ ئێمەش یادی ڕۆژی لەدایکبوونی محەمەد(د.خ) نەکەینەوەو ئاهەنگ بگێڕین و بەرزو پیرۆزی رابگرین، هەر لەو کاتەوە ئەمە بڵاوبۆتەوە، نەك تەنیا لە هەولێر بەڵکو ئێستا لە هەموو دنیا بەتایبەتی لەوڵاتانی ئیسلامیدا ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، هەروەها من لەساڵانی هەشتاکاندا لە کۆنگرەیەکدا کە بەبۆنەی مەولود لە وڵاتی پاکستان بەڕێوەچوو ئامادەبووم کە ئەوکات سەرۆك کۆماری پاکستان(ضیاء الحق) بوو لە وتارەکەیدا وتی: یەکەم شار لە دنیادا کە بۆ یەکەم جار ئاهەنگی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)گێڕاوە شاری هەولێرە کە شارێك عێراقیە.

یادکردنەوەو ئاهەنگ گێڕان لەم بۆنە پیرۆزەدا فەرز یان واجب یان سونەتێکی ئایینی نییە، بەڵکو ئەمە مەسەلەی هەست و وەفایە بەرامبەر ئەو زاتە پیرۆزەی کە ئەم ئایین و پەیامەی لە خواوە وەرگرتووە و بۆ مرۆڤایەتی بڵاوی کردەوە، دیارە میللەتی کوردیش کە هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە ئەم ئایینەی بە سینگ فراوانییەوە وەرگرتووە، ئەوا ئەم یادکردنەوەیەش کە یەکەمجار لە شارێکی کوردستان یادی کردۆتەوە، نیشانەی وەفای کوردە بۆ ئەو زاتە گەورەیەو ئەو ئایینە پیرۆزە کە ئایینی ئیسلامە.

لێرەدا ئێمە کە زیاتر باس لە یادەوەریی لە دایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) دەکەین ئەوە زیاتر پێویستمان بەوەیە بزانین پێغەمبەر(د.خ) چی بۆ خەڵك کردووە، کە وای لێهاتووە بە یەکەم و گەورەترین کەسایەتیی مرۆڤایەتی و دنیا دابنرێت، بۆهەڵوەستە کردن لەسەر ئەم لایەنە پێش هەموو شت دەبێت تەماشای ئەو پەیامە بکەین کە پێغەمبەر(د.خ) بە ئێمەی گەیاندووە، خوای گەورە چۆن لە قورئاندا وەسفی پێغەمبەر



دەكات، بێگومان پەروەردگار لە قورئاندا دەفەرموێت(بالمؤمنين رؤوف رحيم) ئەوە هەر بۆ موسڵمانان و بۆ هەموو دنیاش هەر رەحمەتە كە دەفەرموێت(وما ارسلناك الا رحمة للعالمين) واتا پێغەمبەر(د.خ) تۆ بۆ هەموو دنیاش رەحمەتی، لێرەدا ئاماژە بە دوو سێ خاڵ دەكەین بەزەیی و رەحمەتەكەی لەوەدا بوو نەیدەویست باری میللەتەكەی گران بكات بە حەڵاڵ و حەرام، حەرامیش ئەوەیە كە بە دەقێكی یەكلاكەرەوە حەرام كرابێت و ئەوی دیكە هەمووی حەڵاڵە، چونكە خوای گەورە فەرموویەتی(خلق لكم ما في الارض جميعا ) نەك هەر كەسێك بە ویستی خۆی بڵێ ئەوە حەرامە یان ئەوە حەڵاڵە، ئەوانەی حەرامن چەند شتێكن لە قورئانی پیرۆزدا دیاریكراون (قل لا أجد في ما أوحي إلي محرما على طاعم يطعمه إلا أن يكون ميتة أو دما مسفوحا أو لحم خنزير فإنه رجس أو فسقا أهل لغير الله به) مەبەست لێرە ئەوەیە بێجگە لەمانە ئەوی دی مرۆڤی موسڵمان بۆی هەیە بیخوات و حەڵاڵە، بۆیە ئەوەی حەڵاڵە زۆر زیاترە لە حەرامەكان و بگرە هەر لەگەڵیدا بەراورد ناكرێت، هەروەها یەكێكی دیكە لە پەیامە پیرۆزەكانی بریتیە لە (وما جعل عليكم في الدين من حرج) واتە ئەو ئایینە نەیهێشتووە مرۆڤ تووشی حەرەج بیت و هەموو رێگاكانی ئاسان كردووە، بۆیە پێغەمبەر(د.خ) لە بارەی مامەڵەكردن لەگەڵ شت فەرموویەتی(یسر و لا تعسر)، بەڵام لە مامەڵە كردن لەگەڵ مرۆڤ لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (الله يدعو الى دار السلام) واتە تەنیا لە حاڵەتی بەرگری كردن لە خۆت نەبێت بۆت نییە پەنا بۆ چەك بەریت، چونكە بنەمای ئیسلام لەسەر ئاشتی بونیاتنراوە نەك شەڕ.

هەروەها یەكێك لە دروشمەكانی پێغەمبەر(د.خ) بریتی بوو لە (ربي زدني علما ) واتە سنوورێكی بۆ دەست خستنی زانست دانەناوە، بۆیە جێی خۆیەتی نەك تەنیا ئیسلام بەڵكو جیهان بە گشتی خۆشی خۆی بۆیادی لەدایكبوونی ئەم زاتە دەربڕێت و ئاهەنگی بۆ بگێڕێت.

هەر سەبارەت بەم یادە كەسانێك هەن دەڵێن ئەمە بیدعەیەو لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) نەبووە، ئێمە دەڵێین نەخێر وا نییە، چونكە پێغەمبەر(د.خ) هەموو شتێكی بە كراوەیی بۆ هێشتووینەتەوە، ئەمڕۆ كە ئێمە كۆدەبینەوە دەڵێین ئەم یادە لە دنیادا بووەو رۆژێكی دیارە، شاری هەولێریش شانازی بەوەوە دەكات كە بەر لە هەموو شارەكانی دیكەی وڵاتانی ئیسلامی یادی ئەم رۆژەی كردۆتەوە ئەمەش رەنگدانەوەی هەستی میللەتەكەیەو هەستیان بەوە كردووە كە پێغەمبەرو رێنماییەكانی هۆكارێك بوون بۆ پێشكەوتن و رەوشتیان و هەموو ئەو لایەنە شارستانییەتەكانیان كە ئێستا باسی سەرچاوەی هەموو پێشكەوتنێك بووە، بۆیە مافی خۆمانە خۆشمان بوێ و یادی رۆژی لە دایكبوونی بكەینەوە، بەڵام نابێ لە سنووری ئەوە دەرنەچێت كە هەر وەك خۆی فەرموویەتی(قل إنما انا بشر مثلكم) ئەمەش گەورەیی پێغەمبەر(د.خ) دەردەخات كە مرۆڤەو فریشتە نییە بەڵكو لەلایەن خواوە وەحی بۆ هاتووە، بەڵام بەداخەوە هەندێك لە كاتی خوێندنەوەی مەولوددا ئەو سنوورانە دەبەزێنن.

ئێمە كە یادی مەولودی پێغەمبەر (د.خ) دەكەینەوە مافی خۆمانە پەیامێك بنێرین بۆ ئەو نەتەوانەی كە موسڵمان و دراوسێی ئێمەن و بەیەكەوە ئیسلاممان بووژاندۆتەوە بەتایبەتی فارس و تورك، چونكە عەرەب هەر زوو لە سەردەمی ئەمەوییەكانەوە وازی لێ هێنا و ئیسلام بە مانای كەلتوورو زانست كەوتە سەر شانی كورد و فارس و تورك بۆیە دەبینین زانا گەورەكانی ئیسلام لەم سێ نەتەوەیە هەڵكەوتوون، هەر ئەمانیشن كە بەرگرییان لێی كرد و سوپاكەش هەر لە ئەمان بووە، بۆیە كورد مافی خۆیەتی و پێیان بڵێین: ئێمە لە ماوەی هەزار ساڵ ئەم ئایینەمان سەرخست و بووژاندمانەوە و بەرگریمان لێی كرد، ئێستا كە بارودۆخی جیهان گۆڕاوەو هەموو نەتەوەكان بوونە خاوەن كیانی خۆیان بۆچی ئێمەتان بێ كیان هێشتۆتەوە، ئەگەر پێشتر ئیسلامێك هەبووبێت و باڵی بەسەر هەموو جیهاندا كێشابێت و یەك دەوڵەتی سەرتاسەری ئیسلامی هەبێت، بەڵكو ئێستا چەندین دەوڵەتی نوێ دروست بوون و هەر یەكەیان لەژێر چەترێكی تایبەت بەخۆی دەژێت و بەشێوەیەك یادی ئەم رۆژە پیرۆزە دەكاتەوە، بۆچی ئێمەتان بێ چەتر هێشتۆتەوە، چونكە هەر خۆیشیان عەرەب و تورك و فارس هۆكاری ئەوە بوون، دەبێ ئەوەیان بە چاودا بدەینەوە كە لەسەر یەك رێگا بووین و تێیان بگەیەنین كە پشتیان لە ئێمە كردو مافی ئێمەشیان خوارد. بۆیە زۆر گرنگە ئێمە جەخت لەسەر لایەنی ئەخلاقی بكەینەوە نەك تەنیا یادی ئەو رۆژە بكەینەوە.



دکتۆر فابریس بەلانش
(سەرۆکی گرووپی توێژینەوەی فەرەنسی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بۆ گوڵان:

# من چەندین جار سەردانی کوردستانی عێراقم کردووە و بێ هیچ دوودڵییەک دەڵێم: ئەم هەرێمە دەتوانێت ببێت بە مۆدێلێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**دکتۆر فابریس بەلانش، بەڕێوەبەری گشتی گرووپی توێژینەوەی فەرەنسی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تایبەتمەند لە جوگرافیای سیاسی هەمان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکێکە لەو تایبەتمەندانەی کە بەرهەمهێنانەکانی لەسەر دنیای عەرەبی بەگشتی و وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی و لەئێستاشدا لەسەر کوردستان بەتایبەتیتر جێگای رامان و پرسیار و گفتوگۆن، تێزەکانی دکتۆر بەلانش لەسەر سیاسەت و جوگرافیای سیاسی ڕۆژهەڵات بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەشێکی گرنگ لە ڕۆشنبیرانی عەرەب و فارس و تورکی نیگەران کردووە، یەکێک لە کارە هەرە جوانەکانی بریتیە لەو ئەتڵەسەی کە لەسەر جوگرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوی کردەوە، ئێمە پێمان خۆشبوو لەنزیکەوە دوور لە هەر «جەدەلێکی بێسوود» دیالۆگێکی رووبەڕووی لەگەڵدا بکەین و ڕووناکی بخەینە سەر بۆچوونەکانی لەسەر گۆڕانکارییەکانی جیهانی عەرەبی، پرسی ئایین و سیاسەت لە نێو جوگرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتدا، هەروەها لۆکالیزەکردنی پێگەی کورد لەنێو هاوکێشەکاندا، بایەخی تێزەکانی دکتۆر بەلانش لەسەر جیهانی کوردی لەوەدایە کە ئەو بەشێک نییە لە مێژووی ململانێ ناوەکیە کوردییەکان و تا ئاستێکی بەرز دەکرێت وەک بابەتی لەگەڵ بۆچوونەکانیدا مامەڵە بکەین، هاوکارمان د.عادل باخەوان لە شاری لیۆن لە فەرەنسا بەمجۆرە وتوویژی لەگەڵ کردووە.**

**گوڵان:** پێمخۆشە سەرەتا بۆچوونی ئێوە لەسەرگۆڕانە تازەکانی جیهانی عەرەبی-ئیسلامی بزانم، وەك ئێوە سۆراختان کردووە و دەزانن لە چەندین وڵاتی عەرەبیدا شتێك لە شۆڕش، راپەڕین، هەستانەوە روویداوە، ئێوە «یەکێتی» نێوان ئەم ئەزموونە شۆڕشگێڕانە لەچیدا و چۆن دەبینن؟

**فابریس بەلانش:** راستە هەر یەکێك لەم چەمکانە بەکارهاتوون، بە چەمکی «بەهاری عەرەبیشەوە»، بەڵام ئایا ئەمە هەمان ئەو بەهارەیە کە لەساڵی ١٨٤٨ دا زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکانی گرتەوە؟ ئەمە هەمان ئەو گۆڕانکاریەیە کە بەسەر وڵاتانی ئەوروپادا هات و دواتر رۆشنبیران ناویان نا بەهاری ئەوروپی؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئایا هەمان ئەو دیموکراسیەی کە بەهاری ئەوروپی لەگەڵ خۆیدا دروستی کرد، لە جیهانی عەرەبیشدا دروست دەبێت؟ یاخود ئەوەی کە لە جیهانی عەرەبیدا روودەدات تەنیا لابردنی دەسەڵاتێکی گەندەڵەو جێگرتنەوەیەتی بەدەسەڵاتێکی دیکە کە هێشتا پەتای گەندەڵی لێی نەداوە چونکە لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بووە؟

گومانی تیادانییە کە بەهاری عەرەبی و بزووتنەوی سەوزی ئێرانی پێکەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە گەشەکردنێکی سۆسیۆلۆژی گەورە لەئارادایە: نەوەیەکی پەروەردەکراو، دەرکەوتنی بەهێزی ژن لە رووبەرە گشتیەکاندا، کرانەوە بەسەر دنیای دەرەوەدا بەتایبەتی لەڕێگای میدیاکان و ئەنتەرنێتەوە، خواستی گۆڕان و پشتکردنە دۆخی دەقگرتوو، هەموو ئەمانە دەمانبەنەوە سەر ئەو گەشە سۆسیۆلۆژیەی کە ئاماژەم پێدا.

من پێموایە کە کۆی وڵاتانی عەرەبی- ئیسلامی لەنێو ئەو چوارچێوەیەدان کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ناوی دەنێن «کۆمەڵگەی ئیفلیج» و هەر یەکێك لەم کۆمەڵگانە ئەویدیکەیان بەدوایخۆیدا رادەکێشێت، واتە پێوەندیەکی نیوە ئۆتۆماتیکی لەنێوانیاندا هەیە، دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتانەداو لەڕێگای داهاتی نەوتەوە دێت و نەك هەر چاکسازییەکان دوادەخات، بەڵکو جەماوەری تووڕە بێدەنگ دەکات و بە هێزی پارە ئەو شتە دەکرێت کە پێی دەوترێت «ئاشتی کۆمەڵایەتی»، دەکرێت لێرەدا هەردوو وڵاتی سعودیە و جەزائیر وەك نموونەیەکی زیندوو وەربگرین، ئەو سیاسەتی «گەشەکردنە»ی کە پاش سەربەخۆیی هەر یەکێك لەم دوو وڵاتە خرایە کار، خۆی لەخۆیدا وەك ئامانج کاری لەگەڵدا نەکراوە، بەڵکو وەك کەرەسەی بەهێزکردنی رژێم و چینی دەسەڵاتدار مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، مۆدێرنیتێ لەم وڵاتانەدا زیاتر کارتۆنیە تا هەرشتێکی دیکە، هەر ئەمەشە کە دەمانباتەوە سەر شکستی ناسر لە میسر و شکستی بەعس لە عێراق و سوریادا، لەم وڵاتانەدا دووانەی نەوت/ داپلۆسین بەشداری کردووە لە درێژکردنەوەی تەمەنی رژێمەکاندا و بە سنووری بەرزبوونەوەی ئاستی ئەم دووانەیەش نادادی کۆمەڵایەتی بەرزبوەتەوەو مەودای نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان فراوان بووە..

**دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێو پرۆسێسی عەلمانیەتێکی راستەقینەدان**

**ئەوەندەی من تێگەیشتبم، نەوەی نوێی کوردی کەمتر بایەخ بەو هەڕەشە ناوچەییانە دەدات کە لەسەر هەرێمی کوردستانەو زیاتر پێداگیری لەسەر پێداویستیەکانی ئێستاو ئێرەیی دەکات، نەوەی نوێ هێندە بەدوای «بەرخۆری» فراواندا دەگەڕێت، نیو هێندە بەتەنگ ئاسایشی نیشتمانی و قەیرانە گەورەکان و کۆسپە زەبەلاحەکانی ڕێگای سەختی دەوڵەتی کوردییەوە نییەو ئەمەش دەبێت ببێتە سەرچاوەی نیگەرانی**



**پێموایە عێراق لەدڕانەوە بۆ دڕان دەڕوات و لە کۆنتێکستێکی ئاواشدا زۆر سەختە بۆ کوردەکان بتوانن بە ئارامی بژین و ئاسایشی نیشتمانەکەیان بپارێزن، گەربێت و لەگەڵ عێراقێکی لەم جۆرەدا بمێننەوە، بێگومان گەر جیا نەبنەوە لەکۆتاییدا دەبن بە بەشێک لە دڕانەکان**

من پێموایە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی راپەڕینی گەلانی عەرەبی پێوەندی بەو قەیرانە ئابووریەوە هەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا سەری هەڵداو تەواوی جیهانی گرتەوە، بەهۆی ئەم قەیرانەوە نرخی بەرمیلێک نەوت لە ١٥٠ دۆلارەوە بۆ ٤٠ دۆلار دابەزی و ئەمەش بوو بەهۆی لەرزینی ئەو هاوسەنگیەی کە لە وڵاتانی عەرەبیدا بەرقەراربوو، لەهەلومەرجێکی ئاوادابوو کە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بڕیاریاندا کە رووبەری پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا بەرتەسک بکەنەوە و لێرەوەش هەزاران خاوەنکاری عەرەبییان خستە سەر جادەکان و بەبێ کار و بێ مووچە مانەوە، هەر یەکێك لەم بێکار و بێ مووچانە بوون بە بۆمبی تەوقیتکراو دواتر بە شۆڕش یان بەهاری عەرەبی ناوزەدە دەکرێت، لەگەڵ تەقینەوەی راپەڕینەکانیشدا، ئەلجەزیرەو قەتەر بەچەندین رێگای جیاواز هاتنە سەر خەت و بوون بە پاڵپشتی یەکەمی برایانی موسوڵمان لە تونس و میسردا، کاتێك کە قەرزاوی لە بەرنامەی «شەریعەت و ژیاندا»و لەسەر کەناڵی ئەلجەزیرە دەڵێت: کاروانی شۆڕشی عەرەبی گەیشتوەتە بەر دەرگای دیمەشق و نابێت سووریا لەدەرەوەی مێژوودا بێت! ئەمە وەك راگەیاندنی جەنگی راستەوخۆی قەتەر دژ بە رژێمەکەی بەشار ئەسەد وەرگیراو مامەڵەی لەگەڵدا کرا..

راپەڕینە عەرەبیەکان چەند گوزارشتن لە شکستی سیاسی و ئابووری رژێمە عەرەبیەکان هێندەش گوزارشتن لە خواستی هەژموونگەرای قەتەر و سعودیە و ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لەلایەن ئەم دوو هێزەوە، رۆژئاوا لەسەرەتاوە هاوڕێیەتی ئەم راپەڕینانەی کردو وایدەزانی کە گەیشتنە سەر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن چارەسەرێکی گرنگە بۆ سەقامگیرکردنی دنیای عەرەبی، رۆژئاوا پێیوابوو برایانی موسوڵمان وەك هێزێکی بەدیل، کە لۆبییەکی گەورەیان لە ئەمریکا و ئەوروپادا هەیە، دەتوانن بەم کارە هەستن، برایانی موسوڵمان خۆیان وەك هێزێکی لیبرال پێناسە دەکەن و دەڵێن کە جۆرێکی تایبەت لە عەلمانیەتیان قبووڵە، بەڵام ماسکەکان خێرا کەوتن، ئەوروپا رووبەڕووی سەرسوڕمانێکی فراوان بووەو تووشی جۆرێك لە شڵەژانی توندبوو، عەرەبی سعودیە



دەستپێشخەری کرد و لەرێگای هەزاران ملیار دۆلارەوە دەستیوەردایە کاروباری میسرەوەو کۆتایی بە دەسەڵاتی برایانی موسوڵمان هێنا، لەکۆتاییدا پرسی جیۆپۆلیتیك یارییەکەی بردەوە و کۆتایی بە خەونی دیموکراسی هێنا: لیبیا، میسر، سوریا، بەحرەین، یەمەن پێکەوە دیموکراسیان کوشت، گەر تروسکەیەك مابێت ئەوە تەنیا لە تونسدایە و بەس!

**گوڵان:** جۆرێك لە رەشبینی تەواو بە وەڵامەکەتانەوە دیاردە! هەست بەوە دەکەم کە گەڕانێك بەدوای جەوهەرێکی هەمیشەییدا هەیە، وەك ئەوەی کە بتانەوێت دنیای عەرەبی بەجۆرێك لە کولتورێکی تایبەتەوە بنووسێنن، کولتورێک کە مەحکومی دەکات بە مانەوەی هەمیشەیی لە چوارچێوەیەکدا، هەرچەند ئەوەندەی من ئێوە بناسم و پێکەوە دیالۆگمان کردبێت، پێموانییە مەبەستی ئێوە گەڕانەوەبێت بۆ ئەم تێزە، لێرەوە پێمخۆشە بزانم ئێوە باس لە چ مۆدێلێکی سیاسی بۆ دنیای عەرەبی دەکەن؟

**فابریس بەلانش:** من پێموانییە کە مۆدێلێکی تایبەت (دیموکراسی، دیکتاتۆری، تۆتالیتاریسم، پاشایەتی، جمهوریەت) لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە ئیسلامیانەدا بگونجێت و مۆدێلێکی دیکە نەگونجێت، بەڵام پێموایە نزیکی و دووری لە هەریەکێك لەم مۆدێلانەوە پەیوەستە بە ئاستی دووری و نزیکی کۆمەڵگەکان لە ئایینەوە، بۆنمونە ئێمە دەتوانین کۆمەڵگەیەکمان هەبێت کە خاوەنی کولتوری ئیسلامی یان مەسیحی بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا «عەلمانیەت» وەک سیستەمی سیاسی پیادە بکات، لەو کۆمەڵگایانەدا کە جەماوەر بەشێوەیەکی چڕ پابەندن بە ئایینەوە، لە زۆربەی گریمانەکاندا دەسەڵاتی سیاسی دەبێت بە هەڵگری سروشتێکی سوڵتەوی، جا ئیتر پاشایەتی بێت یان کۆماری، برایانی موسوڵمان باس لە رژێمی کۆماری دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا رژێمی کۆماری لای ئەوان تەنها قۆناغێکە بۆ گەشتن بە سیستەمی خیلافەت، لە وڵاتێکدا کە ئایین هەژموون بەسەر کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەکات باشترین رژێم پاشایەتیە، چونکە پادشا دەبێت بە ئەمیری ئیماندارەکان و شەرعیەت لە خواوە وەردەگرێت نەك لە کۆمەڵگەوە، کاتێك ئەم پادشایە بانگەشەی ئەوەدەکات کە خانەوادەکەی دەچێتەوە سەر پێغەمبەر و

**من پێموایە کە کۆی وڵاتانی عەرەبی- ئیسلامی لەنێو ئەو چوارچێوەیەدان کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ناوی دەنێن «کۆمەڵگەی ئیفلیج» و هەر یەکێک لەم کۆمەڵگانە ئەویدیکەیان بەدوای خۆیدا رادەکێشێت**

**ڕاپەڕینە عەرەبییەکان چەند گوزارشتن لە شکستی سیاسی و ئابووری ڕژێمە عەرەبییەکان هێندەش گوزارشتن لە خواستی هەژموونگەرای قەتەرو سعودیەو ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لەلایەن ئەم دوو هێزەوە**

**لەو کۆمەڵگایانەدا کە جەماوەر بەشێوەیەکی چڕ پابەندن بە ئایینەوە، لە زۆربەی گریمانەکاندا دەسەڵاتی سیاسی دەبێت بە هەڵگری سروشتێکی سوڵتەوی، جا ئیتر پاشایەتی بێت یان کۆماری، برایانی موسوڵمان باس لە ڕژێمی کۆماری دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ڕژێمی کۆماری لای ئەوان تەنیا قۆناغێکە بۆ گەشتن بە سیستەمی خیلافەت**

شەرعیەت لەم ئەسڵەوە وەردەگرێت ئیدی خۆی لە هەمووو گەردەلولەکان دەپارێزێت: بۆنموونە پادشا لە مەغریب و ئوردون نەکەوتنە بەر شاڵاوەکانەوەو توانییان جۆرێک لە بەردەوامی بۆخۆیان دابین بکەن، سیستەمی پاشایەتی لەڕێگای بەردەوامی و ئاسایش و جێگیرییەوە دەتوانێت جۆرێک لە پەڕینەوە بۆ دیموکراسی نەرم دابینبکات، بەپێچەوانەی ڕژێمی کۆمارییەوە کە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی شەرعیەتی ئاییندایە، هەر ئەمەشە وادەکات کە مەغریبی پادشا زیاتر لە دیموکراسیەوە نزیک بێت تا جەزائیری سەرۆك کۆمار..

**گوڵان:** کەواتە ئێوەش وەك بەشێکی گرنگ لەتایبەتمەندەکان، مێژووی ململانێکان لە جیهانی ئیسلامدا دەبەستنەوە بە ئایینەوەو پێتانوایە پێوەندی نێوان فاکتە سیاسییەکان و فاکتە ئایینیەکان داهاتووی جیهانی ئیسلامی یەکلایی دەکاتەوە، بەدیوێکی دیکەدا پرسیاری ئێوە پێش هەمووو شتێك لەسەر سکۆلاریزاسیۆنە..

**فابریس بەلانش:** بەڵێ، من بەپێچەوانەی ئەوانەی کە پێیانوایە جیهانی ئیسلام ئیستیسنایە، پێموایە ئەم جیهانە دەتوانێت پێ بنێتە نێو سکۆلاریزاسیۆنەوە، هەرچەند پێشموایە لە ئێستا و ئێرەدا کۆمەڵگە عەرەبیەکان زیاتر چاویان لەسەر مۆدێلی وڵاتانی کەنداوە تا هەر شوێنێکی دیکە، ئەمەش لەبەر ئەو سەرکەوتنە ئابووریانەی کە بەدەستیان هێناوە، ئێوە باش دەزانن کە ئەو بەهایانەی کە سعودیە، قەتەر، ئیمارات دەبەن بەڕێوە زۆر دوورن لە سکۆلاریزاسیۆنەوە، بێگومان کۆمەڵگە ئیسلامیەکان چەند لە مۆدێلی کەنداو نزیک ببنەوە هێندەش لە عەلمانیەت و عەلمەنە دووردەکەونەوە، بێهودەنییە کە لەئێستا و ئێرەدا پاشەکشەیەك لە پرۆسێسی بە عەلمانیکردنی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان، کە سەدەیەک لەمەو پێش دەستیپێکردبوو، لە ئارادایە، لەبری «سکۆلاریزاسیۆن» کۆمەڵگە ئیسلامیەکان سەرلەنوێ پێیان ناوەتەوە نێو «ئیسلامیزاسیۆن»ەوە، لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە بەهاری عەرەبی پێش هەموو شتێك بەهاری ئیسلامیستەکانە، بەڵام من دڵنیام لەوەی کە بزووتنەوە ئیسلامیستەکان لەکۆتاییدا یارییەکە نابەنەوە!

**گوڵان:** ئەوان گەر لەسەر ئاستی سیاسیش یاریەکە نەبەنەوە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دەمێکە یاریەکەیان بردوەتەوە، ئێستا لەهەر کاتێك زیاتر کۆمەڵگەکان بە بەها ئایینیەکان شەحنکراونەتەوە، بەڵام پێمخۆشە بزانم ئێوە، وەك تایبەتمەندێکی جیهانی باسکراو، چۆن لەنێو ئەم هەموو هاوکێشە ئاڵۆزانەدا لۆکالیزەی پێگەی کوردە دەکەن؟ ئێوەیەك کە لەدەرەوەی کێڵگەکەن چۆن یارییە کوردییەکان دەبینن؟

**فابریس بەلانش:** من چەندین جار سەردانی کوردستانی عێراقم کردوە و چەندین داتام لەسەر ئەم هەرێمە کۆکردوەتەوە، بێ هیچ دوودڵیەك دەڵێم: کوردستانی عێراق دەتوانێت ببێت بە مۆدێلێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم هەرێمەدا دەزگاکانی حکومەت لەنێو پرۆسێسی عەلمانیەتێکی ڕاستەقینەدان، چەندین مەزهەب و ئایین پێکەوە دەژین (موسوڵمان، مەسیحی، ئێزیدی)، لەکاتێکدا لە عێراقی عەرەبەکاندا یەکتر قەتڵوعام دەکەن، ڕاستە کۆمەڵگەی کوردی موحافیزکارە، بەڵام ئێمە تێبینی لێبوردەییەکی فراوان سەبارەت بە کەمینەکان دەکەین، گەشەکردن و فراوان و ڕووبەری میدیای ئازادو سەربەخۆ بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر ئازادی سیاسی لەم هەرێمەدا، هەڵبژاردنەکان بەشێوەی ڕێکخراو و بەردەوام دووبارە دەبنەوەو ئەنجام دەدرێن، بێگومان دەتوانین چەندین ڕەخنە ئاڕاستەی دیاردەی تەزویر و مەحسوبیەت بکەین، بەڵام لەبیرمان نەچێت کە دیموکراسی پێویستی بە کاتەو هەرێمی کوردستانی عێراقیش تەنها تەمەنی بیست ساڵە!

**گوڵان:** گوزارشتێکی فەرەنسی هەیە و دەڵێت: شەیتان لەنێو تەفاسیلەکاندایە! دەکرێت لە جێگایەکی دیکەدا ئەم مۆدێلەی کە ئێوە باسی لێوەدەکەن بخەینە بەر دەیبەیتەوە بۆئەوەی بزانین ئێوە باس لە واقعیی دەکەن یان مۆدێلێك کە دەکرێت واقیعی کوردی لەسەر دروست بکرێت، ئەوەی من دەمەوێت زانینی بۆچوونی ئێوەیە لەسەر جیۆپۆلیتیکی کورد لەنێوان تورکیا و ئێران و سوریا و عێراقدا، ئێوە چۆن دەڕواننە ڕووبەری مانۆڕی کوردی لەنێوان ئەم وڵاتانەدا؟

**فابریس بەلانش:** یەکێك لە شانسەکانی کورد بریتییە لەوەی کە دەتوانن سوودمەندبن لەو جیاوازیە بێ سنوورانەی کە لە نێوان ئێران و تورکیا و سوریا و عێراقدا هەیە، چەند ئەوان ناکۆک بن هێندەش ڕووبەری مانۆڕ بەسەر کوردەکاندا دەکرێتەوە، بەریەککەوتنی هەردوو میحوەری ئێرانی و سعودی لەبەرژەوەندی کوردەکاندایە، لە سوریادا کوردەکان ژیرانە توانییان خۆیان بەدووربگرن لە ململانێی توندی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا و لێرەوەش پرۆژەی ئۆتۆنۆمی خۆیان بەرەوپێشەوە برد، لێرەوە چەند «ئینسیجامی» نیشتمانی کوردەکان پتەو بێت هێندەش دەتوانن ناکۆکی وڵاتانی دراوسێ بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن..

لە عێراقدا هەڵوێستی کوردەکان یەکجار گرنگە، بێلایەن بوونیان لەنێوان ململانێی شیعەکان و سونەکاندا وای لێکردوون کە نرخێکی یەکجار گەورەو بەرز بخەنە سەر لایەنگریان، ئەمە وایان لێدەکات کە بەئاسانی بتوانن لەنێوان هەردوو جەمسەرەکەدا یارییبکەن و هەردوولایان بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاربێنن، لەکاتێکدا عێراق وەك لاپەڕە دەدڕێت، کوردستان وەک دەوڵەت دروست دەبێت، بەڵام ئەم دەوڵەتە پێوسیتی بە پشتیوانی دەرەکی هەیە، بۆیە نزیکبوونەوەی کوردستانی عێراق لە پەیمانی ناتۆ وەك شانسێکی مێژوویی لەقەڵەم دەدرێت..

**گوڵان:** ئێوە یەکێکن لەو توێژەرانەی کە بەردەوام سەردانی کوردستانی عێراق دەکەن و لەڕێگای کاری مەیدانیەوە چاودێریی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن، تاچەند باوەڕتان بە گریمانەی داڕاشتنەوەی ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر




مۆدێلی تورکی هەیە؟ تاچەند باوەڕتان بە گریمانەی «تورکیزەکردنی» کۆمەڵگەی کوردی هەیە؟

**فابریس بەلانش:** گومانی تیادانییە کە کوردستانی عێراق راستەوخۆ لەژێر کارایی ئابووری تورکیدایە، بەڵام ئایا ئەمە یەکسانە بەوەی کە مۆدێلی تورکی هەژموونی خۆی دەسەپێنێت؟ زیاتر لە سەدەیەك کوردەکان لەژێر هەژموونی عوسمانیەکاندا بوون و ئێستاش گەورەترین بەشی کوردستان لە تورکیادایە و کاریگەری تورکیش بەسەر کوردستانی عێراقەوە سەرلەنوێ چالاک کراوەتەوە و چەند کوردستان لە دنیای عەرەبی دووربکەوێتەوە هێندەش لە دنیای تورکی نزیک دەبێتەوە، بەڵام لەئاستێکی دیکەدا دەتوانم بڵێم مۆدێلی ژیان لە کوردستاندا زیاتر لە مۆدێلی وڵاتانی کەنداو دەکات تا هەر شوێنێکی دیکە: واتە بەرخۆی فراوان لەژێر کارایی داهاتی نەوتدا.

هەروەها جیاوازی نێوان ئەو نەوەیەی کە هەرێمی کوردستانیان دامەزراند لەگەڵ نەوەی نوێی ئێستادا لە هەموو رووبەرێکدا دیارە، ئەوەندەی من تێگەیشتبم نەوەی نوێی کوردی کەمتر بایەخ بەو هەڕەشە ناوچەییانە دەدات کە لەسەر هەرێمی کوردستانە و زیاتر پێداگری لەسەر پێداویستیەکانی ئێستا و ئێرەی دەکات، نەوەی نوێ هێندە بەدوای «بەرخۆری» فراواندا دەگەڕێت، نیو هێندە بەتەنگ ئاسایشی نیشتمانی و قەیرانە گەورەکان و کۆسپە زەبەلاحەکانی رێگای سەختی دەوڵەتی کوردییەوە نییە و ئەمەش دەبێت ببێت بەسەرچاوەی نیگەرانی، لەبیرمان نەچێت کە کوردستان تائێستاش بەشێکە لەو عێراقەی کە خراپترین زۆنە لە جیهاندا.

**گوڵان:** بێگومان ئیشکالیەتی نەوەی نوێی کورد زۆر ئاڵۆزە و دەکرێت چەند کاتژمێرێک دیالۆگی لەسەر بکەین، ئێوە باستان لە عێراق کرد، پێمخۆشە بزانم ئێویەك کە بەشێك نین لە مێژووی کێشەکان و لە نزیکەوە چاودێری هاوکێشەکە دەکەن، چۆن لەپێوەندی نێوان هەولێر و بەغداد دەڕوانن؟ پێتانوایە کە پێکەوەژیانی نێوان کورد و عەرەب تائێستاش مومکینە؟

**فابریس بەلانش:** زۆر سەختە، پێموایە پێکەوەژیان زۆر سەختە، چونکە ئەو عێراقەی کە دەمانناسی کۆتایی پێهات، باشووری عێراق لە ٢٠٠٣وە تائێستا ناوچەیەکی ناجێگیرە و جەنگی ناوخۆ لەنێوان هێزەکاندا بەردەوامە، عەرەبی سوننە تائێستاش هەژموونی شیعەیان قبوڵ نییە و لە بەرەنگاری بەردەوامدان، وڵاتانی کەنداو بە پارە و چەک و سیاسەت پشتیوانی لە عەرەبی سوننە دەکەن و دژایەتی هەژموونی شیعە دەکەن، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی درێژەپێدانی تراژیدیای عێراق، من پێموایە عێراق لەدڕانەوە بۆ دڕان دەڕوات و لە کۆنتێکستێکی ئاواشدا زۆر سەختە بۆ کوردەکان بتوانن بە ئارامی بژین و ئاسایشی نیشتمانەکەیان بپارێزن گەرێت و لەگەڵ عێراقێکی لەم جۆرەدا بمێننەوە، بێگومان گەر جیا نەبنەوە لەکۆتاییدا دەبن بە بەشێك لە دڕانەکان..

د.رۆژ نوری شاوەیس
جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ گوڵان:

# بارودۆخی ئێستای عێراق قورس و مەترسیدارە، چەند لە هەڵبژاردنیش نزیک بینەوە زیاتر پرۆسەی سیاسی بەرەو ئیفلیجبوون دەچێت

## پرۆگرامی حکومەتی بنکە فراوان بۆچوونی هاوبەشە و دەبێت لەسەر پێکهاتەی حکومەت رێکبکەوین ئەمەش پێویستی بە کاتە بەڵام کاتەکە کراوە نییە

بارودۆخی ئێستای عێراق رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت، هیچ سیاسەتمەدار و چاودێرێکی سیاسیی پێشبینی ئایندەیەکی رۆشن بۆ ئەم وڵاتە ناکەن، بۆیە ئەگەر عێراق وەک وڵاتێک لە قۆناخی وەرچەرخان وەسفی بکەین، ئەوا وەرچەرخانی ئێستای عێراق ئەو وەرچەرخانە نییە کە بەرەو دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵکو وەرچەرخانە بەرەو تەنگژەی زیاتر و بەرەو ئاراستەی شەڕێکی خوێناوی مەزهەبی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەم بارودۆخە وایکردووە دەرگای هەموو ئەگەرەکان واڵابن و هەموو ئەگەرێک چاوەڕێ بکرێت، لەنێو ئەم دۆخە ئاڵۆزەدا هەرێمی کوردستان کە تارادەیەکی زۆر ئارامی و سەقامگیری خۆی پاراستووە و پرۆسەی پەرەپێدان تیایدا بەردەوامە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا ئەم هەرێمەش بەشێکە لەم وڵاتە ئاڵۆزە، ئەوا بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەرهاویشتەی ئەم بارودۆخە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی چەندین کێشەی



گرنگیش لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی عێراق بوونیان هەیە و پێویستە لە چارەسەرکردنیان پەلەی تێدا بکرێت، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش، ئێستا کوردستان لە قۆناخی پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەتە و هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خواستی ئەوەیان پیشانداوە کە بەشداری لەم کابینەیە تازەیە بکەن و حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دابمەزرێنن، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی عێراق بەگشتی و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و پرۆسەی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و ئەندامی شاندی دانوستاندنی پارتی بۆ پیکهێنانی کابینەی نوێ لە بەغدا کرد و وتووێژێکی فراوانمان لەگەڵ ئەنجامدا و ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی د.رۆژ نوری شاوەیسە لەگەڵ گۆڤاری گوڵان.

گوڵان ــ بەغدا

**نابێت مەسەلەی تیرۆر و داخوازی برایانی سوننە تێکەڵ بکرێت، واتە مەسەلەی تیرۆر مەسەلەیەکە و مەسەلەی داخوازی برایانی سوننە مەسەلەیەکی دیکەیە، بۆیە پێویستە ئەم دوو پرسە لەیەکتری جیابکرێنەوە**

*** ئەمڕۆ عێراق بە بارودۆخێکی زۆر ناسک و هەستیاردا تێدەپەڕێت و بارودۆخی پارێزگای ئەنباریش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هاووڵاتیان بە کۆمەڵ شارەکە بەجێبهێڵن، هەروەها بەشێکی زۆریش کە ژمارەیان لە سەرووی ١٣ هەزار کەســە روویان کردۆتە هەولێر، ئایا ئەم بارودۆخە بــەرەو کوێ دەچێت و بــەڕای ئێوە چۆن ئەم بارودۆخە هێــور دەکرێتەوە؟ یان ئایا ئــەم بارودۆخە لە کۆنترۆڵ دەرچووە بەرەو خراپتر دەچێت؟**

- بارودۆخی ئێســتای عێراق بەڕاســتی بارودۆخێکی قورس و زەحمەتە، پێویســتی بە چارەســەرێکی خێراو بنەڕەتی هەیە، لەم کێشــەیەدا ئەوەی گرنگە پێویستە دوو پرس لەیەکتــری جیابکەینــەوە، یەکەمیان ئەوەیە ئەو شەڕەی ئێســتا لە پارێزگای ئەنبار بەڕێوەدەچێت بەشێوەیەکی سەرەکی شەڕی دژە تیرۆرە و شەڕە لە دژی تیرۆریســـتان، ئەوجا لە پەنا و لە پشت ئەم شەڕەوە چی دەکرێت و چی رووەدات ئەوە مەســـەلەیەکی دیکەیە، بــەڵام بۆ ئەوەی وڵاتەکە بە هەرێمی کوردستانیشــەوە بتوانێــت بە شــێوەیەکی ڕێژیی ســەقامگیربێت، ئەوا دەبێت کێشــەی تیرۆر و تیرۆریستان چارەسەر بکرێت، لــەم چوارچێوەیەشــدا بێگومان پارێــزگای ئەنباریش بەشــێکە لە عێراق و ناوەندێکی گەورەی تیرۆریستانە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئاماژەش بەو راستیە بکەین کە ناکرێت بەناوی شــەڕی دژە تیرۆرەوە دەســتدرێژی بکەیتــە ســەر مافی خەڵکــی دیکە، بۆیــە ئەگەر حاڵەتێکــی لەو جۆرە هەبێت کە ئێوە لە پرســیارەکەتان ئاماژەتان پێکردووە، بێگومان ئەمە حاڵەتێکی ترسناکە و نابێت شــتی لەو جۆرە رووبدات، لەبــەر ئەوەی ئەو هێزانەی عێراق کە شەڕی دژە تیرۆر دەکەن، دەیانەوێت عێراقێکــی دیموکراتی و فیدراڵی بێتــە ئاراوە، ڕێز لە دەســتوور بگیرێت و وڵاتەکە بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوا دەبێت ئەم هێزە لەو کاتەی کە شەڕی دژە تیرۆر دەکات، لە هەمان کاتدا دەبێت چاودێری هەموو مافەکانی تەواوی پێکهاتەکانی عێراقیش بکات، هەر بۆیە کاتێك باســی هەردوو پارێزگای ئەنبار و موسڵ دەکەین، بەو حوکمەی زۆرینەی عەرەبی ســوننە لەو دوو شارەدان، ئەوا دەبێت جیاکارییەك لە نێوان شــەڕی دژە تیــرۆر و داخوازیی برایانی عەرەبی ســوننە بکەین، دەبێ ئەوەشــمان لەیاد بێت کە ژمارەیەکی بەرچاو لە عەرەبی سوننە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لەگەڵ لایەنەکانی کورد و شــیعە لە پرۆسەی سیاسیی و حکومەتەکان بەشداربوون، بۆیە دەبێت هەردوو لایەنی کورد و شیعە پشتی ئەو خەڵکانەی سوننە بگرن کە بەشداربوون لە پرۆسەی بونیاتنانەوەی عێراقی نوێ، نەك بە بیانووی جیاواز پەراوێز بخرێن یان دوور بخرێنەوە، بۆیە پێویستە ئەمانە زیاتر بەشداریان پێ بکرێت و وەك هاوبەشێکی راستەقینە لە پرۆسەی سیاسیدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێــت، بۆ ئەوەی ئەوانیش لەنێو کۆمەڵگە و پێکهاتەی عەرەبی سوننە پێگەیەکی بەهێزیان هەبێت و بتوانن رۆڵێکی ئەرێنیی باشتر بگێڕن.

*** لــەم بارودۆخەدا زۆربەی چاودێران پێشــبینی ئەوە دەکەن، ئەگەر زوو ئەم بارودۆخە کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا بەرەو شــەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی دەچێت، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم شاڵاوە کە بەناوی شەڕی دژە تیرۆر بەڕێوەدەچێت، پێکهاتەی عەرەبی سوننەی عێراق وای دەبینن کە مەبەســتی سەرەکیی عەرەبی سوننەیە نەك تیرۆریستان، ئەگەر ئەم هەستە لای عەرەبی سوننە بەو جۆرە هەبێت کە سوپای عێراق هێرش دەکاتە سەریان، ئایا ئایندەی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- ئەمە مەترســییە ســەرەکییەکەیە، وەك لە پرسیاری پێشــتریش ئاماژەم پێ کرد نابێت مەســەلەی تیرۆر و داخوازی برایانی ســوننە تێکەڵ بکرێت، ئەمەش واتە مەسەلەی تیرۆر مەســەلەیەکە و مەسەلەی داخوازی برایانی سوننە مەسەلەیەکی دیکەیە، بۆیە پێویستە ئەم دوو پرسە لەیەکتری جیابکرێنەوە، لەبەر ئەوەی عەرەبی ســوننە کۆمەڵێك داواکاری شــەرعی هەیە، ئەوجا ئەو داواکارییانەی کە لەگەڵ دەستووری عێراقدا دەگونجێت دەبێت بۆیان جێبەجێ بکرێت، ئەو عەرەبە سوننانەشــی کە بەشــداریی لە پرۆسەی سیاســیی عێراقدا دەکەن دەبێــت ڕێزیان بگیرێت و پشــتگیرییان لــێ بکرێت و لەناو کۆمەڵگەی خۆیان پێگەیان بەهێز بکرێت، ئەگەر بەم شــێوەیە رەفتار نەکەین ئەوا چارەســەری کێشەکە ناکرێت و زیاتر ئاڵۆز دەبێت، من هەتا ئێســتا بەو ئاستە رەشبین نیم، بەڵام بە دووری نازانم ئەم ئاراستەیە بەرەو شەڕێکی ناوخۆیی خوێناویمان ببات کە عێراق نەتوانێت بەسەلامەتی لێی دەرباز بێت.

*** لە ئێســتادا پرۆسەی سیاســیی عێراق جۆرێك لە ئیفلیجی بەخۆوە دەبینێــت، هەروەها لە ناو ئیئتلافی شــیعەش جۆرە ناتەباییەك هەیــە، ئەمە بێجگە لەوەی حکومەت کۆمەڵێك کێشــەی لەگــەڵ کورد و عەرەبی سوننە هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم حکومەتە لەبری ئەوەی کێشــەکان چارەسەربکات، هێندەی دیکە ئاڵۆزیــان دەکات، ئایا بۆچی لەبری ئەوەی کێشــەکان چارەسەربکات، کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات؟**

-من پێموایە هەقە ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەوان بکەیت، ئەوانەی کێشــەکان ئاڵۆزتر دەکەن، لۆژیکی سیاســەت

ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت کێشەکان چارەسەربکرێن، هەروەها لۆژیکی سیاسەت وادەخوازێت لە قۆناخێکی وەك ئەو قۆناخە ناسکەی ئێستا کە عێراق و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت، بیر لەوە بکرێتەوە هاوپەیمانییەتی بەهێز بکەیت و لەگەڵ هاوپەیمانەکانت تەبابیت و بەهێڤیان بکەیت و پشتی یەکتری بگرن، بۆیە هەر کەسێك یان لایەنێك بە پێچەوانەی ئەمەوە سیاسەت و رەفتار بکات، یان ئەوەیە مەبەستێکی تایبەتی هەیە یان ئەوەیە ئەسڵەن لە پرۆسەی حکومڕانی نازانێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە دەبێت ئەوە لەبەر چاوبگیرێت کە ئەمڕۆ عێراق بەرەو هەڵبژاردن دەچێت، لەگەڵ ئەوەی لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنەوە لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو چەندین هەڵبژاردن لە عێراق ئەنجامدراوە و چەندین جار دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات کراوە و حکومەت گۆڕاوە وەك حکومەتی عەللاوی و جەعفەری و حکومەتی ئێستا مالیکی، بەڵام دەبێت دان بەوەشدا بنێن هێشتا لە عێراقدا پرۆسەی دیموکراتی کامڵ نەبووە و پێ نەگەیشتووە و نامۆیە بە هەندێك لە چەمکە رەسەنەکانی دیموکراتی، کەچی وەك سەیر دەکەین هەست دەکەین پێش هەر هەڵبژاردنێك لەبری ئەوەی تەبایی و ئارامی دروست بکرێت، دەبینین کێشە و نائارامی دروست دەکرێت، لەسەر بنەمای ئەم کێشە دروستکراوانەش پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەکرێت، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بێت، کاری رۆژانەی سروشتی خۆشی دوای بخات، بۆیە کاتێك سەیری رەوشەکە دەکەین هەست دەکەین کۆی پرۆسەی سیاسی بەرەو ئیفلیجبوون دەچێت و تا زیاتریش لە هەڵبژاردن نزیك بینەوە من وای دەبینم بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و پرۆسە سیاسییەکەش زیاتر ئیفلیج بوونی پێوە دەردەکەوێت، لە دوای هەڵبژاردن و دەرکەوتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن ئینجا هێزە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن کێشەکان چارەسەر بکەن و لەیەکتری نزیك ببنەوە، ئەمەش هەڵەکەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر پرۆسەیەکی دیموکراتی کامڵمان هەبێت، ئەوا ئەو هێزانەی کە پرۆگرامەکانیان لێك نزیکە و خاڵی هاوبەشیان پێکەوە هەیە، ئەوا دەبێت پێش هەڵبژاردن لێك نزیك ببنەوە و هاوپەیمانیی بکەن و پێکەوە سیاسەت دادەڕێژن، تارادەیەك حسابی دوای هەڵبژاردنیش دەکەن بۆ ئەوەی بەرچاو روونییەکیان هەبێت دوای هەڵبژاردن چۆن هەنگاو هەڵبگرن و چۆن حکومەتی داهاتوو پێك دەهێنن، نەك پێش هەڵبژاردن دۆست و دوژمن پێکەوە شەڕ بکەن و دوای هەڵبژاردنیش و ئینجا دوای ساڵێك بتوانن حکومەت پێك بهێنن، ئەمانەش هەمووی کەموکورتیی زۆر زەقن و بەڵگەن بۆ ئەوەی دیموکراتی پێ نەگەیشتووە و نەمانتوانیوە سوود لە دیموکراتی وەربگرین.

*** هەندێك لە چاودێران پێیانوایە ئەم کێشە بەرەنجامی تێڕوانینی پێکهاتەی شیعەیە بۆ عەرەبی سوننە و بە پێچەوانەشەوە، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەو تێڕوانینە بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر لە دیموکراتی بچینە پێشەوە؟**

-هۆکاری سەرەکیی ململانێ یان ململانێیە لەسەر دەسەڵات یان لەسەر سامان، هەتا ململانێی مەزهەبی و فەلسەفیش بنەماکەی دەسەڵات و سامانە، ئەمە بەدرێژایی مێژوو هەر هەبووە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەم ململانێیە چارەسەر بکەین، ئەوا دەبێت هۆکارەکانی ئەو ململانێیە دەستنیشان بکەین و بوار نەدەین هۆکارەکان تێکەڵ بن، بەجۆرێك کە لایەك بیەوێت خۆی بەسەر لایەکی دیکەدا بسەپێنێت، لەعێراقدا و لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان و بەشێوەیەکی ناسروشتی عێراق دروستکراوە کە ئەمڕۆ دەیبینین، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی عوسمانییەکان چەند ویلایەتێك هەبوو، شیعە لەلایەك و سوننە لەلایەك و کوردیش لەلایەك بوو، بەڵام کە عێراق دوای شەڕی یەکەمی جیهان دروستکرا، رەچاوی ئەو جیاوازییانە نەکرا، هەروەها رەچاوی بەرژەوەندیی ئەو پێکهاتە جیاوازانەش نەکرا، بۆیە سەرەنجام حکومڕانیی عێراق کەوتە دەستی یەك پێکهاتە کە ئەویش عەرەبی سوننە بوو، ئەم بارودۆخە بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ بەوجۆرە بوو، لەدوای ٢٠٠٣و رووخانی رژێمی پێشوو بارودۆخێکی تازە هاتە پێشەوە، لەم بارودۆخە تازەیەدا پێدەچێ پێکهاتەیەکی دیکە کە عەرەبی شیعەیە دەیەوێت هەمان رۆڵ دووبارە بکاتەوە، بێگومان ئەوی یەکەمیان هەڵە بوو، ئەمەی دووەمیشیان ئەگەر ئەو نیازەی هەبێت، ئەمیش هەم هەڵەیە، ئەوجا بۆ ئەوەی ململانێی مەزهەبی و دەسەڵات و سامان پەرەنەسێنێت و گەورە و ئاڵۆز نەبێت، دەبێت رەچاوی جیاوازیی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بکرێت، ئەمەش واتە عەرەبی سوننە لە ناوچەی خۆی دەسەڵاتی هەبێت و عەرەبی شیعەش لە ناوچەی خۆی، هەروەها کوردیش لە ناوچەی خۆی دەسەڵاتی هەبێت، کە ئەمە کرا ئەوا ئەو هۆکارانەی بوونە هۆکاری توندبوونی ململانێی نێوان پێکهاتەکان، ئەو هۆکارانە کەم دەبنەوە، ئەوا ئەو کاتە لەحکومەتی فیدراڵی بەغدا لەسەر هەندێك مەسەلەی ناوخۆی هەرێمەکان شەڕناکەین، بەڵکو ململانێیەکە

**ژمارەیەکی بەرچاو لە عەرەبی سوننە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لەگەڵ لایەنەکانی کورد و شیعە لە پرۆسەی سیاسیی و حکومەتەکان بەشداربوون، بۆیە دەبێت هەردوو لایەنی کورد و شیعە پشتی ئەو خەڵکانەی سوننە بگرن کە بەشداربوون لە پرۆسەی بونیاتنانەوەی عێراقی نوێ**

دەگۆڕێت بۆ هەندێك شتی گشتی كە بەرژەوەندیی هەموو پێكهاتەكانی تێدایە، بۆ نموونە وەك ئەوەی سیاسەتی دەرەوەمان چۆن بێت، لەسەر ئەمە لەوانەیە زۆر بە ئاسانی بگەینە لێك گەیشتن كە چۆن سیاسەتی دەرەوە دیاری بكەین، یان لەسەر پرسی وەزارەتی بەرگری، بۆ نموونە ئێمە هەر سێ پێكهاتەكە(كورد و شیعەو سوننە) رازین لەسەر ئەوەی كەس سنووری عێراق نەبەزێنێت، سەبارەت بە بواری سیاسەتی دارایی، ئێمە هەر سێ پێكهاتەكە دەبێت هەوڵ بدەین كە سیاسەتی دارایی عێراق بەو جۆرە بێت كە عێراق دەوڵەمەند بێت و پەرەبسێنێت، بۆیە ئەگەر بتوانین سیستمێكی فیدراڵی یان باشترە ئەگەر كۆنفیدراڵیش بێت جێ بەجێ بكەین، بە هاوشێوەی میرنشینەكانی ئیماراتی عەرەبی، لە عێراق، ئەوا كێشە ئیتنی و مەزهەبیانەی ئەمڕۆ هەن، هەتا ئەگەر بەتەواوەتیش چارەسەرنەكرێن كەمتر دەبنەوە، مەترسیی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ زۆر دوور دەكەوێتەوە، هەروەها دەسەڵاتی پێكهاتەیەكیش بەسەر ئەوانی دیكە ناسەپێت.

*** بڕیار بوو لەو ماوەیەدا شاندی هەرێمی كوردستان بۆ چارەسەری كێشەكانی نێوان هەولێر و بەغدا سەردانی بەغدا بكەنەوە، ئایا دوای هاتنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی تاچەند هەنگاو هەڵگیراوە بۆ چارەسەری كێشەكان بە تایبەتیش لەسەر مەسەلەی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی كوردستان، ئایا تاچەند ئەم پرسە رێگەی چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە؟**

- پێش هەمووشتێك سەردانەكەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بەغدا سەردانێكی سەركەوتوو بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر پیشاندانی ئەو نیەتەیە كە كورد ئامادەیە رێك بكەوێت و چارەسەری هاوبەش بۆ كێشەكان بدۆزێتەوە، بۆ خۆی ئەم نیەتە شتێكی كەم نییە و سەركەوتنە، هەنجەتی زۆر كەسیش دەبڕێت، بە تایبەتیش كە ئەمڕۆ بەرەو ململانێیەكی هەڵبژاردن دەڕۆین وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد راست و ناڕاست تێكەڵ دەبێت، سەرەرای پیشاندانی ئەو نیەتەش، ئەو بەنیازە و دەیەوێت چارەسەری بكات، بۆیە سەردانی بەغدا دەكات، لە راستیشدا شاندی كوردستان راوبۆچوونی پێ بوو بۆ چارەسەری كێشەكان و دەزانێت چۆن ئەو كێشانە چارەسەر دەكرێن، ئەوەی من ئاگادارم و لەبەشێكی زۆریشی ئاگادارم، بەتایبەتی سەبارەت بەو گفتوگۆیانەی لەبەغدا ئەنجامدراون، هەردوولا هەرێم و بەغدا پێیان باشە ئەو كێشانە چارەسەر بكرێن، هەردوولا پێیان باشە بەرهەمی نەوت زیاد بكرێت و نەوتی كوردستان بنێردرێتە دەرەوە و بفرۆشرێت و پیشەسازیی نەوت لە هەرێمی كوردستان پەرەبسێنێت، ئەمەش هۆكارێكی دیكەیە بۆ ئەوەی داهاتی عێراق زیاتر بێت، هەروەها هەردوولا رازین لەسەر ئەوەی بزانن ئەو نەوتەی دەنێردرێتە دەرەوە چەندە، هەردوولا رازین كە نابێت بە نرخێكی هەرزان بفرۆشرێت و دەبێت نرخەكە نرخی بازاڕی جیهانی بێت، خاڵێكی دیكە، مەسەلەی قەرەبووكردنەوەیە كە لەداهاتی نەوتی عێراق دەدرێت و لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە لەسەر عێراق فەرزكراوە، ئەمەش نزیكەی ساڵ و نیوێك یان دووساڵی ماوە، بەپێی ئەم فەرزكردنە دەبێت ٥٪ی نەوتی فرۆشراوی عێراق وەك قەرەبوو بدرێتە كوێت، ئەگەر ئەو قەرەبووەی لێ جیانەكرێتەوە، عێراق ناتوانێت نەوت بفرۆشێت، لەسەر ئەمەش هەرێمی كوردستان هیچ لارییەكی نییە و رازییە، دوای ئەمانە دەمێنێتەوە سەر وردەكاری، بۆ نموونە چۆن بەشە داهاتی كوردستان لە بودجە دیاری دەكرێت، لەسەر ئەمەش هەردوولا رازین ١٧٪ بۆ هەرێم و ٨٣٪ بۆ عێراق بێت، ئەمە هەندێك وردەكاری تێدایە كە پێویستیی بە كۆمەڵێك كادیری تەكنیكی هەیە كە پێكەوە دابنیشن بۆ ئەوەی میكانیزمێك بۆ بەڕێوەچوونی ئەم كارە دابنێن، ئەگەر ئەم هەنگاوە بەسەركەتوویی تەواو بێت، ئەوا رەنگە ببێتە كلیلی چارەسەر بۆ زۆر كێشەی دیكەش، من هیوادارم كە ئەگەر وەفدی بەغدا هاتە ئێرە بەشێوەیەكی جددی بچنە ناو ئەم مەسەلەیەوە و بەزوویی میكانیزمی بۆ بدۆزنەوە، من پێموایە ئەگەر نیەت هەبێت چارەسەرەكەی زۆر زەحمەت نییە.

*** ئایا تۆ ئەو نییەتە لەلایەن حكومەتی عێراقەوە دەبینیت؟**

-مەرج نییە ئەم نییەتە لای هەموو كەسانی ناو حكومەتی عێراق هەبێت، بەڵام من هەستم كردووە ئەو نییەتە لەلایەن هەندێك كەس لەناو حكومەتی عێراق هەیە، هەروەها هەستم كرد ئەم نییەتە لای هەندێك كەس دروست بووە، كە پێشتر دژی دۆزینەوەی چارەسەر بوو بۆ ئەم پرسە، ئەوەی ئاستەنگە لە چارەسەری پرسی نەوت ئەو فیكرە شۆڤینیەیە كە هەتا ئێستاش لەلای هەندێك عەرەبی عێراق بەرامبەر بە كورد هەیە، بەوەی كورد نابێت سەربەخۆیی ئابووری هەبێت، نابێت كورد پێشبكەوێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر كورد پێشبكەوێت و تارادەیەك ئابووریی خۆی بەدەست خۆیەوە بێت، ئەوا جاڕی دەوڵەت دەدات و لەعێراق جیادەبێتەوە، سەبارەت بەمە، بیروبۆچوونی شۆڤینی بەوجۆرەیە كە نابێت كورد لە عێراق جیابێتەوە، بۆیە هەتا ئەم بۆچوونە

**هەر سێ پێكهاتەكە دەبێت هەوڵ بدەن كە سیاسەتی دارایی عێراق بەو جۆرە بێت كە عێراق دەوڵەمەند بێت و پەرەبسێنێت، بۆیە ئەگەر بتوانین سیستمێكی فیدراڵی یان باشترە ئەگەر كۆنفیدراڵیش بێت جێبەجێ بكەین، بە هاوشێوەی میرنشینەكانی ئیماراتی عەرەبی**

**بیروبۆچوونی شۆڤینی بەوجۆرەیە كە نابێت كورد لە عێراق جیابێتەوە، بۆیە هەتا ئەم بۆچوونە بمێنێت ئێمە تووشی كێشەی زۆر دەبین لەگەڵ ئەو خەڵكانە ئەگەر دەسەڵاتیان بەدەست بێت، یان لەناوەندە هەستیارەكانی حكومەتدا بەرپرسیارەتییان هەبێت**

بمێنێت ئێمە تووشی کێشەی زۆر دەبین لەگەڵ ئەو خەڵکانە ئەگەر دەسەڵاتیان بەدەست بێت، یان لەناوەندە هەستیارەکانی حکومەتدا بەرپرسیاریەتییان هەبێت، بۆیە ئەم ململانێیە ململانێیەکی درێژخایەنە، جاری وا هەیە باری توند بە خۆوە دەگرێت و جاری واش هەیە خاو دەبێتەوە، بەڵام تا ئەو فیکرە شۆڤینییە هەبێت ئەوا ئەم ململانێیە هەر بەردەوام دەبێت هەتا ئێمە لە چوارچێوەی عێراقدا بین.

*** لایەنێکی دیکەی مەسەلەی بودجەی عێراق و بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەمە پەیوەندیشی بە رێکەوتنی پرسی نەوتیشەوە هەیە، جەنابیشتان دەزانن کە بانکەکانی کوردستان گرفتی کەمیی سیولەی هەیە، ئەمەش کاری کردۆتەوە سەر بودجەی فەرمانبەران، تا چەند ئەم کێشەیە بە جددی وەرگیراوە تاکو چارەسەر بکرێت؟**

- ئەوەی من دەیزانم هێشتا بودجەی عێراق بڕیاری لەسەر نەدراوە، بەپێی یاساو ئەوەی کە باوە لە هەموو جیهاندا حکومەتی عێراق ناتوانێت هەڵسوکەوت بە پارەی عێراق بکات، دەتوانێ مانگانە یەك دابەش دوانزەی بودجەکە خەرج بکات، بۆیە تا بودجە لە بەغدا بڕیاری لەسەر دەدرێت ئەو پارەیە رەنگە مانگانە بۆ هەرێم بێت، بۆیە بەو پارەیە ناتوانرێت پرۆژەی درێژخایەنی پێ ئەنجام بدرێت، دەتوانرێت شتی بنچینەیی رۆژانەی پێ تەواو بکرێت، چونکە بۆ پرۆژەی درێژخایەن دەبێ لەوە بکێشرێتەوە لەو حاڵەتەشدا لەوێدا کورت دێنێت، ئەگەر پارەکە سێ مانگ جارێ بۆت بێت تۆ دەتوانی شتی باشی پێ بکەیت، بەڵام ئێستا ناتوانیت ئەمە بکەیت، بۆیە من باوەڕناکەم کاریگەری ئەوەندە هەبێت لە بانکەکانی کوردستان و لە هەولێر پێموانییە گرفتی سیولە هەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە بە زووترین کات بودجەی عێراق بڕیاری لەسەر بدرێت، گرنگترین شت لە بودجەکە ئەوەیە بەشە بودجەی کوردستان ١٧٪ کەی بچەسپێت و کەم نەکرێتەوە، دووەمیشیان ئەو پشکە بە رێکوپێکی حیساب بکرێت، ئەوە ئیشی تەکنیکارو پسپۆڕەکانە کە دەزانن چۆن ئەمە حیساب دەکرێت و وردەکارییەکانی بزانن، جا چ لە وەزارەتی دارایی بێت یان لە وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بێت، خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە نابێ خەرجی سیادی بەبێ حیساب زیاد بکرێت، چونکە ئەو خەرجییە سیادییە چەند زیاد بوو بەپێی ئەمە پشکی هەرێم و پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش کەم دەبێتەوە، ٨٣٪ و ١٧٪ کەش کەم دەبێتەوە، ئەوە سەیر دەکەیت بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی بەغدا یان وەزارەتی دەرەوە یان بەرگری دەچێت، بۆ شوێنەکانی دیکەو بۆ خزمەتگوزاری عێراق و کوردستان ناچێت، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو سیادییە ئەگەر زیادیش بێت لە زیادەکەی ئەوانی دیکە زیاتر نەبێت، واتا هاوشانی یەك بن بۆ ئەوەی زیان بە بەشەکان نەگات، ئەوەی رەچاو دەکرێت لە پرۆژەکەی ئێستا ئەوەیە کە بەشی سیادی ناماقووڵ زیادکراوە، کە نابێ بەو شێوە بێت و دەبێ سنوورێکی هەبێت، خاڵێکی دیکە هەیە کە دەبێ رەچاوبکرێ کە بودجە یاسای سزاکان نییە، کە ئەگەر فلانە پارێزگا ئەمەی نەکرد وەزارەتی دارایی سزای دەدات، یان ئەگەر هەرێم فلانە شتی نەکرد وەزارەتی نەوت زیادەکەی دەخەملێنێت و لە بودجەکەی دەبڕێت، ئەمانە ئیشی یاسای بودجە نییە، ئەوە ئیشی یاسای دەستوورە و ئیشی یاسای سزاکانە، هەر کێشەیەك لە نێوان بەغداو هەرێم یان پارێزگاکان هەبێت لە رووی دەسەڵاتەکان و ئیدارەوە، ئەوا بەپێی دەستوور دادگای دەستووری هەیە، ئەو بڕیار دەدات و رێکاری پێویست وەردەگرێت، ئەو بە پێی ئەو پرۆژەیەی پێشکەشی کردووە دەیەوێت خۆی رێکارەکان جێبەجێ بکات، خۆی نەیارەو هەر خۆیشی ناوبژیکارە، خۆی خاوەن کێشەکەیەو خۆیشی بڕیار دەدات، کە ئەمە بە پێی هیچ لۆژێکێك نابێت و پێویستە چارەسەر بکرێت، کە زەحمەت نییە، دەمێنێتەوە سەر کێشەکانی دیکە کە لەگەڵ هەرێمدایە، کە لەگەڵ هێزەکانی دیکە قسەکراوە، هەموویان دانیان بەوەدا ناوە کە پێویستە کێشەی پێشمەرگە چارەسەر بکرێت و دەبێ پارەی ماددەی ١٤٠ زیادبکرێت، ئەمانە هەموویان قابیلی قسەو گفتوگۆکردنن.

*** لەو بارودۆخەی ئێستای عێراق هەڵبژاردنی گشتی نزیك بۆتەوە، وەکو جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ چۆن لەم هەڵبژاردنە دەڕوانیت، پێتوایە لەم بارودۆخەدا هەڵبژاردن سەرکەوتوو دەبێت، ئایا دەتوانێت رەوشەکە بە شێوەیەکی دیکە بگۆڕێت؟**

- من لە کۆتایی پرسیارەکەوە وەڵام دەدەمەوە، جارێ بزانین مەبەست لە هەڵبژاردن چییە، مەبەستەکەش ئەوەیە کە دەبێ گۆڕانکاریی بێتە ئاراوەو خواست و داخوازی میللەت بێتە دی، ئەو هەڵبژاردنە پێوانەو تەرازووە بۆ چوار ساڵی حکومەت کە ئایا شتی باشی کردووە یان خراپ، بۆیە حکومەت ئەگەر لەم ماوەیەدا ئیشی باشی نەکردبێت و هەڵەی زۆری کردبێت، ئەوا ئەو کاتە باجەکەی لەو هەڵبژاردنەدا دەدات، بۆیە هەموو لایەنێك ئومێد دەکات ئەنجامی هەڵبژاردنەکە کاریگەری

**نابێ خەرجی سیادی بەبێ حیساب زیاد بکرێت، چونکە ئەو خەرجییە سیادییە چەند زیادبوو بەپێی ئەمە پشکی هەرێم و پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش کەم دەبێتەوە، ٨٣٪ و ١٧٪ کەش کەم دەبێتەوە**

**مەبەست لە هەڵبژاردن ئەوەیە کە دەبێ گۆڕانکاریی بێتە ئاراوەو خواست و داخوازی میللەت بێتە دی، ئەو هەڵبژاردنە پێوانەو تەرازووە بۆ چوار ساڵی حکومەت کە ئایا شتی باشی کردووە یان خراپ، بۆیە ئەگەر هەڵەی زۆری کردبێت، ئەوا ئەو کاتە باجەکەی لەو هەڵبژاردنەدا دەدات**

ئیجابی هەبێت لەسەر پێکهاتەو شێوەی کاری حکومەت و لەسەر ئەو لایەنانەی حکومەت بەڕێوە دەبەن لە دوای هەڵبژاردن، بە نیسبەت ئێمەوە لە عێراق هەڵمەتی هەڵبژاردنمان چونکە ناتەواوە، بەڵام حزبەکانی سیاسیی کورد تا رادەیەك باشترە، ئێمە ئەزموونەکەمان باشترەو دە ساڵ بگرە زیاتریش پێش ئەوانین، هەرێمی کوردستان سەقامگیرەو باری ئابووری پێشکەوتووەو لە زۆر بواردا لە گەڵ ناوەڕاست و باشووردا بەراورد ناکرێت، بەڵام لەوێ دەبینین شتی بچووك و گەورە دەبێت بە بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردن، راست و نا ڕاست تێکەڵ دەبێت، هەڵمەتەکە لە بابەتیبوون دەردەچێت و لە ئێستاوەش دەرچووەو تا نزیکتر ببینەوە خراپتر دەبێت، بۆیە ئەو هێزانەی لە دیموکراتییەت گەیشتوون و مەبەستیانە عێراق بەرەو کەنارێکی ئارام بەرن، دەبێ جارێ هەوڵ بدەن هەڵمەتی هەڵبژاردن شێوەیەکی بابەتیبوون وەربگرێت، تا ئەو مەترسی و ناکۆکییانەی لە عێراق هەیە زیاتر نەبن، دووەم شت هەوڵی ئەوە بدەن کە ئەم هەڵبژاردنە لە کاتی خۆی و بە شێوەیەکی دروست و روون و شەفاف بکرێت، ئەمەش ئەرکی سەرشانی ئەو حزبانەیە کە ئەزموونیان هەیە لە کورد یان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، سەرەڕای هەموو ئەمانە، لەبەر بارودۆخی ئەمنی و ئەو ململانێیانەی لەسەر دەسەڵات هەیە هەروەها کێشەی سیاسی لە عێراق هێشتا مەترسی ئەوە هەیە ئەم هەڵبژاردنە دوابخرێت، یان شتێکی چاوەڕوان نەکراو و لە ناکاو بێتە پێشەوە کە هەڵبژاردنەکە نەکرێت، چونکە رەوشی ناوەڕاست و باشووری عێراق نادیارەو نازانین چی روودەدات.

*** ئەوەی پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، جەنابت وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی دانوستانکاریی پارتیت بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای کۆمەڵێك دیدارو کۆبوونەوەتان لەگەڵ لایەنە براوەکانی هەڵبژاردندا قۆناغەکانی پێکهێنانی حکومەت بە کوێ گەیشت؟**

- لە راستیدا چەندین کۆبوونەوەو دیدار بوون کە هەموویان ئیجابی بوون، لایەنەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دەبێ حکومەتی تازە حکومەتێکی بنکە فراوان بێت و زۆربەی حزب و لایەنەکانی براوە لە هەڵبژاردنەکانی تێدا بێت بە پلەی یەکەم هەروەها رەچاوی لایەنەکانی دیکەش بکرێت، هەروەها دەبێ حکومەتی سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی خەڵك بێت، جادەیەکی هێمن و ئاسایش بۆ چوار ساڵی داهاتوو دابین بکات، چونکە ئەرکەکانی سەرشانی زۆرە و رەوشی عێراق و ناوچەکەش بە گشتی زۆر مەترسیدارو ئاڵۆزە، ئەمە بۆچوونێکی باشە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دوو شت بکرێت، یەکەمیان پرۆگرامی حکومەت چی دەبێت، بڕگە بنەڕەتییەکانی ئەو پرۆگرامەش ناکۆکیان لەسەر نییە، چونکە ئەگەر سەیری پرۆگرامی حزب و لایەنەکانی کوردستان بکەین کە هەڵبژاردنیان کرد دەبینین شتی زۆر هاوبەشی تێدایە، چاکسازییە، خزمەتگوزارییە، پێش خستنی ئابوورییە، دیموکراسییە، مافی مرۆڤە، ئەمانە هەموویان شتی هاوبەشن کە دەکرێ ببنە بەردی بناغەی یەکڕیزیی بەرامبەر کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوەدا، هەمیشە پرۆگرامی حکومەتی ئیئتلافیش دەبێ شتی هاوبەش بێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێی باشە ئەوە ببێت، نەخێر قەناعەتە، دەبێ هەموو لایەك راو بۆچوونی وەربگیرێت، هەر یەکەی بە پێی قەناعەتی خۆی، ئەمە لایەکی بابەتەکەیە، لایەکەی دیکەشی ئەوەیە دەبێ رێك بکەوین لەسەر پێکهاتەی ئەم حکومەتە، چونکە لەو حکومەتە ئیئتلافییەدا چەند حزبێك بەشدار دەبێت کە هەر یەکەی راو بۆچوونێکی هەیە، ئەمە فڵانە وەزارەتی دەوێت ئەوی دیکە فڵانە پۆستی دەوێت، ئەمەیان شتێکی سروشتییە لە حکومەتی ئیئتلافیدا، بۆیە نابێ رەخنەی لێ بگریت، بەڵکو دەبێ لەسەر پۆست و کورسییەکانیش رێك بکەویت، بۆیە پێویستە پێوەرێك بدۆزینەوە، ئەمڕۆ هەر چەند بیری لێ دەکەینەوە، دوو پێوەر هەن دەبێ هەردووکیان رەچاو بکرێن، یەکەم پێوەریان رای هاووڵاتیانە کە بریتییە لە ئەنجامی هەڵبژاردن، پێوەری دووەمیش پێگەی ئەو حزبانەیە، نەك لە ناو کۆمەڵگە بەڵکو لە ئیدارەکەشدا، ئەمڕۆ تۆ ئیدارەیەکت هەیە بتەوێ نەتەوێ نەبۆتەوە بە یەك، هەرچەندە بەراورد ناکرێت لەگەڵ شوێنی دیکە، بەڵام بە کوردییەکی پەتی بیڵێین، پێکهاتووە لە دوو مەرکەز هێشتا ئەو جیابوونەوەی چارەسەر نەکراوە، ئیدارەی سلێمانی و هەولێر و دهۆك بە داخەوە، ئەمە رەوشێکی دروستکردووە کە بەبێ ئەو لایەنانەی لەو شوێنانەن تۆ نەتوانی ئیدارەیەك پێك بهێنیت کە یەکگرتوو و سەرکەوتوو بێت، جا دەبێ حیسابی ئەوەش بکرێت، بۆیە ئەگەر حزبێك دەسەڵاتێکی زۆری هەبێت لەناو ئەو ئیدارەیە نابێ تەنیا پێوەری هەڵبژاردنەکەی بۆ حیساب بکەیت، دەبێ رەچاوی ئەو رەوشەش بکەیت، لەبەر ئەوە سەیر دەکەیت بابەتەکە تۆزێك ئاڵۆزتر دەبێت، ئەمە پێویستی بە دانووستانێکی زیاتر هەیە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا، لەو بارەشەوە تا رادەیەکی باش

**بۆ دامەزراندنی کابینەی تازەی حکومەت من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێی باشە ئەوە ببێت، نەخێر مەسەلەکە قەناعەتە، دەبێ هەموو لایەک راو بۆچوونی وەربگیرێت**

چووینەتە پێشەوە، ئێستا ئەوە ماوەتەوە کە شاندی پارتی و جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم پێشنیاری خۆی پێشکەش بە هەموو لایەنەکان بکات، تا بەپێی ئەوە پۆستەکان دابەش بکرێت، کە لەم هەفتەیەدا ئەمە ئەنجام دەدرێت.

*** هەندێ لە چاودێران پێیانوایە پێکهێنانی کابینەی هەشتەم تۆزێك درێژە دەکێشێت، بە رای تۆ مەترسی ئەوە هەیە ئەوەی کە بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی عێراق هاتە کایەوە، بۆ ئێرەش دووبارە بێتەوە؟**

- ئەوەی ئێرە شتێکی تازەیە و لەگەڵ بەغدا بەراورد ناکرێ، یەکەم حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن دەیانەوێت بە یەکەوە کابینەیەکی تازە دروست بکەن، هەردوو حزبی دەسەڵات لەگەڵ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن رێککەوتوون کە دەیانەوێ بە یەکەوە حکومەتی تازە دروست بکەن، بۆیە ئالۆزییەکە لێرەدایە، کە ئەمە دەبێ بکرێ، ئەمەیان بەم شێوەیەیە بۆیە دەبێ رەچاوی ئەمە بکرێت تا دەگەینە ئەو رێککەوتنە، هۆکاری کاتەکەش ئەو شتە تازەیە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەمە ئەزموونێکی تازەیە لە هەرێمی کوردستان.

*** باس لە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دەکرێت، ئایا ئەگەر ئەمە سەری نەگرت، دەتوانن حکومەتێك پێك بهێنن لە چەند حزبێك و هەندێکیشیان بە ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە، پابەندبوونتان بە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەروەکو باسم کرد مەبەست لە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی ئەوەیە هەموو لایەك بەشدار بێت تا ئاستێکی بەرزی سەقامگیری و ئاسایش بۆ خەڵك دابین بکەین و هەموو لایەکی ناو ئەو حکومەتە کاربکەن تاکو بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بن کە لە ناوچەکە روودەدەن و کاریگەرییان بۆ سەر کوردستان دەبێت، ئەمە بۆچوون و ئامانجێکی راستی هەموو لایەنەکانە، ناڵێم تەنیا بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستانە بەڵکو هی هەموو لایەنەکان بە پێی ئەو دانوستانانەی کە کردوومانە، بۆیە تا بتوانیت ئەو ئامانجە بێنیتە دی پێویستە کاتی بدەیتێ، بەڵام نابێ هەتا هەتایە کراوە بێت، تۆ ناتوانیت ساڵێك بێ حکومەتی تازە بیت دوای هەڵبژاردن، چونکە وا سەیر دەکرێین کە ئێمەش لە مەسەلەی دیموکراسییەت و پێکهێنانی حکومەت ناتەواوین وەکو ئەوانی دیکە، ئێمە ئەزموونەکەمان زیاترەو ئاڵای دیموکراسییەتمان لەو ناوچەیە بەرزکردۆتەوە، بۆیە پێویستە ماوەیەکی دیاریکراو دابنرێت ئەگەر نەگەیشتینە ئەو ماوەیە، دەبێ بیر لە ئۆپشنێکی دیکە بکرێتەوە، ئەگەریش زۆرە، دەتوانیت نەك لەگەڵ هەموو لایەنەکان، بەڵکو لەگەڵ دوو سێ لایەن هاوپەیمانیی بکەیت کە زۆرینەیەکت لە پەرلەماندا بۆ دابین بکات و پشتت بگرێت، بەڵام ئەو کاتە حکومەت دەبێت و ئۆپۆزسیۆنیش دەمێنێت، واتا لە لایەك حکومەت ئیشی خۆی دەکات و ئۆپۆزسیۆنیش رەخنە دەگرێت و هەوڵ دەدات کاریگەریی لەسەر حکومەت هەبێت و لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا پێگەیەکی باشتری هەبێت، بەڵام بە رای من خاڵی یەکەم گرنگە ئەویش ئەوەیە کە حکومەتێکی بنکە فراوان پێك بێت و هەموو لایەك تێیدا بەشداربن و بۆ هەرێم چاکە و بۆ عێراقیش چاکتردەبێت، هەتا بۆ حزبەکانی بەشداربووی ئەم حکومەتەش لە هەموو رووەکەوە باشتر دەبێت.

*** تا ئێستاش رێکەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە، ئایا لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا ئەم خاڵە رەچاو دەکرێت یان بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکە دەکرێت؟**

- رێکەوتنی ستراتیجی شتێکەو فیفتی فیفتی شتێکی دیکەیە، ئەوە نەماوە، سیستەمی فیفتی فیفتی ئەو کاتە دەبێت کە تەنیا دوو حزب حکومەتێك دروست بکەن، ئەگەر دوو حزب بەقەد یەك بوون کە ئەمە زەحمەتە، بەڵام رەنگە لەیەکتر نزیك بن یان یەکێکیان بە هێزتربێت لەوی دیکە یان دەنگی زیاتربێت، ئەو کاتە رێك دەکەون بۆ پێکهێنانی حکومەتێك چونکە هیچ کامێکیان ناتوانێت بە تەنیا حکومەت پێك بهێنێت، ئەمە هەر چەندە راست نییەو سیستەمەکە دروست نییە، بەڵام لەبەر ناچاری تاکو ئیشەکە بڕوات بەم شێوەیە رێك دەکەویت، مەرجیش نییە هەموو جار بەم شێوەیە بکرێت، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردن یان شێوەی هاوپەیمانێتییەکە، بۆیە لێرە ئەم فیفتییە جێگەی نابێتەوە چونکە هەر حزبەی بە پێی دەنگی خۆی و پێگەو ئەنجامی هەڵبژاردن جێگەی بۆ دابین دەکرێت تۆزێ زیاتر تۆزێك کەمتر، بەڵام من وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پێویستە لەسەرم رەچاوی برادەرانی یەکێتی بکەم هەر چەندە دەنگی ئەوان لە پەرلەماندا بەقەد دەنگی من نییە، کە رەنگە نیوەی ژمارەی منە، چونکە تا رادەیەك لەگەڵی رێککەوتوویت و رێکەوتنی ستراتیجیت لەگەڵیدا هەیە، بەڵام نەك لەسەر بنەمای فیفتی فیفتی، ئەم حکومەتە تازەیە دەبێ سەرۆك وەزیران سەرۆك وەزیر بێت و وەزیر وەزیر بێت و بەپێی ئەو بەرنامەیەی لەسەری رێککەوتوون هەموو بەشداربووان کاربکەن.

**وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پێویستە لەسەرم رەچاوی برادەرانی یەکێتی بکەم هەر چەندە دەنگی ئەوان لە پەرلەماندا بەقەد دەنگی من نییە، کە رەنگە نیوەی ژمارەی منە، چونکە تا رادەیەک لەگەڵی رێککەوتووم و رێکەوتنی ستراتیجیم لەگەڵیدا هەیە**

کەنعان مەکیە بۆ گوڵان:

# ئێستا عێراق کۆماری ئاڵۆزی و پشێوییە، بەڵام هەرێمی کوردستان ئارام و سەقامگیرە و بەشێک نییە لەو حاڵەتە






خاوەنی کتێبی (کۆماری ترس) لەم دیدارە تایبەتەی گوڵاندا جەخت لەوە دەکاتەوە ئێستا عێراق کۆماری ترس نییە، بەڵکو کۆماری پشێوییە، بەڵام وێڕای ئەوە ئاماژەش بەوە دەکات هەرێمی کوردستان ئارام و سەقامگیرە و لەم حاڵەتە تایبەتەی عێراق بەدەرە، بەڵام بەشەکانی دیکەی عێراق هەمان بارودۆخی نائارامی و پشێویان هەیە، سەبارەت بە ڕێگەچارەش بۆ چارەسەری کێشەکانی ئێستای عێراقیش، پرۆفیسۆر مەکیە پێیوایە هەتا لایەنە سیاسییەکانی عێراق بڕوایان بەوە بێت کە توندوتیژی دژی یەکتری پیادە بکەن، ئەوە ئەو بڕگە و ماددانەی لە دەستووری عێراقدا سەبارەت بە دیموکراتی و فیدرالی هاتوون مەحاڵە جێبەجێ بکرێت، ئەمەش دەقی دیدارەکەی پرۆفیسۆر کەنعان مەکیەیە لەگەڵ گوڵاندا.




*** ئێوە نووسەری کتێبی «کۆماری ترس»ن کە تێیدا جیهانتان ئاگادار کردەوە لەوەی عێراق بۆتە کۆماری ترس لە سایەی حکومڕانی دیکتاتۆری سەددام حوسێندا، کەواتە خەڵکی ئومێدی ئەوەیان هەبوو عێراقێکی مۆدێرن و ئارام ببینن لە دوای ڕووخاندنی سەددام حوسێن، بەڵام دووبارە عێراق بۆتەوە کۆماری ترس، ترس لە تایەفەگەری و دیکتاتۆریەت، دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا عێراقی ئێستا چۆن دەبینن؟**

- من پێموایە ئەوە ڕاست نییە تەنها لەبەر ئەوەی ئاڵۆزی و پشێوی باڵی بەسەر وڵاتەکەدا کێشاوە، بە عێراقی ئێستا بووترێت کۆماری ترس، لەم وڵاتەدا ئێستا دیکتاتۆریەتێکی هاوشێوەی سەددام حوسێن حکومڕان نییە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا وڵاتەکە بەرەو ڕۆژگارێکی تاریك و دژوار ملی ڕێی گرتووە. و من هیچ ئەگەرێکی بەرەوپێشچوون لە مەودای نزیك و مامناوەندا بەدی ناکەم. ئایندەی عێراق گرێدراوی ڕووداوەکانی ناوچەکەیە لە سوریا و ئێران و لوبناندا. ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات بەندە بەوەی چۆن ئەم شەڕ و ناکۆکیە گەورانە یەکلادەکرێنەوە.

*** دەستووری عێراق وەك نەخشەڕێگایەك بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق بە مانای ئەوە دێت کە پێویستە دەستوور جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی مۆدێرن. بەڵام بەشێکی زۆری دەستوورەکە جێبەجێ نەکراوە. بە بۆچوونی ئێوە ئایا جێبەجێنەکردنی دەستوور نابێتە هۆی دووبارە دروستبوونەوەی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، کە لایەنگەلێکی زۆری دەستوور جێبەجێ نەکراون لە ئێستادا. بەڵام کێشە گەورەکەی عێراق لەمڕۆدا، هەروەك لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووشدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوەیە پشێوی باڵی کێشاوە -بەسەر ئەم وڵاتەدا- نەك دیکتاتۆریەت. لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستان بارێکی سەقامگیری هەیە بەدەر لەو حاڵەتە پشێوەی لەعێراقدا هەیە، بەڵام ئەم حاڵەتی پشێوییە ئەمە بۆ باقی بەشەکانی دیکەی عێراق ڕاستە.

*** سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی لە بارودۆخی عێراقدا ڕوودەدات، چاودێران چاوەڕێی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن کە بڕیارە لە مانگی نیسانی ٢٠١٤دا ئەنجام بدرێت. ئایا پێتوایە هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاری بەسەر عێراقدا دەهێنن یاخود تەنها دەبنە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە؟**

- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئارادایە ئەوا هیچ ئەگەرێك یاخود ئەگەرێکی زۆر کەم هەیە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤ ببنەهۆی باشترکردنی بارودۆخەکە. ئەگەر گۆڕانکاریەکیش ڕووبدات دوای هەڵبژاردن

**وڵاتەکە بەرەو ڕۆژگارێکی تاریک و دژوار ملی ڕێی گرتووە. و من هیچ ئەگەرێکی بەرەوپێشچوون لە مەودای نزیک و مامناوەندا بەدی ناکەم**

**پێشبینی دەکرێت لە مانگەکانی داهاتوو و پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بارودۆخی ئەمنی خراپتر بێت. دەبێت پێشبینی خراپتربوونی ڕەوشە ئەمنیەکە بکەین**

**دەبێت ترۆیکی ئەولەویەتی سەرکردایەتی کورد پاراستنی کوردستانی عێراق بێت لەو شەڕە ناوخۆیی و تایەفەگەریە مەترسیدارەی تەواوی ناوچەکەی گرفتارکردووە**



## ■ پرۆ فایل

پرۆفیسۆر کەنعان مەکیە لەساڵی ١٩٤٦ لەبەغدا لەدایك بووە و لەساڵی ١٩٨٢ ڕەگەزنامەی بەریتانی وەرگرتووە و ئوستادی کورسی سیلیفا هاسنفیلد بۆ دیراساتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی براندیس، هەروەها یەکێك بووە لە ئەندامە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و دۆستی نزیکی ئەحمەد چەلەبی بووە و یەکێك بووە لە پشتگیریکەرانی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس لە عێراقدا.
پرۆفیسۆر مەکیە نووسەری کتێبی (کۆماری ترس)ـە کە ساڵی ١٩٨٩ نووسیویەتی، ئەم کتێبە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ بووە یەکێك لە کتێبە پڕ فرۆشەکانی جیهان، هەروەها نووسەری کتێبی (توندوتیژی و بێدەنگی: شەڕ، سەرکوتکاری، هەستاوە لە نیشتمانی عەرەب)ـە، ئەمە بێجگە لەوەی نووسەرێکی سیاسیی دیاریشە لە ڕۆژنامەکانی حەیات و نیویۆرك تایمز و تایمزی لەندەنیش بووە.

---

ڕوودەدات، بۆیە پێشبینی دەکرێت لە مانگەکانی داهاتوو و پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بارودۆخەکە خراپتر بێت. دەبێت پێشبینی خراپتربوونی ڕەوشە ئەمنیەکە بکەین.

*** کوردستانی عێراق کە بەشێکە لە عێراق و تا ڕاددەیەکی دیاریکراو ئەزموونێکی دیموکراسی هەیە و سەقامگیرییەکی سیاسی و ئەمنی باشیشی هەیە. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ ڕاددەیەك ئەزموونی سەرکەوتووی ئەم بەشەی عێراق کاریگەری ئیجابی لەسەر بەشەکانی دیکەی عێراق دەبێت؟**

- لە مەودای دووردا، ئەزموونی سەرکەوتووی کوردەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بۆی هەیە کاریگەری زۆر ئیجابی هەبێت لەسەر بەشەکانی دیکەی عێراق. بەڵام ئەمە لە مەودایەکی زۆر دووردا ڕوودەدات. لەم ساتەوەختەدا، دەبێت ترۆپکی ئەولەویەتی سەرکردایەتی کورد پاراستنی کوردستانی عێراق بێت لەو شەڕە ناوخۆیی و تایەفەگەریە مەترسیدارەی تەواوی ناوچەکەی گرفتارکردووە.

*** بە گوێرەی دەستووری عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا نووسراوەتەوە، دەبێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی، بەڵام تێستا ئەوە ٨ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر پەسەندکردنی دەستووردا و چەندین جار موسڵ و دیالە و ئەنبار و بەسرە داوایان کردووە ببنە هەرێمێکی فیدراڵی لە ناو عێراقدا، بەڵام حکومەتەکەی مالیکی دروستکردنی هەرێمەکان بە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی عێراق لێکدەداتەوە. دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا فیدراڵیزم یان سەنتراڵیزم و دیکتاتۆریەت هەڕەشەن بۆ سەر یەکێتی عێراق؟**

- لە بنەڕەتدا، دەبێت فیدراڵیزم چارەسەربێت بۆ ئەو فرەییە ئیتنی و ئاینیە بەرچاوەی لە عێراقدا هەیە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات دەبێت گفتوگۆی زیاتر لە نێوان پارت و گرووپەکاندا ئەنجام بدرێت، هەروەها دەبێت توندوتیژی ڕابوەستێنرێت. بەکارهێنانی چڕی توندوتیژی لەلایەن سیاسییەکانەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان دەبێتەهۆی ئەوەی جێبەجێکردنی بڕگە دیموکراتی و فیدراڵیەکانی دەستووری عێراق مەحاڵ بێت.

*** دە ساڵە عێراق بەهۆی داهاتی نەوتەوە بۆتە خاوەنی بودجەیەکی گەورە، بەڵام سەرەڕای ئەو بودجە گەورەیە حکومەتی عێراق نەیتوانیوە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان وەك ئاوی خواردنەوە و کارەبا و سیستمی چاودێری تەندروستی دابین بکات. بە تێڕوانینی ئێوە، تاکەی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشور ئەم دۆخە قبوڵ دەکەن؟**

- مەحاڵە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. بوونی بڕێکی زۆری پارە و داهات هاوشان بووە بە ئاستێکی گەورەی بێپێشینەی گەندەڵی ڕەسمی و ناڕەسمی. بە داخەوە، داهات و گەندەڵی دەتوانن ڕێگری لەوە بکەن بارودۆخەکە بە خێرایی بەرەو ئاڵۆزبوون بڕوات. بارودۆخەکە زۆر خراپتر دەبێت پێش ئەوەی ئاڕاستەیەکی باش بگرێتەبەر.

**بەکارهێنانی چڕی توندوتیژی لەلایەن سیاسییەکانەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان دەبێتەهۆی ئەوەی جێبەجێکردنی بڕگە دیموکراتی و فیدراڵیەکانی دەستووری عێراق مەحاڵ بێت**

**بوونی بڕێکی زۆری پارە و داهات هاوشان بووە بە ئاستێکی گەورەی بێپێشینەی گەندەڵی ڕەسمی و ناڕەسمی**

# ئەنبار وەک کلیلی چارەسەری کێشەکانی عێراق



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

هەردوو لقی قاعیدە لەعێراق و سوریا کە بەداعش ناسراون، لەیەك کاتدا لەعێراق و سوریا تەنگیان پێ هەڵچنراوە. لەسوریا سوپای ئازادی سوریا چەند سەرکەوتنێکی بەرچاوی لەناوچەکانی سەر سنوری سوریا- تورکیا و حیمس بەسەر چەکدارەکانی داعشدا بەدەست هێناو لەعێراقیش لە ئەنبار داعش گورزێکی گورچکبڕی تێسرەوێنرا. هێشتا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کەعێراقییەکان و ئۆپۆزیسیونی سوریا لەهێرش کردنە سەر داعش هەماهەنگییان لەنێواندا هەیە، بەڵام ئەوەی کەهیچ گومانی لەسەر نییە ئەوەیە کەداعش بەدوژمنی هاوبەشی بەغداو سوپای ئازادی سوریا دانراوە.

گرنگترین خاڵی ڕووداوەکانی ئەنبار بەشداریی خێڵەکانی ئەنبارە لەشەڕی ڕامالینی قاعیدە لەپارێزگاکە. ئەمە لانی کەم دوو مانای لێ دەکەوێتەوە. یەکێکیان هاتنە ئارای ئاشتبوونەوەیەکی ناڕاگەیەنراوە لەنێوان بەغداو ئەنبار و ئەوی تر هاوپەیمانێتییە لەدژی قاعیدە. ڕەنگە ئەمە لەدوای کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیونەکان وا لەبەغدا بکا بەچاوێکی ترەوە سەیری ئەنبار بکا. ئەمەش زۆرتر لەپرۆژەکەی عەممار حەکیمدا دەردەکەوێ کەپێشنیاری کردووە بودجەی چوار ملیار دۆلار بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەنبار تەرخان بکرێ. بەکردەوە، شیعەکان زۆر بایەخ بەئەنبار دەدەن چونکە ئەم پارێزگایە درێژترین سنوری لەگەڵ ناوچە شیعەنشینەکاندا هەیە و هێڵی ستراتیجیی ڕێوبانی بەغدا- دیمەشق و بەغدا- عەممان و هێڵی بۆریی نەوتی کەرکوك- بانیاس و کەرکوك- تەرابلوس و لەئاییندەدا هێڵی بۆریی نەوتی بەسرە- عەقەبە کۆنترۆڵ دەکا. سەرباری ئەوەی کەدوو ساڵی ڕابردوو ساغیان کردۆتەوە کەئەنبار نەك موسڵ ڕابەرایەتیی ناڕەزایی سوننەکان دەکا و ئەنبار وەك کۆمەڵگایەکی خێڵەکی- بیابانی لەهەموو ناوچە سوننە نشینەکانی تری عێراق لەبنەماڵە هاشمییەکەی ئوردون و بنەماڵەی سعودییەکان نزیکترە.

شەڕی سوپای عێراق، بەهاوکاریی خێڵەکانی ئەنبار، لەدژی ڕێکخراوی قاعیدە ئەمجارە شەڕێکی جیاواز بوو، چونکە سوپای عێراق لەهیچ شەڕێکدا لەمەوبەر بەو باڵادەستیە تەکنەلۆژییە شەڕی نەکردووە. لەوەتەی هێزەکانی ئەمریکا عێراقیان بەجێ هێشتووە، هیچ جاریش بەقەد ئەمجارە کۆمەڵگای نێودەوڵەتان لەشەڕدا لەدژی قاعیدە پشتگیریی بەغدای نەکردووە. سوپای عێراق بڕێکی گونجاو چەك و تفاق جەنگیی لەئەمریکاوە پێ گەییوە لەوانە موشەکی جۆری هێلفایەر و هەلیکۆپتەری جۆری بل یەكA ٤٠٧، نیازیش وایە لەماوەیەکی نزیکدا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی جۆری سکان ئیگل و فڕۆکەی ڕافینی پێ بگات. ڕوسیاش، بەنۆرەی خۆی، بەپێی گرێبەستە واژۆکراوەکان، زۆر بەخێرایی بڕێکی زۆر چەك و کەرەستەی جەنگیی بۆ بەغدا دابین کرد.

خێرایی ڕەوتی ڕووداوەکان سوننەکانی بەجموجوڵ هێنا. لەسەرەتادا ویستیان ڕوداوەکانی ئەنبارو ناردنی سوپای عێراق بۆ ئەوێ وا نیشان بدەن کەحکومەتی مالیکی ملهوڕییەکی دیکەی نواندووەو کەوتۆتە وێزەی سوننەکانی ئەنبارەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە نکوڵییان لەوە کرد کەئەنبار هێزی قاعیدەی لێ بێ و وایان بڵاوکردەوە گوایە بەغدا بیانوو بەئەنبار دەگرێ و بەناوی لەناوبردنی قاعیدەوە تەنگ بەخێڵەکانی هەڵدەچنێ. بەڵام پشتگیریی خێڵەکانی ئەنبار لەسوپای عێراق و پشتگیری ئەمریکا و ڕوسیاو ئێران لەئۆپەراسییونە جەنگییەکانی دژ بەقاعیدە لەئەنبار، سوننەکانی ناچار کرد گوتاری ڕاگەیەنراویان بگۆڕن و زۆرتر جەخت بکەنە سەر فریاکەوتنی ئاوارە لێقەوماوەکانی ئەنبار.

ئەگەر سوپای عێراق و خێڵەکانی ئەنبار بتوانن هیچ ئاسەوارێك بۆ قاعیدە لەئەنبار نەهێڵن، هێزەکانی قاعیدە ناچار دەبن دزە بکەنە ناو سنوری سوریا یان بەرەو زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین داکشێن و لەوێوە بەشێکیان لەحەویجە و بەشێکی تریان لەدەوروبەری موسڵ خۆیان دەشارنەوە. ئەگەر زۆرتریش تەنگیان پێ هەڵچنرێ، دەشێ ناچار بن هەموو هێزیان بۆ ناو سوریا بگوازنەوە. لەئەگەرێکی واشدا دەشێ ئەمە وا لەسوننەکانی عێراق بکا مەیلێکی میانڕەوتر بەرانبەر بە بەغدا بنوێنن و بەوە قەرەبووی زیانەکانیان بکەنەوە کەزۆرتر تێکهەڵکێشی پرۆسەی سیاسی بن یان بیرێکی قوڵتر لەپێکهێنانی هەرێم بکەنەوە. بەڵام ئەم مەسەلانە دەبێ بۆ قۆناغی پاش یەکلابوونەوەی بارودۆخی ئەنبارو بۆ پاش قۆناغی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بهێڵدرێنەوە چونکە چاوەڕوان دەکرێ شتی تازە بێتە ئاراوە.



## د.حەیدەر سەعید

سەرۆکی سەنتەری عێراق بۆ دیراساتی ستراتیژی لە عەممان بۆ گوڵان:

# ئەزموونی حکومڕانی هەشت ساڵە دەریدەخات مالیکی بڕوای بە چارەسەری سەربازی بۆ کێشەکان هەیە نەک چارەسەری سیاسیی

**د.حەیدەر سەعید سەرۆکی سەنتەری عێراقە بۆ دیراساتی ستراتیژی لە عەممانی پایتەختی ئوردون بە یەکێك لەو چاودێرە سیاسیانە ناسراوە کە زۆر لە نزیکەوە بە وردی چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات و بەردەوام لە میدیاکانی عەرەبییەوە بۆ شرۆڤەی بارودۆخی عێراق بانگهێشت دەکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و ئاڵۆزی بارودۆخی پارێزگای ئەنبار بەتایبەتی و رەوشی پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د.حەیدەر سەعید کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** باری سەرنجتان سەبارەت بەم دۆخە ئاڵۆزەی پارێزگای ئەنبار چییە، ئایا پاش ئەم رووداوانە، دامەزراندنەوەی پێکهاتە و بونیادی سیاسی عێراق بەرەو چ ئاڕاستەیەك دەچێت؟**

- پێش ئەو قەیرانەی لەم دواییەدا لە ئەنبار دروست بووە، لە ناوەندی سوننەکاندا ناکۆکیەکی زۆری کەڵەکەبوو هەبوو، کاتێکیش ئەم ناکۆکییانە تۆخ بوونەوە کە ئێمە بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەچین، هۆکارەکەشی بۆ دیاریکردنی نوێنەرایەتی سوننە دەگەڕێتەوە، چونکە پێش هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ تەنیا رێکخراوێك نوێنەرایەتی سوننەکانی دەکرد، ئەویش لیستی ئەلعیراقیە بوو، لە پاش دروستبوونی ناکۆکیەکان زیاد لە روانینێك هاتنە ئاراوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵ مالیکی سەرۆك وەزیراندا، قەیرانی ئەنبار دوا بەدوای ئەو ناکۆکیانەی ناو خودی هەناوی سوننەکانەوە هات، لێکەوتەکانیشی خراپ کەوتنەوە چ بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەندین گرووپی سەر بە قاعیدەوە لە ناوچەکانیان یان بەرپەرچدانەوەیان لە لایەن سوپاوەو یان بە هۆی لابردن و شکاندنی مەیدانی مانگرتنەکەی رومادی، ئەمانە بە هەموویان جیاوازی و لێکدابڕانەکانی ناو ریزەکانی سوننەی زیاتر بە دیار خست، ئێستا کاردانەوەکانی هێرشی سوپا لە رومادی و فەلوجەوە بە روونی بە دیار کەوتوون، بەر لەم قەیرانە وەقفی سوننی

توانیبووی لە ڕێی موتەحیدونەوە بە یەکگرتوویی ریزەکانی سوننە بپارێزێت، بەڵام لەو بڕوایەدام لایەن و جەمسەری تر پەیدابوون، ناڵێم هاوشانی موتەحیدونن، بەڵام سەبارەت بە جەماوەری ئەنبارو جەماوەری سوننە بە گشتی پاش ئەم قەیرانە ئیتر جۆرێك لە خانەبەندی دەکەوێتە ناو دیمەنی گشتی پێگەکانی سوننەوە..

*** ئایا دەکرێت وڵاتێك و هەروا بە بەردەوامی لەسەر ئەم بارە نائاساییی و ئاڵۆزە بمێنێتەوە، رۆژ دوای رۆژ قەیران لە پاش قەیران بەڕێبکات، چۆن وڵاتێك بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت؟**

- ماوەی ئەم هەشت ساڵەی کە مالیکی سەرۆك وەزیران بووە ماوەیەکی قەیراناویی بووە، ئەم پیاوە بەپێی ئەو ئەزموونەی لە حوکمی ئەم ماوەیەدا هەیبووە، دەریدەخات کە بڕوای بە چارەسەری سیاسی نییە، دوورخستنەوەی قاعیدەو تامپۆن لەگەڵ سوننەکاندا پێویست بوو بە سیاسییانە چارەسەر بکرێت، بە داخەوە مالیکی نەیتوانی جۆرێك لە نزیکایەتی لە نێوان خۆی و هێزە نەیارەکانی خۆیدا دروست بکات، رەنگبێت ئەو ئەفسەرە سەربازییانەی راوێژیان پێ دەکات لە بەرژەوەندییاندا بێت کە چارەسەری سەربازی بۆکێشەکان بدۆزرێنەوە، دواتر لەو بڕوایەدام ئەم قەیرانەی دوایەمین کە ئێستا روودەدات، پێوەندی هەبێت بەو رووداوانەی لەسوریا روودەدەن، رەنگە هەندێ راوێژکاری ئەمریکی هەبێت بۆ هاوپەیمانێتییەکی هەرێمایەتی بۆ لێدانی داعش و گرووپەکانی لە عێراقدا، بەڵام مالیکی خۆی هیچ چارەسەرێکی سیاسی بۆ هیچ قەیرانێك پێ نییە لە چارەسەری ئەمنی و سەربازی زیاتر، تەنانەت کاتێك کە سەردانی واشنتۆنی کرد لە بری قسەوباس کردن لەسەر ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و پێکەوەژیان لە عێراقدا، باسەکان چڕکرابوونەوە لەسەر پشتگیری سەربازییانەی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، ئەم هۆکارانە هەمووی کۆبوونەتەوە بەسەر یەکتریدا، تەنانەت لەلایەن زۆربەی زۆری شیعەکانیشەوە چ مەجلیسی ئەعلا و تەنانەت لای مەرجەعیەتی ئاینی نەجەفەوە وایانکردووە دژ بە خۆکاندیدکرنەوەی مالیکی بۆ سێیەمین جار بووەستنەوە، گرنگ دۆزینەوەی ئەو نارێکیانەیە کە کەوتونەتە ناو کۆسوری حوکمداریی عێراقەوە، پێویستە روانینێکی ئەلتەرناتیڤانە بۆ چارەسەری ئەم بارە نائاساییانەی عێراق دروست بێت.

*** بە رای تۆ ئەم روانینە چۆن دیاری دەکرێت و عێراق بەرەو کوێ پەلکێش دەکات؟**

- ئەم روانینە لای هەندێ رێکخراوی شیعیەوە بوونی هەیە کە لە تێگەیشتنیاندا بۆ قۆناغی پاش مالیکی هەیانە بەرانبەر ئەو رێکخستنە سەربازییانەی بە تەواوی کۆنترۆڵی دۆخەکەیان کردووە، روانینێك تا ئاڕاستەیەکی سیاسی هەبێت و بتوانێت ئەوانەی لە بواری سیاسییەوە جیاوازن بە یەکتر لێکیان نزیك بخاتەوە، چونکە لە ڕێی پارەڕشتن و پارە دابەشکردنەوە زەبر لە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەدرا، هەروەها لە بواری دادوەریدا دەستێوەردان هەیە، لەو بڕوایەدام کە روانینی ئەلتەرناتیڤانە دروست بێت بۆ چارەسەری هەموو ئەم قەیرانانەی روودەدەن، لەو بڕوایەشدام رێکەوتنامەی هەولێر کە حکومەتی مالیکی و ویلایەتی دووەمی لەسەر پێکهات، تەنیا نەخشەی رێگایە بۆ دیاریکردن و چارەسەری هەموو ئەو نارێکیانەی لە رژێمی سیاسی عیراقیدایە، بەڵام بە داخەوە، هیچ لەم خاڵانەی ناو رێکەوتننامەکە بە تەواوی لە واقیعدا کاری پێ نەکراوە، ئێستا ماوەی نیمچە دابڕاوییەك لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقیدا بەسەر دەبرێت، ئومێدم دەکرد دیالۆگی جددییانە لە نێوان سیاسییەکانی سوننەو شیعەدا دروست بووایە، نە هەڵوێستی شیعەکانی ئۆپۆزسیۆن بە مالیکی و نە هەڵوێستی کوردەکان بەو ئاستە بەهێز نەبوون، جگە لەو راگەیانراوەی سەید موقتەدا سەدر و ئەوەی هاوپەیمانی کوردستانی نەبێت کە جددیەتی تیا بوون، دروست بوونی روانینێکی گشتگیرانەی نوێ نابێت تەنیا لەسەر وەقفی شیعی راوەستێت، بەڵکو پێویستە بە هاوبەشایەتی کوردو سوننەکان دروست بێت.. بۆ ئەوەی کەمێك قەیرانەکە بەرەو تەنك بوونەوە بچێت تا بەو روانینەوە بتوانرێت سەرلەبەری دیمەنەکە رێکبخرێتەوە..

*** باشە دوای ئەو هەموو هێنان و بردنەی لە ماوەی ئەم هەشت ساڵە روویداوە ئەنجام هەر دەگەڕێینەوە بۆ هەڵبژاردن و دەنگدانی کورد بۆ کوردو شیعە بۆ شیعەو سوننە بۆ سوننە، ئیتر کوا حکومەتی هاوبەشایەتی و یەکگرتوو؟**

- راستە نە سوننەیەك کاندیدێکی خەڵکی سەر بە کوت هەڵدەبژێرێت و نە خەڵکی موسڵ کاندیدی شیعەیەك هەڵدەبژێرن، بەڵام گرفتەکە لەو چینە دەسەڵاتدارانەدایە کە کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی گەمەی سیاسی وڵاتیان کردووە، لەو بڕوایەدام کە پێویستە گۆڕانکاری لە ناو ئەو چینە رووبدات، مەرج نییە ئەوەی نوێنەرایەتی سوننە بکات بریتی بن لەمانەی ئێستا بڕیاربەدەستن یان ئەوەی نوێنەرایەتی شیعە بکات ئەوانە بن کە ئێستا لە حوکمدان، پێویستە ئەمانە بگۆڕدرێن، دواتر تێگەیشتنی نێوان لایەنەکان بە شێوەیەك بن، نەبنە هۆی قۆرخکاری دەسەڵات، ئەمە بە هۆی قۆرخکاری روویداوە، بە واتای تێگەیشتنێکی وا هەبێت وا لە دەزگاکانی بڕیاردان بکات دەزگاگەلێکی وا بن وەك ئاوێنەیەك شەراکەت لە بڕیاریدا رەنگی تیا بداتەوە، ئەمە لە ماوەی ساڵانی هەشتی رابردوودا نەکراوە، لەو بڕوایەدام هەڵبژاردنەکان رەنگە گۆڕانکارییەك بهێننە ئاراوە، نەك بە گۆڕینی ناوی تازە بەڵکو بە گۆڕینی پێگەی رێکخراو و لایەنەکان کە دەبێتە هۆی گۆڕینی کۆی دیمەنەکە..

**قەیرانی ئەنبار دوا بەدوای ئەو ناکۆکیانەی ناو خودی هەناوی سوننەکانەوە هات، لێکەوتەکانیشی خراپ کەوتنەوە چ بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەندین گرووپی سەر بە قاعیدەوە لە ناوچەکانیان یان بەرپەرچدانەوەیان لە لایەن سوپاوە**

**دروست بوونی روانینێکی گشتگیرانەی نوێ نابێت تەنیا لەسەر وەقفی شیعی راوەستێت، بەڵکو پێویستە بە هاوبەشایەتی کوردو سوننەکان دروست بێت.. بۆ ئەوەی کەمێک قەیرانەکە بەرەو تەنک بوونەوە بچێت**

# ئایا هیچ دەرفەتێک بۆ دابینکردنی سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە بەردەم عێراقدا ماوە؟



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێش زیاتر لە حەوت ساڵ وەکو میوان بانگهێشتی دیدارێکی تەلەفزیۆنی کرام کە بێجگە لە من سێ رۆژنامەنووسی ئەڵمان و لە نێو ئەوانیشدا رۆژنامەنووسیی فەڕەنسی و بەرەچەڵەك ئەڵمانی پیتەر شۆرلاتۆر و رۆژنامەنووسی ئەمریکی لە حزبی کۆماری کە تا ئێستاش لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەرلین کاردەکات، میوانی دیدارەکە بوون. قسەو باسی دیدارەکەش زیاتر تایبەت بوو بەو توندوتیژییەی عێراقی گرتۆتەوە، هەروەها چۆن بیر لەوە بکرێتەوە کە چارەسەری گونجاو بۆ ئەو قەیرانە بدۆزرێتەوەو پاشان بەرپرسیارێتیی ئەمریکاش لەمەدا چییە؟ هەموومان لەو باوەڕەدابووین کە ئەم کێشە گەورەیە ئاوا بەم ئاسانییە چارەسەرناکرێت، دیارە هۆکارەکانیش زیاتر بریتی بوون لە برینی تایفەگەریی کە جەستەی کۆمەڵگەی عێراقی تەنیوەو ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەبەر سیستەمی پشکایەتیی نارەوای نێوان پێکهاتە و لایەنەکانی عێراق ئەم برینە زیاتر فراوان بووە، وێڕای دەستێوەردانی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دەوڵەتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی عێراق، دیارە هۆکاری سەرەکیی ئەم قەیرانەش زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دوای رووخانی رژێمی پێشوو دەروازەکانی سنووری عێراق خرانە سەر پشت و تیرۆریستان لە رێکخراوی ئەلقاعیدە بە لێشاو روویان لە وڵات کرد، بۆ مەبەستی رزگاربوون لەو شەپۆلەی کاری تیرۆریستی و دوورخستنەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا دوای رووداوەکانی ١١ی سێبتێمبەری ٢٠٠١ پارەو یارمەتییەکی زۆری دارایی تەرخانکرا، لە دیدارەکەدا سەرنجی ئەوەم دا کە ئەو رۆژنامەنووسە ئەمریکییە داکۆکییەکی سەرسەختی لە جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی حزبەکەی و پۆل بریمەری حاکمی عێراق دەکرد، بۆیە دوابەدوای تەواوبوونی دیدارە تەلەفزیۆنییەکە کە راستەوخۆ لە کەناڵی فینیکس (Pheonix)ی ئەڵمانییەوە پەخش دەکرا، رۆژنامەنووسە ئەمریکییەکە لێی پرسیم: پێتوایە کەی توندوتیژی لە عێراق کۆتایی پێدێت؟ منیش پێیم گوت: تۆ پێتوایە لە ماوەی شەش مانگدا کۆتایی بێت؟ ئەو گوتی: نەخێر پێشبینی دەکەم لە ماوەی پێنج ساڵدا تەواو بێت، پێیم گوت: من لەو ماوەیە زیاتر پێشبینی دەکەم، بەراستی کۆشکی سپی و جۆرج دەبلیو بوش هەر لە سەرەتاوە هەڵسوکەوتێکی هەڵەیان کرد، ئێوە ئیستراتیجییەتێکی روون و ئاشکرا و واقیع بینانەتان دەربارەی عێراق و کێشەکانی نەبوو، هەروەها گوێتان لە بیروبۆچوونی عێراقییەکان رانەدەگرت، زۆر لە خۆباییانەو بە لووتبەرزییەوە رەفتارتان دەکرد، تەنیا خەمتان رووخانی دکتاتۆر بوو، تاکو بە زووترین کات یەکێکی لە جێگە دابنێن، بەم شێوەیە ئەم گەلەتان رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەو کارەسات کردەوە کە پێموایە بۆ چەندین ساڵی دیکەش لێی رزگار نابێت و دەبێ ئەو میللەتە هەر خوێن و فرمێسك بڕێژێت.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەشت ساڵ، ئێمە تازە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ داین، هەمان پرسیار دەکرێت، ئایا هیچ دەرفەتێك بۆ ئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی لە عێراقدا ماوە؟ وەڵامەکەی ( نا ) و( بەڵێ )یە. وەڵامەکە بە (نا ) دەبێت ئەگەر حوکمڕانانی ئێستای عێراق بە هەمان عەقڵییەتی دواکەوتووی تایفی و لەسەر بنەمای پشکایەتی تایفی کاربکەن، ئەو پشکایەتییەی لەو کاتەوە دەستی پێکرد

کە ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوە بوون کە زیاتر جەختکردنەوە لەسەر ئارەزووی حزبە سیاسییەکانی ئیسلامی و ویستی ئەمریکا و پۆل برێمەر کە فاکتەری هاندەری تەشەنەکردنی پرۆژەی تایفی بوون تاکو عێراق هەمیشە سەقامگیر نەبێت و بەرژەوەندییەکانی خودی ئەمریکاو وڵاتانی هاوپەیمان و هاوڕێی و ئیسرائیل نەکەوێتە مەترسییەوە، کە ئەمەش لێکدانەوەیەکی هەڵە بوو، بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنی گشتی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکرێت نەیتوانی گۆڕانکاریی لە تەرازووی هێزەکان لە ناوخۆو ئەنجومەنی نوێنەراندا بکات و حکومەتێکی تازە پێك بهێنێت، ئەوا عێراق زیاتر دەبێتە جۆگەلەی خوێن و زیانێکی زۆر بە عێراقییەکان دەگات، وا دیارە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەرامبەر ڕووداوەکانی عێراق بێ باکە، ئەگەرنا دەیتوانی کارێکی وا بکات کە ڕێگە لە تیرۆریستان بگرێت و ئامۆژگاریش پێشکەش بە هاوڕێ دڵسۆزەکەی نوری مالیکی و حزبی دەعوە بکات تاکو سیاسەتە چەوتەکەیان سەبارەت بە پەرەسەندنی ململانێی چەکداری بگۆڕن، یاخود هەر نەبێ هەوڵ بدات ڕەوشەکە هێور بکاتەوە.

دەکرێ وەڵامەکە بە (بەڵێ) بێت، ئەگەرهاتوو هاوکارییەکی تەواو و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بێتە ئاراوە و لە ئێستادا سیاسەتەکانی مالیکی ڕەت بکەنەوە، بەڵام جورئەتی ئەوەیان نەبێت کە هەڵوێستێکی گونجاو بە ڕەتکردنەوەی تەواوی سیاسەتە چەوتەکانی مالیکی بگرنەبەر ئەویش بە کێشانەوەی متمانەو ڕاسپاردنی کەسێکی دیکە کە بتوانێت لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا بکاتەوەو تەواوی کێشەکان بە سیاسەت نەك تەنیا بە ئەمنی و سەربازی چارەسەربکات. ئەم چارەسەرە قورسەو دیارە ئەستەمیشە، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆربەی لایەنەکان ئەوەندە بوێر نین، چونکە ترسیان لەوەیە کە حوکم لە دەست حزبە ئیسلامییەکانی شیعە دەربچێت و بکەوێتە دەست حزبە ئیسلامییەکانی سوننە! بۆیە چاکترین چارەسەر و گونجاوترین شێواز بریتییە لە خوڵقاندنی زەمینەیەك کە بوار بڕەخسێنێت بۆ بنیادنانی تازە لە نێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لەڕووی سیاسی و هزری و نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییەوە و بەپێی ئەو دەستەواژەییە ڕەفتار بکەن(ئایین بۆ خواو، نیشتمان بۆ هەمووان)، دیارە ئەم هەنگاوەش بەوە دەست پێ دەکات کە هاووڵاتیانی عێراق ئەم ئەنجامە بەدەست بێنن لە ڕێگەی سندووقی دەنگدان و ڕێگەش لە هێزە تایفییەکان بگرن کە دەست بەسەر سندوقەکاندا نەگرن و ئاراستەی ئەو دەنگانەی کەبەدەست دێن بۆ بەرژەوەندیی تایفی و نانەوەی ئاژاوەو وێرانکاریی بەکاریان نەهێنن و تەنیا خزمەتی لایەن و بواری تایبەتی خۆیانی پێ بکەن.

دابین کردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ سازدانی گفتوگۆ و وازهێنان لە توندوتیژی و خۆپیشاندان و ناڕەزایی بەر لە هەموو شتێك پێویستی بەوە هەیە کە هەموو هێزەکانی حوکمڕان بە تەواوی بیرۆکەی تایفەگەری لە ڕەفتارو بۆچوون و هەڵسوکەوتی سیاسییان بسڕنەوە، دیارە ئەمەش تەنیا بەوە دێتە دی کە ئەو هێزانە سیاسەتی پێشێلکردنی ناسنامەی نیشتمانپەروەریی یەکگرتووی عێراق وەلاوە بنێن و بەهاو ڕووخساری گەشاوەی ئەو ناسنامەیە جارێکی دیکە بژێننەوەو بەرژەوەندییەکانی تایبەتیش بخەنە لاوە، تاکو چی دیکە ئەو عێراقە لەنێو ململانێی تایفی و ئیتنی و ئایینزاییدا نغرۆ نەبێت، لێرەدا ئەو دوو دیدگایە بەرامبەر یەك دەوەستنەوە، یەکەمیان بۆچوون و دیدگای (من) بەرامبەر دیدگای دووەم (ئەوی دیکە)، کە (من)ەکە هەڵگری ئاڵای حەق و عەقڵانیەت و پیرۆزییەو (ئەوی دیکە)ش هەڵگری ئاڵای ناحەق و نا عەقڵانی و دواکەوتوویيە! بۆیە کاتێ هەندێ تایفە پەرست لە ڕۆژنامەکاندا دەنووسن و لە کەناڵە زۆرو زەبەندەکانی ئەو وڵاتە قسەدەکەن یان لە مزگەوت و حوسێنییەکان وتاری ژەهراوی وا دەخوێننەوە کە تۆوی تایفەگەری و ڕق و کینە لە نێوان پێکهاتەکاندا دەچێنن، ئەم دیمەنانە وامان لێدەکەن کە بە شێوەیەك ئەم ڕاستییە بخوێنینەوە کە چی دیکە مرۆڤ نەتوانێت لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارانە بێ هەڵوێست بێت.

دیسان دابین کردنی زەمینەیەکی لەبار و دروست بۆ تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕی نێوان توێژەکانی گەل پێویستی بەوە هەیە کە گەل جارێکی دیکە بە ڕاستگۆیی و گیانی بەرپرسیارێتییەوە چاو بە ئەزموونی خۆیدا بخشێنێتەوە کە تەمەنی لە چەند دەیەیەك زیاترە، تەنانەت لە چەندین سەدە زیاترە کە ئەو سیستەمە سیاسییانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پابەندن بە ئایینی پیرۆز و شەریعەت و گرتنەبەری ئایینزایی تایفی بە واتا جوداخوازییەکەیەوە ئەوانەهەرگیز ناتوانن ریزەکانی گەل یەك بخەن و ژیانێکی تازەو سەقامگیر و هێمن و پێشکەوتووی بۆ بێننە ئاراوە، بەڵکو ئەو سیستەمانە کۆمەڵگەی وا بەرهەم دێنن کە هەمیشە لە ململانێ و شەڕوشۆڕ و جیاخوازیدابن هەروەك چۆن ڕژێمی بەعسی شۆڤینی پەیڕەوەی دەکرد.

دیارە ئەو فرە ئایینی و نەتەوەیی و ئایینزایی و فرە بۆچوون و ئایدیۆلۆژیی هەرگیز گرفتێکی وا نەبووە لە وڵاتدا کاتێ کە ئازادی و دیموکراسی و ژیانی دەستووری لە نێو میللەتدا باو بێت و هەموو لایەك بە تەواوی دان بە بوون و بیروباوەڕیی بەرامبەردا بنێت، جا ئەو بەرامبەرە لە هەر نەتەوەو ئایین و بیروبۆچوونێك بێت، هاوکات هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە کە باوەڕ بە هەر ئایینێك بێنێت و ئەم مافەش لە ڕووی نێودەوڵەتییشەوە دانی پێدا نراوە، چونکە فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی نیشانەی زیندوویی و پێشکەوتنی گەلە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك نەبۆتە لەمپەر لەبەردەم تێکڕای توێژەکانی گەلدا.

دوای ئەو قسانە لێرەدا پێویستە جارێکی دیکە ئەو پرسیارە دووبارە بکەمەوە، ئایا چ ڕێگەیەکمان لە پێشە تاکو بتوانین ئاسایش و سەقامگیریی ئاشتی و بنیادنان بێنینە ئاراوە و هەموو تاکەکانی گەلیش ئازادبن و سامانی وڵاتیان لەدەستدا بێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە زیاتر لەوەدایە کە پێویستە خەڵکەکە هۆشیاربێت و لەوە تێبگات کە سیستەمی حوکمڕانیی ئەم سەردەمەی وڵات لەسەر بنەمای تایفەگەری و پشکایەتیی سیاسی و ئایینزایی دامەزراوە و بە هەزاران مرۆڤی خێرلەخۆ نەدیوو کەم ئەندام و هەژارو برسی لەم وڵاتەداو لە سایەی ئەم سیاسەتەدا ژیان دەگوزەرێنن و بە هۆی تەقینەوەو تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی و سیاسییەوە هەزاران هاووڵاتی سڤیل کوژراون و بریندار بوونەو بە ملیاران دۆلاریش لەبەر شەڕو ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکان زیان بە بنیاد و ئابووریی عێراق گەیشتووە، بۆیە دەرئەنجام ئەگەر مەبەست لە گۆڕانکاریی بێت لە ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کلتووریی ئەم میللەتە، ئەوا پێویستە لەسەر هەموو ڕۆڵەکان زۆر بە وردی و هۆشیارانە سەرنجی ئەم ڕاستییە بدەن کە عێراق لەبەر بارودۆخی ئێستا پێویستی بە گۆڕانکاریی ریشەیی هەیە، بەڵام پێویستە لەگەڵ هەرهەنگاوێکدا بەرژەوەندیی باڵای نەوەکانی داهاتوو ڕەچاوبکرێت.

**هۆکاری سەرەکیی قەیرانی عێراق زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دوای رووخانی رژێمی پێشوو دەروازەکانی سنوور خرانە سەر پشت و تیرۆریستان لە ریکخراوی ئەلقاعیدە بە لێشاو روویان لە وڵات کرد**

**ئەگەر هەڵبژاردنی گشتی نەیتوانی گۆرانکاریی لە تەرازووی هێزەکان لە ناوخۆو ئەنجومەنی نوێنەراندا بکات و حکومەتێکی تازە پێک بهێنێت، ئەوا عێراق زیاتر دەبێتە جۆگەلەی خوێن و زیانێکی زورتر بە عێراقییەکان دەگات**

**فرە ئایینی و نەتەوەیی و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیی هەرگیز نابێتە گرفت لە عێراق کاتێ کە ئازادی و دیموکراسی و ژیانی دەستووری لە نێومیللەتدا باو بێت و هەموو لایەک بە تەواوی دان بە بوون و بیروباوەڕیی بەرامبەردا بنێت**

**پێویستە لەسەر هەموو رۆڵەکان زۆر بە وردی و هۆشیارانە سەرنجی ئەم راستییە بدەن کە عێراق لەبەر بارودۆخی ئێستا پێویستی بە گۆرانکاریی ریشەیی هەیە، بەڵام بە رەچاوکردنی بەرژەوەندیی باڵای نەوەکانی داهاتوو**

# ژێرخانی کوردستان پێویستی بە ٣٦ تریلیۆن دینارە

عەلی سندی
وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گوڵان):

## بۆ گەیشتن بە ئاییندەیەکی باشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە سیاسەتی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ دارشتووە

دکتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵاندا باس لەدوا وردەکارییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٤ی هەرێمی کوردستان دەکات کە سەرەڕای کەمبوونەوەی بەشە بودجەی هەرێم بەهۆی زیادبوونی بودجەی سیادیی و حاکیمەوە بۆ ٤٠ تریلیۆن دینار، بەڵام وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم بەشێوازێکی نوێ و میکانیزمی جیاواز لەساڵانی دیکە بودجە بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم و پرۆژەکانیان تەرخان دەکات، وەزیری پلاندانان لەم دیمانەیەدا وەڵامی چەندین پرسی دیکەی پێوەندار بە ژێرخانی هەرێمی کوردستان و پلانی ستراتیژیی پەرەپێدان و پرۆسەی سەرژمێری و بەرنامەو کاری داهاتووی وەزارەتەکەیانی دایەوە.





**بڕی ئەو پارەیەی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمساڵ دیاریکراوە، یەک تریلیۆن و ١٠٠ ملیار دیناری عێراقییە**

**بەهۆی زیادبوونی بودجەی سیادیی و حاکیمەوە لە١ تریلیۆن دینار لە ٢٠٠٨ بۆ ٤٠ تریلیۆن دینار لە ٢٠١٣ بودجەی هەرێمی کوردستان زۆر کەمی کردووە**

**ڕێژەی بودجەی سیادی و حاکیمە لە عێراق لە ٣٠٪ی کۆی گشتی بودجەی عێراق لە خۆدەگرێت**

*** وەزارەتی پلاندانان یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە پلانی حکومەت دادەڕێژێت، ئایا پرۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٤ بەکوێ گەیشتووە، ئەی بودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان چۆنە؟**

- بۆ پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠١٤، وەك وەزارەتی پلاندانان ئامادەکاریمان بۆ بودجەی وەبەرهێنان کردووەو وەزارەتی داراییش وەك لایەنی پەیوەندیدار ئامادەکاری بۆ بودجەی بەکارخستن کردووە، سەبارەت بە بودجەی وەبەرهێنانیش ئێمە بە شێوازێکی نوێ و مودێرن کارمان لەسەر بودجەی ٢٠١٤ کردووە، میکانیزمێکی سەردەمیانەمان پەیرەو کرد ئەویش بە دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ گشت وەزارەتەکان و دانانی سەقفێك بەپێی پێداویستیی خزمەتگوزارییەکان و چەندین ڕێنمایی دیکە، بێگومان وەزارەتی پلاندانان لە مانگی ٧-٨ی ساڵی رابردوو دەستی بە ئامادەکارییەکانی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ کرد، تا کۆتایی مانگی ١٠ی ٢٠١٣ ئێمە بەردەوام کارمان لەسەر ئامادەکاریی بودجەی ئەمساڵدا کرد، ئێستا جگە لە هەندێك نوێ کردنەوەی زانیارییەکان و چەند وردەکارییەکی تر زۆرینەی ئامادەکارییەکانی بودجە کۆتایی هاتووە، چاوەڕێ دەکرێت پێشکەش بە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ بودجەی وەزارەتی دارایی هەموار بکرێت، پاشانیش حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی دەکات تاکو دواتر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەربکەن. سەبارەت بە بودجەی پارێزگاکانیش کە لەلایەن بەغداوە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان بڕیاری لەسەر دەدرێت، بڕی ئەو پارەیەی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمساڵ دیاریکراوە، یەك تریلیۆن و ١٠٠ ملیار دیناری عێراقییە، ئەو پارەیەش بەپێی ڕێژەی دانیشتوان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دابەش دەکرێت بە هەر دوو ئیدارەی رانیە و گەرمیانیشەوە، بێگومان ئەم میکانیزمەی ئەم ساڵ وەزارەتی پلاندانان بەکاری هێناوە جیاوازە لەساڵانی رابردوو، ئەمەش ئەزموونی چەند ساڵی رابردووی وەزارەتی پلاندانانە، لە ئەزموونی ساڵانی رابردوودا بۆمان دەرکەوت کە چۆن و چ پرۆژەیەك لەلایەن چ وەزارەتێکەوە تەمویل بکرێت، هەروەها تەرخانکردنی بودجەی وەزارەتەکان بەپێی پێویستیی پرۆژەکان و ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و دیدگای ٢٠٢٠ی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو گیراوە.

*** بەڵام ئەو بودجەیەی کوردستان پێوەندیشی بە بابەتی بودجەی گشتیی عێراقەوە هەیە؛ خوێندنەوەی بەڕێزت بۆ بودجەی عێراق و پشکی کوردستان چییە؟**

- بەدڵنیاییەوە ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئەو بڕە بودجەیەین کە بۆمان دیارکراوە، ئەویش لە ڕێگای وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، سەبارەت بە بودجەی عێراق بە شێوەیەکی گشتی، بەداخەوە ئێمە ئەو لە ١٧٪ی بودجەیەی کە باس دەکرێت وەك بەشی هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژەیەمان وەرنەگرتووە، هۆکاری ئەمەش بۆ خەرجیەکانی سیادیی و حاکیمە دەگەڕێتەوە کە هەموو ئەم پارانە لە بودجەی گشتی عێراق کەم دەکرێنەوە، دوای ئەوە ڕێژەی لە ١٧٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت، هەروەك زانیارییەك بودجەی سیادی و حاکیمە لە ساڵی ٢٠٠٤ کە بڕەکەی یەك تریلیۆن دیناری عێراقی بووە، بۆ ساڵی ٢٠١٣ بۆ ٤٠ تریلیۆن دیناری عێراقی زیادکراوە، ساڵ لە دوای ساڵ بودجەی سیادی و حاکیمە بەرەو زیادبوون دەچێت بە بیانووی ئەوەی کۆمەڵێك خەرجی هەن کە حکومەتی عێراقی لە بەغدا سەرپەرشتیی خەرجییەکانی دەکات، ئەوەی کە زۆر گرنگە هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لێی ئاگادار بن ئەوەیە کە ئێستا ڕێژەی بودجەی سیادی و حاکیمە لە عێراق لە ٣٠٪ی کۆی گشتیی بودجەی عێراق لە خۆدەگرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جارە بگرە بە بەردەوام نیگەرانیی خۆی سەبارەت بەم پرسە گرنگە لەگەڵ حکومەتی ناوەند تاوتوێ کردووە، ئێمە پێمانوایە کە هەم ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەم حکومەتی ناوەند لە بەغدا خەرجیی زیاتر بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژێرخانی وڵات خەرج بکات، بەڵام بەرزبوونەوەی ئاستی خەرجییەکانی سیادی و حاکیمە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان و هەتا عێراقیش بە گشتی دروست کردووە، حکومەتی هەرێم لە گفتوگۆو دانوستان لەسەر ئەم پرسە بەردەوام دەبێت، چونکە بودجە ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە ژیانی هاووڵاتیان و داهاتووی کوردستان، دیارە ئەم گرفتە گەورە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەمە گرفتێکە کە بەبەردەوامیش هەموومان گوێمان لە زیادکردنی بودجەی سیادی و حاکیمە لەلایەن بەغداوە دەبێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە بودجەی هەرێمی کوردستان لە ١١٪ی کۆی گشتیی بودجەی عێراق تێپەڕناکات و ئەم بڕە پارەیەش لە ئاستی داخوازیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و دیدگای حکومەتی هەرێم بۆ ئایندەی کوردستاندا نییە.

*** کەواتە ئەو بودجەیەی کوردستان ناتوانێت کۆی ئەو پرۆژانە تەمویل بکات کە خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەقەزاو ناحیەکان داوای دەکەن، هەروەکو چۆن لەم دواییەدا داواکارییەکانی خەڵك لە قەزای سەیدسادق بۆ حکومەت بەرزکرایەوە؛ ئایا بۆ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانەو داواکاریی سەرجەم قەزاو ناحیەکانی تر چی دەکەن؟**

- بێگومان ویست و خواستی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زۆر زیاترە لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینی دەکات، بۆ نموونە وەزارەتی پلاندانان، بە هاوکاریی چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی رووپێوێکی زانستی و پسپۆری بۆ ژێرخانی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، بە تایبەتیش لە بواری تەندروستی و پەروەردەو ڕێگاوبان و بەنداو و ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ و کەرتی پیشەسازییەوە...تاد. بەپێی ئەم دیراسەیە هەرێمی کوردستان پێویستی بە ٣٦ تریلیۆن دینارە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ژێرخانی کوردستاندا هەن، ئەم بڕە پارەیە ئێستا پێویستە، بەڵام بەداخەوە ئەم بودجەیەی لەبەر دەستدایە ناتوانێت ئەم پێداویستیانە دابین بکات، لە واقیعی ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ساڵانە ٣ بۆ ٤ تریلیۆن دیناری عێراقی لە بودجەی وەبەرهێنان لە ژێرخانی هەرێمی کوردستان خەرج بکات، ئومێدەوارین بودجەکەمان بگاتە ئەم ئاستە کە بتوانین هەموو داخوازییەکانی هاووڵاتیان و بۆشاییەکانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەین.

*** لەهەڵبژاردنی پرۆژەو ریزبەندیی بودجەدا رەچاوی چی دەکرێت، ئایا ئەمساڵ ئەولەوییەت بەچی دراوە؟**

- دیارە کۆمەڵێك پێوەر و پرسیار هەن کە سوودیان لێوەردەگرین بۆ دابینکردنی بودجەی هەر وەزارەتێك، تەرخانکردنی بودجە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەزیفەیەی کە وەزارەتەکان هەیانە، ئەو وەزارەتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیان پێ دەدات وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی و کشتوکاڵ و پەروەردەو کارەبایە، ئەم وەزارەتانەی لایەنی سەرەکین بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان و حکومەتی هەرێمیش ئەم وەزارەتانەی خستۆتە لیستی ئەولەویەتەوە، بۆ ئەمساڵیش گرنگیی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ دراوە، ئەمە جگە لە چەند وەزارەتێکی دیکە، سەبارەت بە پێداویستیی وەزارەتەکانیش هەروەك پێشتریش باسم کرد بودجەی وەبەرهێنان لە نێوان ٣ بۆ ٤ تریلیۆن دیناری عێراقییە، ئێمە دەزانین ئەم مەبلەغە زۆر لە داواکاریی وەزارەتەکان کەمترە، بەڵام هیوادارین کە بتوانین لە داهاتوودا ئەم ڕێژەیە بەرزتر بکەینەوە بۆ ئاستێکی باشتر، ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەمساڵ تێبینی ئەوە دەکرێت کە زۆرینەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویانە ئاستی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی بودجەی وەزارەتەکانیان بۆ ئاستێکی زۆر باش بەرز بکەنەوە، ئەمەش ئاراستەیەکی ئەرێنی لە کارەکان و ڕاپەڕاندنی پرۆژەکان دەخاتە ڕوو.

*** چۆن هاوسەنگی لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لەدابەشکردنی پرۆژەکان دەکرێت، هەروەها پێتوانییە پێویستە بۆ ساڵی داهاتوو بودجەیەکی زیاتر بۆ هاووڵاتیانی کوردو پرۆژەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم تەرخان بکرێت؟**

- ئێمە هەموو ساڵێك بودجەیەکی تایبەت تەرخان دەکەین بۆ ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٢ بڕی ٥٠ ملیار دینارو لە ساڵی ٢٠١٣ بڕی ٧٠ ملیار دیناری عێراقی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان تەرخان کرابوو بۆ ساڵی ٢٠١٤ بڕە پارەیەکی باشتر لە ساڵانی رابردوو تەرخان کراوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاونیشتمانیانی خۆمان کە بەداخەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانن، دابینکردنی بودجە بۆ ئەم ناوچانە بێگومان فشارێك لەسەر بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان دروست دەکات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شانازییەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە خزمەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە پەرەپێدان و دابینکردنی ئەم بەشەی کوردستان کە بەداخەوە ئێستا لە هەرێم دابڕاون و لەلایەن حکومەتی مەرکەزی ئیدارەیان دەدرێت، بەڵام خزمەتگوزاریی و پەرەپێدانی ئابووری لەم ناوچانە زۆر کەمە، بۆیە حکومەتی هەرێم لە هەوڵەکانی بۆ ئاوڕدانەوە لەم ناوچانە بەردەوامە و ساڵ بە ساڵ بودجەی زیاتر دابین دەکات هەتا ئەو کاتەی تەواوی خزمەتگوزارییەکانیان پێدەگات.

*** ئایا پلانی ئابووری کە ماوەیەکە وەزارەتی پلاندانان سەرقاڵێتی بەکوێ گەیشتووە و پلانەکە چی لەخۆگرتووە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی گشتگیری داڕشتووە کە بە دیدگای ٢٠٢٠ی کوردستان ناسراوە، کە تەواوی کەرتەکان لە خۆدەگرێت، دیارە لە ٢٠١٣/٩/١٩ لە کۆنفرانسێکی فراواندا بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندیی نیشاندا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئەم دیدگایە، کە لە ئێستاوە هەتا ساڵی ٢٠٢٠، هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم پلانەکانی

**بودجەی هەرێمی کوردستان لە ١١٪ کۆی گشتی بودجەی عێراق تێپەڕ ناکات**

**لە واقیعی ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٣ بۆ ٤ تریلیۆن دیناری عێراقی دەتوانێت ساڵانە لە بودجەی وەبەرهێنان لە ژێرخانی هەرێمی کوردستان خەرج بکات**

**ئەو وەزارەتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیان پێدەدات وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی و کشتوکاڵ و پەروەردەو وەزارەتی کارەبایە**

خۆیان بەپێی ستراتیجییەتی ئەم دیدگایە دادەڕێژن، دیدگای ٢٠٢٠ی کوردستان ڕەچاوی گشت بوارەکانی ئابووری و پەرەپێدان و بازرگانی و تەندروستی و پەروەردەی لە هەرێمی کوردستان کردووە، لە سایتی وەزارەتی پلاندانان چەندین ڕاپۆرت هەن کە گوزارشت لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ داهاتوو، هیوادارم هاوڵاتیان بیانخوێننەوە و زانیاریی زیاتر لەمەڕ پێشکەوتنەکان و داهاتووی کوردستان بە دەست بهێنن.

***چۆن وەزارەتی پلاندانان بۆ ڕێکخستنی پلانەکان هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکاندا دەکات؟**

- هەروەک لەسەرەتادا باسم کرد وەزارەتی پلاندانان بە بەردەوام لە هەماهەنگیدایە لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ داڕشتن و دانانی پلانی ستراتیجی و درێژخایەن بە تایبەتیش لە بواری بودجەی وەبەرهێنان، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەکانی تر هەماهەنگییەکی زۆر باشیان هەیە لەگەڵ یەکتردا لەسەر ئاستی وەزیرە بەڕێزەکان و هەم لەسەر ئاستی بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان، ئێستا وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ڕابردوو لە پەیوەندی و هەماهەنگیدان، بە تایبەتی وەزارەتی پلاندانان کە وەزارەتێکی وابەستەیە بۆ ئەوەی ئاگاداریی پلان و پرۆژە ستراتیجییەکانی هەموو وەزارەتەکان بێت.

*** وەزارەتەکەتان لەگەڵ ژمارەیەک لەڕێکخراوە بیانییەکان پرۆژەو کاری جۆراوجۆری لەسەر سەرجەم سێکتەرەکان ئامادەکردووە، ئایا پێتوایە ئەو پێشنیار و ڕاسپاردانە کە کەسانی بیانی ئامادەی دەکەن خوێندنەوەی واقیعبینانەیە بۆ هەرێمی کوردستان واتا کۆپی وڵاتان و کۆمەڵگاکانی تر نین؟**

- بێگومان ئەزموونی ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکانی وەک ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی یان هەر ڕێکخراوێکی تر، ئەم ڕێکخراوانە وەک شارەزا ئامۆژگاریمان دەکەن لەسەر سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پرۆژەکان، دەتوانم بڵێم ئەم ڕێکخراوانە وەک بانکێکی زانیاری وان ئەوان زانیاریمان پێدەدەن، هەروەها پێمان دەڵێن چی ئەزموونێک لەچی وڵاتێك تاقیکراوەتەوە و سەرکەوتوو بووە یا سەرکەوتوو نەبووە، وەزارەتی پلاندانان نزیکەی ١٢ ڕاوێژکاری بیانی لەبەر دەستدایە بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزمونەکانیان، ئەم ڕێکخراوانە یان ئەم ڕاوێژکارانەی کە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان کار دەکەن هەموویان شارەزاو پسپۆری لێهاتوو و بە ئەزموونن، ئێمە توانیومانە لە چەندین بواردا سوودمەند بین، لە ئەزموونی دەرەکی بەتایبەتی لە بواری داتا و ڕووپێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چەندین بواری تر کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر بڕیاردان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێویستە ئەوەش بووترێت کە هەر پرۆژەیەك لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە پێشنیارکرابێت دابونەریت و باروودۆخە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەبەرچاو گیراوە، بە بەرگێکی کوردی خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی دەرەکی شتێکی زۆر باشە لە دنیاشدا باوە کە وڵاتان سوود لەیەکتر وەردەگرن، بەڵام هەر ئامۆژگارییەك یان هەر پرۆژەیەك پێشنیارکرابێت لەلایەن هەر ڕێکخراوێکی بیانییەوە، بڕیاری لەدەستی خۆمان بووە، کورد خۆی بڕیاردەدات کە پێشنیارەکان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە یان نا. حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی زۆری لەم ڕێکخراوانە وەرگرتووە و کاریگەریی خۆیان هەبووە لەسەر بووژاندنەوەی کوردستان، بۆ نموونە ڕێکخراوی (هابیتات)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتێکی بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە بواری نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە، هەروەها ڕاپۆرتی سینا کە ئێمە لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان کردوومانە لەم ڕاپۆرتەدا کە بە (سینا) ناسراوە چەندین نیشاندەر هەن کە دیسەلمێنن باری ئابووریی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لە گەڵ چەندین وڵاتدا بە تایبەتیش چەند وڵاتێکی دراوسێی حکومەتی هەرێم، هاووڵاتیانی هەرێمیش بە چەندین قۆناغ لە پێشەوەن و بێجگە لە چەندین ڕاپۆرتی تر، هەموو ئەم هاوکاریانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە خۆشبەختانە ئێستا ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە پلەیەکی زۆر بەرز بە تایبەتی لە بواری دابینکردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان.

*** پرۆسەی سەرژمێری چی بەسەر هاتووە ئایا بۆچی ئەم پرۆسەیە دوادەخرێت، سەبارەت بە پرۆسەی سەرژمێریی کوردستانیش بۆچی ئەنجام نادرێت؟**

- بێگومان پرۆسەی سەرژمێری لە عێراق بە سیاسی کراوە، هەڵوێستی ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرمان پێخۆشە کە ئەم پرۆسەیە لە عێراق ئەنجام بدرێت، بەڵام ئێمە ڕێگامان پێنادرێت تاکڕەوانە ئەم پرۆسەیە لە کوردستان بەبێ ڕەزامەندی و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئەنجام بدەین، چونکە بەپێی یاسا لە عێراق ڕێکخراوە و پێویستە حکومەتی ناوەند پرۆسەی سەرژمێریی گشتی بەڕێوەببات.

*** تاچەند داتاو ئاماری وردمان سەبارەت بە ڕێژەی بێکاری و هەژاری و هەڵاوسانی نرخ و بوارەکانی تر هەیە؟**

**ئەمساڵ تێبینی ئەوە دەکرێت کە زۆرینەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویانە ئاستی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی بودجەی وەزارەتەکانیان بۆ ئاستێکی زۆر باش بەرز بکەنەوە**

**بۆ ساڵی ٢٠١٤ بڕە پارەیەکی باشتر لە ساڵانی ڕابردوو بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاونیشتمانیان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تەرخان کراوە**

**وەزارەتی پلاندانان نزیکەی ١٢ ڕاوێژکاری بیانی بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانیان لەبەر دەستدایە**

- حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان توانیویەتـــی بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان ئامارێکی پوختە ئامادە بکات سەبارەت بە بێکاری کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانی ســـەر بە وەزارەتی پلاندانان بەپێی ئەو سیســـتەم و میکانیزمانەی بـــۆ رووپێویەکە دانراون ئەنجامی داون، رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردســـتان بە بەراورد لەگەڵ بەشـــەکانی تری عێراق بگرە هەندێك وڵاتی دراوسێش زۆر کەمترە، بە هەمان شێوەش رێژەی هەڵاوسانیش، هەموو داتاکان لەسەر ویبسایتی وەزارەتی پلاندانان (www.mop.krg.org) و ویبســـایتی دەستەی ئامـــاری هەرێـــم (www.krso.net)، بڵاوکراونەتەوە و هەموو هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردســـتان، دەتوانێت ئەم زانیاریانەی دەستکەوێت، سەبارەت بە رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردســـتاندا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣دا ٥،٢٪ بووە بەهەمان شـــێوە رێژەی هەڵاوســـان بەبەراورد لەگەڵ تشـــرینی دووەمی ٢٠١٢ بۆ تشرینی دووەمی ســـاڵی ٢٠١٣ رێژەی هەڵئاوســـان لەهەرێمی کوردستان ٣،٥٪یە.

*** وەکـــو وەزیرێکی پلاندانان و شـــارەزایەکی ئابووری پێتوانییە رێژەی نرخ هەڵاوسان زۆرە بەتایبەتی لەبواری تەندروستی و گرانی دەرمان و نەشتەرگەریدا؟**

- زۆری رێژەی هەڵاوســـان دەگەڕێتەوە بۆ ویســـت و خواست لە هەرێمی کوردستان کە دروست بووە، بۆ نموونە ویست و خواست لە خۆراك لەلایەن هاووڵاتیان زیاد دەبێت بەهەمان شـــێوەش هەڵاوسان دروســـت دەبێت، دیسان بۆ کەلوپەلەکانی تر و هاوردەکردنی کەلوپەل و بەرزبوونەوەی مووچەش فاکتەرێکی ترن بۆ بەرزبوونەوەی هەڵاوسان، بەڵام کۆنترۆڵکردنی هەڵاوســـان لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردســـتاندا نییە، بەڵکو لە دەســـتی بانکی ناوەندیی عێراقە، دەبێ هەڵاوسان کۆنترۆڵ بکرێت.

*** تاچەند توانراوە لەرووی پەرەپێدانی مرۆییەوە پەرە بە سەرمایەی مەعریفی بدرێت، بەتایبەتی کە ئێوە خاوەنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتین بەو ناوەوە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەگشتی و وەزارەتی پلاندانان بە تایبەتی بە بەردەوام لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاســـتی کارمەندانـــی حکومەتـــە، چەندیـــن خول و وۆرك شـــۆپ لە نێوخۆی کوردســـتان و لـــە دەرەوە بۆ کارمەندانـــی حکومی کراوەتەوە، ئەم خول و راهێنانەش رەنگدانەوەیەکی ئەرێنیان هەبووە لەسەر بەرەو پێشوەچوونی ئاستی کارمەندان، بە هەمان شێوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەیەکی باشی تەرخانکردووە بۆ کارمەندانی خـــاوەن بڕوانامـــەی زانکۆ کە لە رێـــگای بەرنامەی تواناسازی دەتوانن لە دەرەوەی وڵات بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا بەدەســـت بهێنن، ئەم هەوڵانە بۆ باشـــترکردنی سیســـتەمی بەڕێوەبردن و پەروەردەکـــردن و ئیدارەدانی هەرێمی کوردستانە.

*** دوا پرسیارمان بۆ بەڕێزت دەهێڵینەوە گەر بەپێویستی بزانیت بوارێکی گرنگ هەبێت بەتایبەتی لەساڵی نوێدا کە هەنگاوی بۆ دەنێن؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردســـتان چ لـــە رابردوو یان لە ئێستاو داهاتووشـــدا بەردەوام لە هەوڵی باشترکردنی سیســـتەمی حکومڕانییـــە، لە داهاتووشـــدا بە هەمان شـــێوە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بـــە هاووڵاتیان و کەمکردنـــەوەی رۆتیـــن لـــە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی یاســـا و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردســـتان و ریفۆرمکردنی کەرتی پەروەردەو تەندروســـتی وەك ئەولەویەتێك کاری لەســـەر دەکرێت، دیارە ئەم داواکاریانەش، داواکاریی هەموو لایەکە، بۆیە ئێمە زۆر بە گەشـــبینییەوە دەڕوانینە ئاییندەی هەرێمی کوردستان و گەشبینیشین کە کوردستانیان داهاتوویەکی پڕشـــنگداریان دەبێت، ئێســـتا هەرێمی کوردســـتان بە ئاراســـتەیەکی راست تێدەپەڕێت، ئاشتی و ئابوورییەکی بەهێزو جێگیر ویســـت و ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانە، هەر بۆ گەیشـــتن بە ئاییندەیەکی باشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێســـتاوە سیاسەتی بۆ ســـاڵی ٢٠٢٠ دارشـــتووە کە بە دیدگای ٢٠٢٠ی کوردستان ناسراوە، ئەم دیدگایەمان بۆ ٢٠٢٠ ئەوەیە کە هەموو خەڵکی هەرێمەکەمان ســـوودمەندبن لە ئازادی، تەندروســـتی، خۆشـــگوزەرانی و ئاســـایش و دەرفەتی ئابووری، چەندین ئامانج هەن کە لە ئێستاوە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان کاری لەســـەر دەکات گرنگترین ئامانجەکانیش بریتین لە: یەکەم بەکارخستنی حکومەت لە خزمەتی خەڵکدا، دووەم بونیاتنانی هەرێمی کوردستان کە لـــە رووی ئابوورییەوە بەهێز و گەشەســـەندوو بێت، سێیەم بونیاتنانی هەرێم لەســـەر مێژووی دەرفەتەکان، چوارەم بونیاتنانی ژێرخانی هەرێم لە هەموو بوارەکاندا.

دیـــارە ئەم ئامانجە چەندین ئاراســـتە و جەمســـەر بۆ پێشـــکەوتن و پەرەپێدانی کوردســـتان لـــە داهاتوودا لە خۆدەگرێـــت، لە چەند ســـاڵی رابـــردوودا حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، ئێســـتا هەرێمی کوردستان لە ناوەندە بیانییەکان وەك وڵاتێکی تازە پێگەیشـــتوو بە پێشـــکەوتووترین ناوچە ناودەبەن، بـــەڵام ئێمە پێمانوایە ئەمە ســـەرەتای دەســـتپێکردنی ئاییندەیەکی گەشدارە لە کوردســـتان، داهاتوومان پێویســـتی بە ئێســـتایە بۆ بنیاتنان.

**کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵکو لە دەستی بانکی ناوەندی عێراقە و دەبێ هەڵاوسان کۆنترۆڵ بکرێت**

**پرۆسەی سەرژمێری لە عێراق بە سیاسی کراوە، ئێمە رێگامان پێنادرێت تاکڕەوانە ئەم پرۆسەیە لە کوردستان بەبێ رەزامەندی و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئەنجام بدەین**

**رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ و ٥،٢٪ بووەو رێژەی هەڵاوسانیش لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ لە ٣،٥٪**

# نا ئارامییەکەی تورکیا



دۆغو ئەرگیل*

تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە

ساڵی ۲۰۰۳ بە ئابڕووچوونی گەندەڵی لە تورکیا کۆتایی هات. چەند وەزیرێکی کابینەکە، و کوڕەکانیان و هەندێ بەرپرسی دیکە تۆمەتبارکران بە وەرگرتنی بەرتیل و بردنی داهاتی گشتی بەشێوەیەکی ناڕەوا، ئەو بەڵگانەی لەلایەن پۆلیس و داواکارەوە کۆکرانەوە، بەڵگەگەلێکی قەناعەت پێهێنەر بوون.
لە کاتێکدا دادگاییەکە بەڕێوە دەچوو، حکومەتەکەی ئاك پارتی هەڵمەتێکی پەیوەندییە گشتییەکانی خستەگەڕ بۆ چاککردنەوەی ئەو زیانانەی لێیکەوتبوو. لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر خودی سەرۆك وەزیران، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان خۆی زنجیرەیەك لە کۆبوونەوەی گشتی ئەنجامدا و کەناڵەکان تی ڤی بەکارهێنا بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو هەستە سلبییەی لای ڕای گشتی دروست بووە لە وەرزی هەڵبژاردنەکاندا، کە بەشێوەیەکی مەترسیدار زیان بە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا دەگەیەنێت.
دوایین هەوڵەکانی کۆبوونەوەیەك بوو کە لە ٤ ی کانونی دووەمدا لەگەڵ ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووس و ستوننووسدا ئەنجامیدا و کۆبونەوەکەش لە باخچەی پشتەوەی کۆشکێکی شاهانەی عوسمانی بە ناوی (دۆڵمە باهچە)وە سازکرا. ئامادەبوونیان بۆ ئەوەبوو بە ڕەسمی دوایین ڕوداوەکانیان پێ ڕابگەیەنێت، بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەر بن بەسەر ڕای گشتییەوە پێش هاتنی ئەو زنجیرە هەڵبژاردنانەی بڕیارە ئەنجام بدرێن.
گومانی تێدا نییە ئەو زیانەی بە وێنەی ئاك پارتی حکومڕان گەیشتووە بەهۆی تۆمەتەکانی گەندەڵی و بەرتیلەوە سەرۆك وەزیران و حکومەتەکەی بێزارکردووە. دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر بەرپرسانی پۆلیس کە تۆمەتبارن بە کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان و ئەو داواکارە گشتیانەی داوایان لە دژی وەزیرەکانی حکومەتەکە و کوڕەکانیان و قائیمقامەکان بەرزکردەوە، ئەو تێڕوانینەی دروستکردووە کە حکومەت هەوڵی پەردەپۆشکردنی ئابڕووچوونەکەی دا. چەندین پرسیار هەبوون بۆ ئەوەی وەڵام بدرێنەوە و چەندین گومان هەبوون بۆ ئەوەی بوروژێنرێن. سەرۆك وەزیران کاراترین تاکتیکی بەرگریکردنی هەڵبژارد: هێرشی پێچەوانە.
ئەو بە دەگمەن باسی لە تۆمەتەکانی گەندەڵی کرد و ڕایگەیاند کە پێویستە ئەم پرسە بۆ دەسەڵاتی دادوەری جێ بهێڵرێت (ئەگەرچی ڕەخنەی سەرسەختانەی لەم دەزگایە گرت بەوەی لەلایەن تاقمێکەوە دەستی بەسەردا گیراوە کە نیازی خراپیان هەیە) تاوەکو بە دواداچوونی بۆ بکات. کرۆکی مشتومڕەکەی ئەوەیە، کە ئەم گەندەڵییە پاساوێکی پیلانگێرانەیە بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی و بۆ پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی هەڵکشانی تورکیایە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەمە پیلانێك بوو کە بە باشی ڕێکخرابوو و تەوقیتێکی باشیشی بۆ هەڵبژێردرابوو لەلایەن

ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە و ئەوانەی لە ناوخۆوە دەستیان تێکەڵکردووە لەگەڵیاندا.

هەمان تاکتیك لەگەڵ هەمان خیتاب دوای ناڕەزاییەکەی جیزە پارك بەکارهێنرا، ئەو ناڕەزایەتیانەی هاوینی ڕابردوو ڕوویاندا و خەڵکەکەش باوەڕی بە پاساوەکانی حکومەت هێنا. ئەو پاساوەی لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە بەکارهێنرا سێ دەماری هەستیاری ورووژاند کە هەمیشە سەرکەوتوو دەبن:

١. هەمیشە وڵاتەکەمان ڕووبەڕووی مەترسی هاتنەناوەوە و خراپەکاری هێزە دەرەکییەکان بووەتەوە. پیلانگێڕیە شەرانیەکان دەخرێنەگەڕ بۆ لەبابردنی هەوڵەکانی هێنانەدی بەرەوپێشچوون و خۆشگوزەرانی.

٢. پێویستە یەکگرتوو بین و جیاوازیەکانمان بخەینەلاوە کاتێك ڕووبەڕووی ئەم کارەساتە نەتەوەییانە دەبینەوە، ئەگەر لەسەر ئاستی نەتەوەیی تەبا بین ئەوا دەتوانین بەسەر پیلانە دەرەکییەکاندا زاڵبین.

٣. دەبێت شەڕێکی نوێ بە ناوی «شەڕی ڕزگاری» بەرپابکەین لە دژی هێرشێکی جیهانی لەم شێوەیە کە دەکرێتە سەر وجودی ئێمە. ( شەڕی ڕزگاری/ سەربەخۆیی لە ١٩١٩-١٩٢٢ بۆتە مەرجەعی هاوبەش و مایەی شانازی بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی تورکیا کە ڕەمزە بۆ کاری هاوبەش و تەبایی و قوربانیدان.)

گومانی تێدا نییە ئەم پاساوانە کە پێشتر تاقیکراونەتەوە بۆ ئەوە بوون قەناعەت بە هاووڵاتیان بهێنن، ئەو هاووڵاتیانەی خوازیاری پشێوی، و داتەپینی ئابووری و لەدەستدانی دەستکەوتەکانی دەیەی ڕابردوو نین کە لە سایەی ئاك پارتی حکومڕاندا بەدەست هاتوون.

سەرۆك وەزیران ئەردۆغان باس لەوە دەکات حکومەتەکەی داهاتی نەتەوەیی چوارهێندە کرد لە ماوەی ١١ ساڵی سەرکردایەتی ئەودا. کەواتە ئەگەر گەندەڵی هەبێت ئەوا بەو ڕێژەیە نییە، چونکە ئەمە زیادەڕەوی تێداکراوە. بەڵام سەرکەوتنەکانی وڵاتەکە ڕکابەر و دوژمنەکانی تورکیای بێزارکردووە کە هەوڵی کەمکردنەوەی هێز و دەسترۆیشتویی هەڵکشاوی تورکیایان خستەگەڕ.

پیلانە شەڕانگێزیەکە سروشتێکی نێودەوڵەتی هەیە و لەلایەن شەریکە ناوخۆییەکانیانەوە پشتیوانی لێدەکرێت، ئەوانەی «بونیادێکی هاوتەریب» بە هیرارکیەتی دەوڵەتیان دروستکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دڵسۆزی ئەوان بۆ دەوڵەت نەبوو بەڵکو بۆ ڕێکخراوەکەیان بوو و خاوەنی هیرارکیەتی خۆیان بوون. ئەم ڕێکخراوە سێبەرە وەك تاقمێك چەتە وان کە دەستیان بەسەر ئیرادەی نەتەوەدا گرتووە و لە ڕێی دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا و دام و دەزگا دادوەریەکانەوە دەسەڵاتیان بەدەستهێناوە. کە دەبێت بە بێ هیچ سازش و سەودا و مامەڵەیەك هەردوولایان پاکتاو بکرێن. دەسەڵات دابەش ناکرێت و پێویستە «تاقمە چەتە»کە ئاشکرا بکرێن و ڕیشەکێش بکرێن.

بە گوێرەی لێدوانێکی گشتی ڕاوێژکارە باڵاکەی -دەربارەی زیانێکی دیکەی ئەم تاقمە چەتەیە- جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە «سوپای نیشتیمانی بۆتە ئامانجی پلانگێڕیەکە». لێدوانەکە لەگەڵ لێدوانەکەی سەرۆك وەزیراندا هات کە دووبارە دادگاییکردنەوەی ئەفسەران و لایەنەکانی دیکە کە هەوڵی کودەتایان داوە، بەڕێوەیە.

پەیامەکە بە دەنگێکی بەرز و بە ڕوونی ڕاگەیەنرا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت چەند پرسیارێکی وەڵام بدرێنەوە:

١. ئایا ئەم تاقمە چەتەیە لە کوێوە هاتوون، کە توانیویانە لە هەستیارترین دامەزراوەکانی تورکیادا ڕۆبچن؟ ئایا ئەمە بەشێك بوو لە هاوپەیمانێتیەکی بەربڵاوتر کە بوونە هۆی ئەوەی ئاك پارتی بگەیەننە دەسەڵات؟ ئەگەر وایە ئایا چ شتێك بووە هۆی ئەوەی شەرعیەت لەدەست بدات؟

بە کورتی ئایا سروشتی ئەم ناکۆکییە بەردەوامە چییە؟

٢. حکومەتەکەی ئاك پارتی سەرکەوتو بوو لە کۆتایی هێنان بە دەسترۆیشتوویی سەربازی بەسەر سیستەمە سیاسیەکەدا. کەیسە یەکلاکەرەوەکانی دادگا دژی فەرمانبەرە سەربازیەکان، ئەوانەی تۆمەتبارکران بە ڕێکخستنی زنجیرەیەك کودەتا دژی حکومەت و پەرلەمان، بوونە هۆی وروژاندنی دژومنایەتیی هێزە چەکدارەکان.

لەگەڵ دەرکەوتنی ڕکابەر/دوژمنی نوێدا، ئایا حکومەت هەوڵی بەدەستهێنانەوەی دوژمنە کۆنەکەی دەداتەوە لە کاتێکدا کە پێی وایە هەڕەشەیەکی وجودی لەسەرە و سەرچاوەکەشی «دوژمنە نوێ» یەکەیە. حاڵی حازر پێنج پەرلەمانتارە کوردەکە و بە هەزاران چالاکوانی سیاسی کە لە زینداندان سوود لەم دەرفەتی دووبارە دادگاییکردنەوەیە وەردەگرن.

ئەم هەنگاوە ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە ئایا حکومەت بنکەی هەڵبژاردنی خۆی لە ڕێی هاوپەیمانێتی نوێ و چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دژی دوژمنی نوێ بەرفراوانتر دەکات. ئەگەر وایە، یاساکان و نۆرمە یاساییەکان بوونە هۆی ئەوەی ئەو خەڵکانە بۆ چەندین ساڵ بخرێنە زیندانەوە، کە ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ سەروەریی یاسا و ڕێوشوێنە یاساییەکاندا. بۆچی ئەم نۆرم و یاسایانە تا ئێستا بە دەستکاری نەکراوی ماونەتەوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی چەندین کەس دووچاری ئێش و ئازار ببنەوە و وێنەی تورکیا لەکەدار بکەن؟

وەڵامەکان هەرچییەك بن، ئەوا ئەم قەیرانە دەرفەتێکی بەهادارە بۆ ڕیفۆرمکردنی سیستەمە ئیداری و یاساییە بەسەرچوو و خۆسەپێنەکە. ئومێدەوارم دەرفەتەکە لەدەست نەدرێت.

**ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کەناڵەکان تی ڤی بەکارهێنا بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو هەستە سلبییەی لای ڕای گشتی دروست بووە لە وەرزی هەڵبژاردنەکاندا، کە بەشێوەیەکی مەترسیدار زیان بە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا دەگەیەنێت**

**چەندین پرسیار هەبوون بۆ ئەوەی وەڵام بدرێنەوە و چەندین گومان هەبوون بۆ ئەوەی بورووژێنرێن. سەرۆك وەزیران کاراترین تاکتیکی بەرگریکردنی هەڵبژارد: هێرشی پێچەوانە**

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

لەپازدەیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی کوردستان

# (کوردستان تیڤی)..

## گەیشتن بەزانیاریی و پابەندبوون
## بە ڕاستیەکانەوە لە پرەنسیپەکانی رۆژنامەگەرییە

## بەرنامەکانی ئەم کەناڵە تا ئەوپەڕی سنووری ئەو
## ئەرکە نیشتمانیانەیە کە نەخشەی بۆ داڕێژراوە

پێش پازدە ساڵ لەمەوبەر یەکەمین کەناڵی ئاسمانی لە کوردستان بە ناوی (کوردستان تیڤی) بەزمانی زگماکی کوردییەوە دەستی بە پەخشی خۆی کرد، ئەم کەناڵە بەدەستکەوتێکی مێژوویی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا دادەنرێت، بۆ یەکەمین جار لە رێی وێنەوە کوردو کەلتوورو فەرهەنگ و خەباتە مێژووییەکەی کوردستانی نیشانی هەموو دنیا دا، بەرادەیەك لەو سەردەمەدا سنوورە پۆلاینەکانی تێکشکاندوو ناسنامەی نەتەوەیەکی بەجیهانی دەرەوە ناساند. کوردستان تیڤی بوو بە لینکێکی کارا لە نێوان هەرچوار پارچەی کوردستان و رەوەندانی کوردی وڵاتانی ئەوروپا، بەمەش ئەم سەتەلایتە بە یەکەمین کلیلی کردنەوەی یەکەمین دەرگا دادەنرێت لە گەیاندنی رەنگ و دەنگی رەسەنانەی کوردستانی بۆ سەرتاپای جیهان، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی لەکوردستان لەو سەردەمەدا چاوەڕوانی گۆڕانکاریی گەورە بوون لەهۆیەکانی راگەیاندندا؛ کوردستان تیڤی لە رێگای بەرنامەکانیەوە توانیویەتی میدیای کوردی لە قۆناغی لۆکاڵی تێپەڕێنێت بەرەو میدیای گلۆباڵ هەنگاوی پێ بنێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەرەپێدانێك بووە لەمیدیای کوردستانی و دەکرێت بە وەرچەرخانێك دابنرێت لەناو هۆیەکانی راگەیاندنی کوردیدا، کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا بە بەهێزیتی کارایی خۆی سەلماندووە، دواتر بوو بە سەکۆیەك بۆ وتوویژکردنی نێوان بۆچوونە جیاوازەکان و گوێ بۆ دەنگە جیاوازەکانیش راگرێت و بە بێ جیاوازی لە نێوان هەموو ئیتنی و ئاینزاو بیروڕا جیاوازەکانی گەلی کوردستان گرنگی دا بە کوردانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان، هەربۆیە لەسەرەتای پەخشیەوە بەحەوت زمان و زاراوە بەرنامەکانی پەخش دەکردەوە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ گەیاندنی پەیامە نەتەوەیی و نیشتمانیەکە و گرنگیدان بە دۆزی کوردو ئەزموونەکەی بە گشتی، ئێستاش ئەم کەناڵە نەزمی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نەزمی بونیادنانی نەتەوە، کە ئەمەش بە سەرلەنوێ دروستکردنەوە دەناسرێت، لە ماوەی پاش خەباتی چەکداری، ئەم نەزمەی کارکردن بەسەر ئەو وڵاتانەدا جێبەجێ دەبێت کە لە ململانێی توندی وڵاتانی داگیرکارەوە دەردەچن، هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی ئەو وڵاتانە پێویستی بە پرۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانەوە هەیە لە بنچینەوە تا دەگاتە لوتکە، لەو حاڵەتەدا ئەرکی کەناڵی راگەیاندن جەخت کردنەوەیە لەسەر بایەخدان بە دامەزراندنی دامەزراوەی حکومیی توانادار لەسەر مانەوەو خودبژێوی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن بە شێوازێکی دیموکراتیانە، بۆ ئەم مەبەستەش کەناڵێکی ئاسمانی بەرپرسیارانەی وەك کوردستان تیڤی دەچێتە ناو چوارگۆشەی یەکەمی ستراتیژی گەشەپێدانی نیشتمانی کوردستان بۆ بەهێزراگرتنی قەوارەی نەتەوەیی کوردی و هەموو نەتەوەو ئاینزاکانی تری لە کوردستاندان..

سەتەلایتی کوردستان تیڤی لە رێگای دەستەبژێرێك لە رۆژنامەنووس و نووسەرانی بەتواناوە بەبەردەوام لەهەوڵی گەیاندنی راستیەکاندا بووەو ئامانجی دوور مەوداشی هەبووە، بەشێوەیەك لەگواستنەوەی دەنگ و باس و هەواڵەکانیدا و لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکاندا بوێرانە لە کاردا بووە و رەچاوی بەرژەوەندی گشتیشی کردووە، هەر ئەمەشە وایکردووە لەهەموو ئەو راپرسیانەی لەچەند ساڵی رابردوو ئەنجامدراون، کوردستان تیڤی لەریزی پێشەوەی ئەو دەزگایانەدا بووە کە رەچاوی راستگۆیی و پرەنسیپەکانی رۆژنامەگەریی کردووە. لەپازدەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی کوردستان تیڤی لە لایەن تیمێکی گۆڤاری گوڵان ـ وە چەندین رۆژنامەنووس و کادیری ناو ئەو کەناڵە بەسەرکرانەوە کە لێرەدا هەندێك لە پوختەی بۆچوونەکانیان بڵاودەکەینەوە.

## کارکردنی پرۆفیشناڵانە و راستگۆیی لە گەیاندنی هەواڵ دا

کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی لەسەر راسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی دامەزراوە، هەربۆیە هەر لە دەسپێکی دامەزراندنیەوە، رەچاوی بە دروستی هەست و چاوی بینەرانی کردووەو هەوڵی ئەوەی داوە متمانەی بینەرانی لەدەست نەدات و بوێرانە بە پابەندبوونی بە بەهاکانی مرۆڤایەتییەوە ڕووماڵی هەواڵ و ڕووداوەکانی دوور لەناوزڕاندن و لەکەدارکردن بڵاوکردونەتەوە، ئەمەش لەو روانگەیەوە هاتووە((راگەیاندنی باش راستیەکان بڵاودەکاتەوە دوور لەناوزڕاندن و لەکەدارکردن؛ هەروەها خۆی بە دوور دەگرێت لە بڵاوکردنەوەی زانیاری چەواشەکارانە ..)) هەر ئەمەشە وای کردووە بینەر لەگەڵ دەنگ و باسەکان و بەرنامەکانی ئەم کەناڵە بێزار نەبێت لەراستگۆیی زانیاریی گەیاندنیدا متمانەی لادروست بووە.

ئیبراهیم حاجی ساڵح بەرێوەبەری پێوەندییەکان لەکەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی وتی: ئەزموونی پەخشی سەتەلایت لەو دەمەی کوردستان تیڤی تێیدا دامەزرا، وەکو ئێستا کارێکی ئاسان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپاڵپشتی سەرۆك بارزانی توانراوە بۆ یەکەمینجار لە رێگای ئەم کەناڵە ئاسمانییەوە دەنگ و رەنگی کوردستان بەجیهانی دەرەوە بناسرێت و بگرە ببێتە مینبەرێك لەنێوان کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستاندا، لینکێکیش بووە لەنێوان کوردستان و رەوەندی کوردی لەدەرەوەی هەرێم، ئەمە جگە لەوەی پەخشکردنی سەتەلایتێك بە حەوت زمان کە جگە لە زمانی کوردی و زاراوەکانی، زمانی پێکهاتەکانی نەتەوەیی تورکمان و عەرەب و سریانیشی لەخۆ گرتبوو، ئەمە سەرەتای کارێکی گرنگ بوو بۆ ئەزموونی راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان، بەشێوەیەك سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستانی خۆیان لەناو ئەم سەتەلایتە دۆزییەوە. ئەمرۆ دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە سەتەلایتی کوردستان رۆڵی خۆی لەگەیاندنی خواست و ویستەکانی خەڵکی هەیە بۆ حوکمڕانی باش، هەربۆیە لە رێگای داتابەیسەوە پێوەندییەکانمان لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکان و شارەزایان و رۆژنامەنووسان و بەرپرسان بەهێزتر کردووە، تاوەکو نەك تەنیا ببینە پردێك بۆ گەیاندنی هەواڵ و راستییەکان بەڵکو بەشێکیش بین بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەو گرفتەکان، ئەمرۆ کوردستان تیڤی کەناڵێکی سەرەکی هەموو خەڵکی کوردستانە بێ جیاوازیکردن بەوەی سەر بە چ پارتێکی سیاسییە یا ئایدیۆلۆژیی چییە، بەڵگەش بۆ ئەمە

**پەخشکردنی یەکەمین کەناڵی ئاسمانی (کوردستان تیڤی) بەزمانی زگماکی کوردی پێش پازدە ساڵ لەمەوبەر سنوورە پۆلاینەکانی تێکشکاندوو کەلتوورو پێناسەی نەتەوەیەکی بەجیهانی دەرەوە ناساند**

**هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ئەو وڵاتانەیە کە پێویستییان بە پرۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانەوە هەیە لە بنچینەوە تا دەگاتە لوتکە، لەو حاڵەتەدا ئەرکی داهاتووی کوردستان تیڤی جەخت کردنەوەیە لەسەر بایەخدان بە دامەزراوە حکومییە توانادارەکان لەسەر مانەوەو خودبژێوی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن بە شێوازێکی دیموکراتیانە**

**کوردستان تیڤی توانی لە رێگای بەرنامەکانیەوە میدیایی کوردی لە قۆناغی لۆکاڵی تێپەڕێنێت بەرەو میدیای گلۆباڵ هەنگاوی پێهەڵهێنێت**







**له هەموو ئەو راپرسییانەی لەچەند ساڵی رابردوودا ئەنجامدراوە، كوردستان تیڤی له ریزی پێشەوەی ئەو دەزگایانەدا بووە كە رەچاوی راستگۆیی و پرەنسیپەكانی رۆژنامەگەریی كردووە**

**كوردستان تیڤی دەچێتە ناو چوارگۆشەی یەكەمی ستراتیژی گەشەپێدانی نیشتمانی كوردستان بۆ بەهێز ڕاگرتنی قەوارەی نەتەوەیی كوردی و هەموو نەتەوەو ئاینزاكانی تری لە كوردستاندان..**

**((راگەیاندنی باش راستیەكان بڵاودەكاتەوە دوور لە ناوزڕاندن و لەكەداركردن؛ هەروەها خۆی دوور دەگرێت لە بڵاوكردنەوەی زانیاری چەواشەكاریی)) هەر ئەمەشە وایكردووە بینەر لەگەڵ دەنگ و باسەكان و بەرنامەكانی ئەم كەناڵە بێزار نەبێت و متمانەی لەراستگۆیی زانیارییەكانیەوە لادروست بێت**

بەبەردەوامی لەهەموو بیروبۆچوون و ئاینزاو لایەنێك خەڵكانی بەئەزموون و شارەزا بانگهێشتی بەرنامەكانمان كراوەو دیدیان جیاواز بووەو كاریگەریی لەسەر شرۆڤەی سیاسی و رووداوەكان هەبووە.

عەمار نەجمەدین بێژەرو پێشكەشكار سەبارەت بە رۆڵی بێژەرو پێشكەشكاری بەرنامەكان لەچۆنیەتی ئامادەكردنی هەواڵ و رۆماڵكردنی رووداوەكان و وروژاندنی پرسە گرنگەكانی ناو كۆمەڵگا پێی وا بوو: بەو پێیەی بێژەرو پێشكەشكارەكان رۆڵی گرنگ و راستەوخۆیان لەگەیاندنی راستیەكان و زانیارییەكان هەیەو بێ لایەنن لە وروژاندنی بابەتەكان، هەربۆیە كەناڵی ئاسمانی كوردستان تیڤی بایەخ و گرنگی بەم لایەنە داوە لەم ڕووەوە وتی: كەناڵی ئاسمانی كوردستان تیڤی وەكو قوتابخانەیەك وابووە لە پێگەیاندنی باشترین بێژەرو پێشكەشكارو پەیامنێر كە بەبڕبڕەی پشتی هەموو كەناڵێكی سەركەوتوو دادەنرێن، ئەمە جگە لەوەی راستەوخۆ پێوەندییان بەخەڵكەوە هەیە بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەو گرفتەكانیان. ئەمە لایەنێكی گرنگی ئامانجی كاری رۆژنامەگەرییە كە تەنیا وروژاندنی بابەت و كێشەكان نییە بەڵكو ئەركی گەیاندنی كێشەو گرفتەكانیشە بۆ لایەنی پێوەندار تاوەكو كەناڵەكە لەچوارچێوەی دامەزراوەكانی تری ناو كۆمەڵگە رۆڵیان لەچارەسەركردنی كێشەكان هەبێت و بە هیمەتی هەمووان خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان دابین بكرێت.

## پردێكی بەهێز لەنێوان هاووڵاتی و دەسەڵات

نووسین و راستگۆیی لەگەیاندنی هەواڵ و بابەتەكان بە بنەمای سەركەوتنی هەموو كەناڵێكی ئاسمانی دادەنرێت مستەفا حەمەد ئەمین بەڕێوەبەری نووسین و بێژەر لەكوردستان تیڤی لەمبارەیەوە وتی: ئێمە لەبەشی نووسین هەوڵمانداوە پابەندی رێنماییەكانی كاری رۆژنامەنووسی بكەین و میسداقیەتی راستگۆیی و متمانە لەگەڵ بینەر لەدەست نەدەین، واتا كوردستان تیڤی ئەو پردە بەهێزەیە لەنێوان هاووڵاتی (رای گشتی) بە كۆنتاكتی لەگەڵ دەسەڵات، تەنانەت جیاوازیشمان نەكردووە لەنێوان ناوچەكانی كوردستان و كوردانی هەرچوار پارچەكەو رەوەندی كوردی، ئەوەتا لەتەواویی شارو شارۆچكەكانی كوردستان پەیامنێرمان هەیەو لە وڵاتانی دەوروبەریشمان نووسینگەمان هەیە، لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریكاو ئوسترالیاش پەیامنێری كوردستان تیڤی ڕووماڵی هەواڵەكان دەكەن، بەتایبەتی هەواڵ و بابەتی رەوەندی كوردی.

## گەیاندنی هەواڵی خێرا بەرەچاوكردنی راستگۆیی تەواوەوە

لایەنێكی تری سەركەوتنی كەناڵی ئاسمانی خێراییە لەگەیاندنی هەواڵ، بەرادەیەك ئێستا كەناڵە ئاسمانیەكان رۆڵی گرنگیان لەراكێشانی بینەرو رووماڵكردنی سەرجەم ئەو رووداوانە هەیە كە لەناوخۆی هەرێم و وڵاتانی دەوروبەرو سەرجەم جیهانەوە روودەدات؛ بەڕێوەبەری نووسین لەكەناڵی كوردستان تیڤی لەم رووەوە وتی: لەیەكەمین پەخشی بەرنامەكانی كوردستان تیڤی یەوە هەوڵی گەیاندنی خێرای هەواڵەكانمان داوە، هەربۆیە زۆرترین دەنگ و باسمان هەیەو رووداوەكان بەشێوەیەكی خێرا دەگوازینەوە بەرەچاوكردنی راستگۆیی و پەلەنەكردن لە بڵاوكردنەوەی هەواڵێك كە روون نەبێت، چونكە پاراستنی متمانە كارێكی هەروا ئاسان نییە، هەربۆیە لەگەیاندنی هەواڵدا خێراین، بەڵام پەلەی تێدا ناكەین تا راستگۆیی تەواویی تێدا نەسەلمێنرێت.








**پرۆگرامە سیاسیەکان..**
**سەکۆیەك بۆ تێروانین و بۆچوونە جیاوازەکان**

تازەگەریی و گرنگیدان بەپێشـــکەوتنی پرۆگرام و شێوازی کارکردن بەیەکێـك لەو فاکتەرە گرنگانە دادەنرێت کە هەموو کەناڵێکـــی ئاســـمانی بەبەردەوام هەوڵی بـــۆ دەدەن، چونکە ئەو گۆڕانکارییەی کە بەســـەر سیســـتەمی کۆمەڵایەتی و ئابـــووری و سیاســـیدا دێت، ئەوە دەخوازێـــت لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکاریی بەسەر میدیاشدا بهێنێت و لەناوەرۆکی بەرنامەو پرۆگرامەکانیـــدا رەنگ بداتەوە؛ کوردســـتان تیڤیش لەگەڵ پازدە ســـاڵ لەمەوبەردا دەبێت رەچاوی ئەم واقیعەی کردبێت؛ سەبارەت بە پرۆگرامە سیاسیەکانی کوردستان تیڤی، نەریمان تاڵیب بەڕێوەبەری بەشـــی پرۆگرامە سیاسییەکان لەم رووەوە وتی: بەشـــێك لەو تازەگەرییەی کورســـتان تیڤی دەســـتی پێکردووە دانانی بەشـــی پرۆگرامە سیاسییەکان بووە، چونکە هەواڵ لەو شـــوێنەی بێژەر دەیخوێنێتەوە تەواو دەبێت و دواتر پێویســـتی بەدواداچوون و شـــیکردنەوە هەیە، چ بەشـــێوەی راســـتەوخۆ یا بە دیالۆگ و ریپۆرتـــاژ، تەنانەت لە رووی مێژوویشـــەوە کەناڵی ئاسمانی کوردســـتان تیڤی پێناسەی خۆی لەگـــەڵ بزاڤی رزگاریخوازی کوردســـتان دانەبڕیوەو بەبەردەوامی لەیـــادە مێژووییەکاندا ئامادەیی هەبووەو هەیەو پێوەندی توندوتۆڵیشـــمان لەگەڵ نووسینگەو پەیامنێرەکانی ناو هەرێـــم و دەرەوەو وڵاتانی بیانیدا هەیـــە، چونکە میدیا بەبەردەوام لەوەرچەرخانی گەورەو نوێدایە هەربۆیە ئێمەش زۆر بەپێویســـتمان زانیوە کوردستان تیڤی پلان و دیدی تازەی بۆ ئـــەم قۆناغە هەبێت بەتایبەت لەکاتێکـــدا پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کات رێگر نەبووە لەبەردەم ئازادییەکاندا بگرە رۆڵی لەفراوانکردنی پانتایی ئازادیی میدیایدا هەیە.

**کوردستان تیڤی پلان و دیدی تازەی بۆ ئەم قۆناغە هەیە، بەتایبەت لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کات رێگر نەبووە لەبەردەم ئازادییەکان، بە تایبەتیش هەردەم رۆڵی لە فراوانکردنی پانتایی ئازادیی میدیایی هەبووەو هەیە**



**کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بۆ پێگەیاندنی باشترین بێژەرو پێشکەشکارو پەیامنێری سەتەلایت کە بە بڕبڕەی پشتی هەموو کەناڵێکی سەرکەوتووانە دادەنرێن، وەکو قوتابخانەیەک وابووە..**



**پاراستنی متمانە کارێکی هەروا ئاسان نییە، هەربۆیە کوردستان تیڤی لەگەیاندنی هەواڵدا خێرایە؛ بەڵام پەلەی تێدا ناکات تا راستگۆیی تەواوی تێدا نەسەلمێنرێت**



ئاینده‌ی هێز • له بلاوكراوه‌كانی گۆڤاری گوڵان

هزری بونیاتنان



***The Thought of Bulding***

First Book

Gulan Magazine Publication



# *The Future of Power*

گوڵان

بەمزوانە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران

هزری بونیاتنان

کتێبی (١)

لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان





ئایندەی هێز




### لاشەیەکی داگیرکراو یان ئەکتەرێکی ئازاد

# ژن وەک ئەکتەر نەک قوربانی

## ژنی پیەر بۆردیۆ، ژنی ئالان تورێن، ژنی کوردستانی

٣



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

لـــە کۆمەڵگەی نوێدا هەموو شـــتێك دەمانبات بەرەو ڕاکردن لە خۆمان، ڕاکردن بەدوای هەموو ئەو شتانەی دیکەدا کە بۆمان پێشنیاردەکەن، هەموو ئەو شتانەی کە وەك پاتری «من»ی ئێمە بەردەوام شەحن دەکەنەوە. لـــەم کۆمەڵگەیەدا «مـــن»ی ئێمـــەکان وەك خۆر ئاوادەبێت، وەك مانـــگ دەگیرێت، چونکە فڕێدراوەتە نێو جیهانێکەوە کە سنوری نییە و هەموو ئاماژەکان، زمانەکان، کەلتورەکان، ترادیســـیۆنەکان، فاکتەکان، لە هەر چوار لاوە پەلاماری دەدەن. لەم کۆمەڵگەیەدا، نەك هـــەر گرووپەکان، بەڵکـــو تاکەکانیش دەدڕێن، دابەشـــدەبن، ورد دەکرێنەوە، لەتوپـــەت دەبن و هەموو کۆنترۆڵێك لەسەر خودی خۆیان لەدەست دەدەن.



**لە فیکری ئالان تورێندا، تەواو بەپێچەوانەی پیەر بۆردیۆوە، کەسی تاک دەبێت بە ناوەڕۆکی خۆی، بە بناغەی خۆی، بە دەوڵەت و نیشتمانی خۆی، بە شەرعیەتی بوون و هەبوونی خۆی، شەرعیەت بەوەی کە مافی هەیە وەک کەسێکی خاوەن ماف بژی**

**ئالان تورێن باس لە مەسیحێک بە خاچەوە، شۆڕشگێڕێک بە پەتی سێدارەوە دەکات کە ملکەچ ناکات و نایەوێت لاشەی لەلایەن ئەوانی دیکەوە کۆنترۆڵ بکرێت، بەپێچەوانەوە، لە پێناوی «کەرامەتی» خودی خۆیدا گیانی خۆی دەبەخشێت**

کەم نین ئەو کەس و گرووپ و لایەنانەی کە بە توندی دژایەتی ئەم تیۆریەی ئالان تورێن دەکەن و وەك پرۆژەیەکی "ڕیفۆرمیست" وێنای دەکەن و لە بری ئەم تێزە تورێنیە بانگەشە بۆ شۆڕش و لەڕیشەهەڵکێشانی ڕادیاکاڵ دەکەن، بێئاگان لەوەی کە لەو جێگایانەدا کە شۆڕش کراوە، زۆرجار ئەوەی کە هاتووە گەلێك خراپتر بووە لەوەی کە پێشتر هەبووە. تورێن پێمان دەڵێت کە ئەم کەسانە بەهەڵەدا چوون، چونکە پرسیاری ئێمە لێرەدا نە شۆڕشەو نە ریفۆرم، بەڵکو قسەکردنە لە ژنێکی نوێ کە چیدی خۆی وەك قوربانی ناخاتە سەر شانۆ، بەڵکو وەك مرۆڤی ئیجابی و خود سەلمێنەر.

ئالان تورێن نایەوێت بێدەنگ بێت لە ئاست ئەو"ئۆپۆزیسیۆن"ەی کە لەنێوان "فەزحکردنی گشتی دەسەڵاتی نێرینە" و سەلماندنی وشیاریی مێینەدا هەیە. ئەو دەیەوێت ڕووناکی بخاتە سەر ئەو هەرێمە گەورەیەی کە لەم ئۆپۆزیسیۆنە دروست بووە. ئەو ژنەی کە تورێن باسی دەکات دەکەوێتە زەمەنێکەوە کە ئەو بە"پۆست فیمینیست"ی ناودەبات. واتە ژنی پۆست فیمینیست لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە فیمینیستەکان تەواودەبن، بەو مانایەی کە ئەم ژنە خاوەنی هەموو ئەو دەسکەوتانەیە کە فیمینیستەکان بەدەستیان هێناوە، بەڵام دواتر بەرەو ڕووبەری دیکە مل دەنێت و ململانێکەی لەو دەربەندەدا کۆتایی پێنایەت.

کاتێك کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك خۆیان لەڕێگای تواناییەکانیانەوە، لەڕێگای خواستەکانیان بۆ گۆڕانەوە خودی خۆیان پێناسەدەکەن نەك لەڕێگای پارێزگاریکردن لە سیستەمی ئامادە، ئیدی ئەم ئەندامانە ناتوانن باس لە پارێزگاریکردن لە"ئینتیما"بکەن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی نوێ لەدایک دەبێت. لێرەوە لە فیکری ئالان تورێندا، تەواو بەپێچەوانەی پیەر بۆردیۆوە، کەسی تاك دەبێت بە ناوەڕۆکی خۆی، بە بناغەی خۆی، بە دەوڵەت و نیشتمانی خۆی، بە شەرعیەتی بوون و هەبوونی خۆی، شەرعیەت بەوەی کە مافی هەیە وەك کەسێکی خاوەن ماف بژی.

بەم شێوەیە چەمکی"خود" ڕاستەوخۆ دەلکێت بە چەمکی "ماف"ەوە کەڕاستەوخۆ دەلکێت بە چەمکی "دیمۆکراسی"ەوە. دیمۆکراسی بەو مانایەی کە حکومەتی یاسادار لەخزمەتی مافەکانی هاووڵاتیاندایە. ئەم سێ چەمکە، کە بازنەیەک پێکەوە دروستدەکەن، سەدو هەشتا پلە دژ بە بازنەیەکی دیکەن کە لە سێ چەمکی "هەژموون" و "بەرژەوەند" و "شۆڕش" پێکهاتووە. دیمۆکراسی کاتێك لەدایک دەبێت کە لە چوارچێوەی یاسادا تاکەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن بەرگری لە مافەکانیان بکەن. بەڵام کائینی خاوەن ماف بەرهەمی دیموکراسی نییە، بەڵکو مەرجی لەدایکبوونی دیموکراسیە.

...

ڕاستە تائێستاش ژنان لەنێو جیهانێکدا دەجووڵێنەوە کە پیاوان بۆیان دروست کردون، جیهانێك کە هەلومەرجی جەندەر ئامادە دەکات، جەندەرێك کە فێری دەستەمۆبوون

**پرسیاری ئێمە لێرەدا نە شۆڕشە نە ریفۆرم، بەڵکو قسەکردنە لە ژنێکی نوێ کە چیدی خۆی وەک قوربانی ناخاتە سەر شانۆ، بەڵکو وەک مرۆڤی ئیجابی و خود سەلمێنەر**

**ئالان تورێن باس لەژن وەک بەرهەڵستکار دەکات. ژنێک کە دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەم هەلومەرجە ببێتەوە و خۆی نەدات بەدەستەوە. ژنێک کە دەیەوێت کۆنترۆڵی «من»ی خۆی لەدەست نەدات و بەردەوام لەنێو پرۆسێسی خودبیناکردندابێت. ژنێک کە نایەوێت لەتوپەت ببێت و لەژێرکارایيە جیاوازەکاندا وەک کاغەز بدڕێت**

**ئەوەی لێرەدا گرنگە گۆڕینی وێنەی ئەوان لە نێگەتیڤەوە بۆ پۆزێتیڤ، لە خراپەوە بۆ باش نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە پەرینەوەی ئەوانە لە وشیاری ژنبوون وەک «کەرەسە»وە بۆ وشیاری ژنبوون وەک «خود»**

و ماڵیکردنـــی کردن. بـــەڵام لەهەمان کاتدا لای هەمان ژنان وشـــیاری بە ماڵیبوون و دەســـتەمۆبوون دروســـت بووە. وشـــیاریەك کە فێری ئەوەیـــان دەكات کە چۆن لە دەســـتەمۆبوون و ماڵیبوون بڕۆنـــەدەرەوە و چۆن خۆیان بۆ خۆیان بینابکـــەن و لەپێناوی خۆیاندا بژیـــن. لێرەوە ژن بوون بـــۆ خود دەبێت بە کردەی پەڕینـــەوە لە زۆنەکانی "بیناکردنی ژن بۆ ئەویتر" بۆ زۆنەکانی "بیناکردنی ژن بۆ خود"، دەبێت بە پەڕینەوە لە ژنبوون لەپێناوی ئەوانی دیکەدا بۆ نێو دنیای ژنبوون لە پێناوی خوددا.

بەڵێ ژنان کائینی بیناکراون لەدەوری سێکس. بەڵێ ژنان ئەو مێینانەن کە پیاوان خشـــت بەخشت بینایان کردوون، بـــەڵام لەهەمان کاتدا، هەمان ئەم ژنانە دەخوازن کە یەك بە یەکی ئەو خشتانە هەڵبوەشـــێننەوە و بەدەستی خۆیان خودی خۆیان بینا بکەنەوە. لێرەوە ژنانی پۆست فیمینیزم لە گەڕانێکی بەردەوامدان بەدوای هەموو ئەو شـــتانەی کە فڕێیان دەداتە چوارچێوەی دێتێرمینیزمەوە، بۆئەوەی بتوانـــن لێیان دەربازببن. لێرەوە خۆیان بۆ ئاســـتی خۆیان بەرزدەکەنەوە و لە بینینەکانی خۆیانەوە جیهانی دەوروبەریان هەڵدەســـەنگێنن و پێگەی خودی خۆیان لۆکالیزە دەکەن، پێگەیەك کە پیاوان بۆ ئەویان دروســـت کردووە و دەخوازن کە هەمیشە دەستی پێوەبگرێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە گۆڕینی وێنەی ئەوان لە نێگەتیڤەوە بۆ پۆزێتیڤ، لە خراپەوە بۆ باش نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە پەڕینەوەی ئەوانە لە وشیاری ژنبوون وەك "کەرەسە"وە بۆ وشـــیاری ژنبوون وەك "خود". بیناکردنی خود بریتیە لە گوزارشتکردن لە ئەکتەرێك کە دژ بە "ئیغتیراب"ی خۆی ململانێ دەكات، دژ بە "ئیستیغلال"کردنی لەلایەن کردەی بە بازاڕی کردنیەوە ململانێ دەكات. ئەم ئەکتەرە چەند دژ بە ترادیســـیۆنی دەستەمۆکردن هاواردەكات، هێندەش دژ بە کۆیلەکردنی بەناوی ئازادییەوە ڕادەپەڕێت.

بەڵام لێرەدا دەبێت شتەکانمان لێ تێکەڵ نەبێت! ئەو خودەی کە تورێن باسی دەكات بریتی نییە لەو "تاکگەراییەی" کە مرۆڤ وەردەگێڕێتە ســـەر زیندانی خودی خۆی ولە جیهانی دادەبڕێـــت. بەڵکو بریتیە لە "تاکگەراییەك" کە ئازادانە دەیخاتـــە پێوەندییەوە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا و بە ئازادانەش ئینتیماکانی دەست نیشاندەكات.

لـــە کۆمەڵگەی نوێـــدا هەمو شـــتێك دەمانبات بەرەو ڕاکردن لە خۆمان، ڕاکردن بەدوای هەموو ئەو شـــتانەی دیکەدا کە بۆمان پێشـــنیاردەکەن، هەموو ئەو شـــتانەی کە وەك پاتری "من"ی ئێمە بەردەوام شـــەحن دەکەنەوە. لـــەم کۆمەڵگەیەدا "من"ی ئێمەکان وەك خۆر ئاوادەبێت، وەك مانگ دەگیرێت، چونکە فڕێدراوەتە نێو جیهانێکەوە کە ســـنوری نییـــە و هەمـــو ئامـــاژەکان، زمانەکان، کەلتوورەکان، ترادیسیۆنەکان، فاکتەکان، لە هەرچوارلاوە پەلاماری دەدەن. لەم کۆمەڵگەیەدا، نەك هەر گرووپەکان، بەڵکـــو تاکەکانیش دەدڕێن، دابەش دەبن، ورد دەکرێنەوە، لەتوپەت دەبن و هەموو کۆنترۆڵێك لەســـەر خودی خۆیان لەدەستدەدەن.

لەجیهانێکـــی ئاوادایـــە کە ئالان تورێن بـــاس لەژن وەك بەرهەڵســـتکار دەكات. ژنێك کـــە دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەم هەلومەرجە ببێتەوە و خۆی نەدات بەدەســـتەوە. ژنێك کـــە دەیەوێت کۆنترۆڵی "من"ی خۆی لەدەســـت نەدات و بەردەوام لەنێو پرۆسێســـی خودبیناکردندابێت. ژنێك کە نایەوێت لەتوپـــەت ببێت و لەژێرکارایيە جیاوازەکاندا وەك کاغەز بدڕێت.

لای تورێن بناغەی "بەرەنگاری ژنان" بە کۆنترۆڵکردنی هەمو ئەو دەســـەڵاتانە دەســـت پێدەكات کە مومارەسەی خۆیان لەسەر لاشـــەی دەکەن. واتە ژن دەبێت بە خاوەنی ســـەرەتا و کۆتایی لاشەی خۆی. لاشەی ژن دەبێت بە و موختەبەرە گەورەیەی کە پرۆسێسی بیناکردنی "من"ی خودی ژنی تیادا دەســـت پێدەكات. بەبێ کۆنترۆڵکردنی دەســـەڵاتی هەژموندار بەســـەر لاشـــەیەوە، هەرگیز ژن ناتوانێت بانگەشەی بیناکردنی خودی خۆی بکات.

یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئەو نیشتمانەش کە پێی دەوترێت "لاشـــە" بریتیە لە سێکس. چرکەساتی سێکسی مێینـــە لەگەڵ نێرینـــەدا، دەتوانرێت وەربگێڕدرێتە ســـەر هەســـتێکی بەهێز، نەك بە ئارەزووی سێکسی، بەڵکو بە بیناکردنی "من"ی خود لەلایەن ژنەوە. لەم چرکەساتەدا، ژنێك کە تادوێنێیەکی نزیك کەرەسەبوو، دەبێت بە ئەکتەر و ئەزموونی لاشـــەی خۆی و هەستەکانی، بەو شێوەیەی کە خۆی دەخوازێت دەستەمۆدەكات.

گومانی تیادانییە کە بەشێك لە ڕووبەری لاشەی ژن لەلایەن هاوکێشـــەی جەندەرەوە بیناکراوە و پرســـە کۆمەڵایەتی، سیاســـی، ئابووری، ئەخلاقی و ئاینیەکان دەســـتیان لەم بیناکردنـــەدا هەیـــە. بەڵام ئەمە کۆی شـــانۆگەریەکە نییە، چونکە بەشە هەرە زۆرەکەی پەیوەندی بە وشیاری ژن بە لاشـــەی خۆیەوە هەیە. لەم وشـــیاریەدا ژن خاوەنی ڕوانینێکی تاقانەیە لەسەر لاشەی خۆی، لەسەر وەزیفەی ئەندامەکانی لاشەی خۆی و تێدەکۆشێت لەپێناوی ئەوەی کە بە ئاڕاســـتەی بیناکردنی "مـــن"ی خۆیدا بیبات. واتـــە دوور لە کارایيە کۆمەڵایەتی، سیاســـی، ئابوری، ئەخلاقی و ئاینیەکان، لاشەی خۆی بۆخۆی و لەپێناوی خۆیدا دروســـت دەكات. ئالان تورێن باس لە مەســـیحێك بە خاچەوە، شۆڕشـــگێڕێك بە پەتی سێدارەوە دەكات کە ملکەچ ناكات و نایەوێت لاشەی لەلایەن ئەوانی دیکەوە کۆنترۆڵ بکرێـــت، بەپێچەوانەوە، لەپێناوی "کەرامەتی" خودی خۆیدا گیانی خۆی دەبەخشێت. ئەمە ئەو ئەکتەرە ئازادەیە کە تورێن دەیخاتە سەر شانۆ.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

# بەهای ژیان لەنامەکەی گابریێل گارسیا مارکیزدا*

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە
عەبدولڕەحمان سدیق

*(گابریێل گارسیا مارکێز) ڕۆماننووسێکی بەناوبانگی (کۆلۆمبیا)یە، کەئێستا نەخۆشەو، پزیشکەکانیش نائومێدیان کردووە لەچاکبوونەوە، بەماوەیەکی کەم پێش توندبوونی نەخۆشییەکەی ئەم نامەیەی نووسیوە.

(ئەگەر خودا ژیانێکی دیکەم پێببەخشێت، بەهەموو هێز و توانامەوە هەر هەموویم پڕ لەبەرهەم دەکرد.

ئەگەر خودا ژیانێکی دیکەم پێببەخشێت.. لەوانەیە ئەمجارە هەموو ئەو شتانە نەڵێم کەبیریان لێدەکەمەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر بیر دەکەمەوە لەگشت ئەو وتانەی کە دەیانڵێم.

بەها بۆ هەموو شتە جوانەکان دادەنێم، نەتەنها لەبەر ئەوەی کەمەن، بەڵکو لەبەر ئەو مانایانەی کە هەیانە.

ئەگەر خودا ژیانێکی دیکەم پێببەخشێت.. زۆر کەم دەنووستم و خەونی زۆرم دەبینی، بەئاگا لەوەی کەهەر خولەکێك چاوی تێدا دادەخەین، بێبەش دەبین لەبینینی شەست چرکە لە ڕووناکیی.

ئەگەر خودا ژیانێکی دیکەم پێببەخشێت.. هەر ڕێ دەکەم لەکاتێکدا ئەوانی دی دەوەستن، بەئاگا دەبم لەکاتێکدا ئەوانی دی دەخەون، گوێ دەگرم لەکاتێکدا ئەوانی دی قسە دەکەن.

ئەگەر خودا ژیانێکی دیکەم پێببەخشێت.. بەرگێکی زۆر ساکار دەپۆشم و، ڕووم دەدەمە بەر هەتاو، لەسەر زەوی ڕادەکشێم نەتەنها بەجەستەم، بەڵکو بەجەستەو ڕۆحم.

نەمدەهێشت دڵم گەرد بگرێت و، ڕق و قینەکانم لەسەر بەفر دەنووسییەوەو، چاوەڕێی هەتاوم دەکرد بۆ تواندنەوەیان و، لەسەر ئەستێرەکانیش خەونەکانی (ڤان کۆخ)م نەخش دەکرد.

ئەگەر خودا ژیانێکی دیکەم پێببەخشێت.. بۆ خەڵکیی دەسەلمێنم کەئەوان چەند هەڵەن کاتێك وادەزانن لەبەر ئەوەی پیر بوون ئیدی ناتوانن خۆشەویست بن، بێئاگا لەوەی کە ئەوان ئەوسا پیر دەبن کەلە خۆشویستن ڕادەوەستن.

ئەگەر خودا ژیانێکی دیکەم پێببەخشێت.. باڵ بەمناڵەکان دەبەخشم، بەڵام لێیان دەگەڕێم خۆیان فێری فڕین بن.

بەپیران دەڵێم ئەوە پیریی نییە کە مەرگ دەهێنێت، بەڵکو ئەوە لەبیرچوونەوەو لەبیرکردنە کەدەستی مەرگ دەگرێت و دەیهێنێت.

ئەگەر خودا ژیانێکی دیکەم پێببەخشێت.. بەمرۆڤەکان دەڵێم من لەئێوە زۆر شت فێر بووم، زانیم کەهەمووان دەیانەوێت لەسەر لوتکەی چیاکەدا بمێننەوە، بێئاگا لەوەی کە نهێنی کامەرانیی وا لەبەردەوام سەرکەوتن بەچیاکاندا، نەك مانەوە لەلوتکەی چیاکەدا.

تێگەیشتم کە ساوای تازە لەدایکبوو کاتێك بەتوندی پەنجەی باوکی دەگوشێت بۆ یەکەمجار، دەیەوێت بڵێت تەواو. ئیدی بۆ هەتا هەتایە ژیانم گرت.

تێگەیشتم کە مرۆڤ تەنها لەحاڵەتێکدا بۆی هەیە لەبڵندییەوە بڕوانێتە ئەوی دی، کاتێك دەیەوێت یارمەتیی بدات بۆ سەرخستن یان بۆ هەڵساندنەوەی، بۆ ئەوەی لەسەر پێ بووەستێت.

بەمرۆڤەکان دەڵێم: لە ئێوە زۆر شت فێر بووم بەڵام سوود لەکەمیان دەبینم، چونکە کات زۆر درەنگە، کاتێکیش دەیاننووسمەوەو دەیانخەمە نێو جانتاکەمەوە، لەوانەیە ماڵئاواییم لە ژیان کردبێت.

من پێتان دەڵێم: هەمیشە ئەوەی لەناختاندا هەستی پێدەکەن. بیڵێن، ئەوەش کەبیری لێدەکەنەوە بیکەن.

تۆش ئەی هاوسەری ئازیزم
ئەی ئەو کەسەی خۆشم ویستیی و خۆشم دەوێی:
ئەگەر بمزانیبا ئەمە دواجارە بەنووستوویی دەتبینم، بەتووندی لەئامێزم دەگرتیی و، لەخوا داوا دەکرد بمکاتە پاسەوانی ڕۆحی تۆ.
ئەگەر بمزانیبا ئەمە دوا ساتێکە کەتیایدا دەتبینم. پێمەگوتی: خۆشم دەوێی.
تۆ. ئەی ئەو کەسەی خۆشم ویستیی و خۆشم دەوێی
هێشتا سبەی لەرێیە کە بێت. ژیانیش هەلی دیکەمان دەداتێ بۆ ئەوەی هەرچی باشترە ئەوە بکەین. بەڵام ئەگەر هەڵەم بەرامبەرت کردبێت و، ئەمڕۆش دوا ڕۆژم بێت کە تیایدا دەژییم، حەز دەکەم بڵێم: چەندم خۆش دەوێی. حەز دەکەم بڵێم: هەرگیز لەبیرم ناچیت.

بەئێوەش دەڵێم: سبەی بۆ کەس زامن نییە. نە بۆ پیر نە بۆ لاو. بۆ تۆش. لەوانەیە ئەمڕۆ دواجار بێت کە هەلی بینینی گشت ئەوانەت هەیە کە خۆشت دەوێن. چیت هەیە ئەمڕۆ بیڵێ. ڕۆژێك دادێت خەم بۆ ئەوانە دەخۆیت کەکاتێکت نەبوو بۆیان تیایدا گوزارشتێکی ناسکیان بۆ دەربڕیت وەك: لێت تێدەگەم. یان بمبوورە. یان بەیارمەتیت. یان سوپاس. یان هەر وشەیەکی دیکەی خۆشەویستیی کەدەیانزانیت.

ئەوەش بزانە کە کەس ناتناسێت و، لەبیری کەسیشدا نامێنیتەوە لەبەر ئەو شتانەی کەلەبیر و ناختدا حەشارت داون، بەڵکو بەو وشانە دەناسرێیتەوە کە گوزارشتت لێکردوون و دەرتبڕیون.

جا بۆ هاوڕێ و خۆشەویستانت بسەلمێنە کە ئەوان چەند گرنگن لەلای تۆ..)

